# ماموٚستای کورد



١٦

زستانی ١٩٩٣

# مامۆستای کورد

## ژماره ١٦ ، زستانی ١٩٩٣

## سەرنووسەر : فەرهاد شاكەلی



Address : ناونیشان

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden



ژمارەی پۆستگیرۆ ( حیسابی پۆست)
Postal Giro No. / Postgironr 43 55 59 - 0

# ناوەڕۆک



| | |
|---|---|
| هونەرمەند هۆشیار سەعید | ٣ |
| یەک دوو وێنە لە شیعر و فەلسەفەی بەرزی خانی : تۆفیق وەهبی | ٤ |
| جینزانی و بۆماوەزانی : د. دلاوەر عەلائوددین | ٧ |
| ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور... | ١٦ |
| بانگم دەکەن (چیرۆک) : جەلال مەلەکشا | ١٨ |
| ئازادی (شیعر) : شیرین بۆزئەرسلان | ٢٠ |
| گەشتی سنوور ( شیعر ) : عەبدوڵڵا قەرەداغی | ٢١ |
| ئۆنتۆلۆژیی زات ( لێکۆڵینەوە ) : محەمەد کەمال | ٢٥ |
| شیعرێکی نامۆ (شیعر) : هەمزە عەلی ساڵح | ٣٤ |
| نیزامیی گەنجەوی ( لێکۆڵینەوە) : ئەحمەدی شەریفی | ٣٥ |
| دیوانی شێخ ڕەزا | ٤٢ |
| ڕانانی کتێبان : کۆچەر | ٤٤ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ٤٥ |
| وەرامی دۆستان | ٤٨ |
| ناونیشانی دەزگاکانی فەرهەنگی کوردی | ٤٩ |
| نیشانەیەک بۆ مامۆستای کورد | ٥٠ |
| کڵاو ( نامەیەک ) : مینە | ٥١ |
| بنەڕەتەکانی بیری کوردایەتی ( لێکۆڵینەوە ) : فەرهاد شاکەلی | ٥٤ |
| تە پرسیارەک ژ خوە دکر ( شیعر ) : یاوەر | ٧٢ |
| زریکەیەک لە قورگی شەودا ( چیرۆک ) : عەتا نەهایی | ٧٤ |


ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ : ئاسۆ گەرمیانی

تابلۆکانی ئەم ژمارەیە : هونەرمەند هۆشیار سەعید

# هۆشیار سەعید

◇ ساڵی ١٩٧٢ لە سلێمانی لەدایک بووە. ◇ ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن ڕێژیمی عێراقەوە گیراوە و بە بیست ساڵ حوکم دراوە و ساڵیَ ١٩٩٢ ئازاد بووە. ◇ تا ئێستا کۆمەڵێ پێشانگەی کردۆتەوە، گرنگەکانیان ئەمانەن : ١٩٨٨ - پێشانگەی تایبەتی لە هۆڵی موزەی سلێمانی، ١٩٩٢ - چەند پێشانگەیەک لە شارە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، ١٩٩٢ - پێشانگەی تایبەتی لە سووریا. ◇ تابلۆکانی ئەم ژمارەیە لە زیندانی ئەبو غرێب (أبو غريب) کێشراون کاتێ کە هۆشیاری هونەرمەند لەوێ زیندانی بووە.



تۆمـار

# یەک دوو وێنە لە شیعر و فەلسەفەی بەرزی ئەحمەدی خانی

به قەڵەمی تۆفیق وەهبی

## -١-
## کوشتنی بەکر مەرگەوەڕ

کە دەنگی مردنی مەم لە بەندیخانەدا، بڵاو بووەوە، فەریاد و فوغان لە شاری بۆتان هەڵسا، گەورە و بچووک، کەنیشک و ڕەواڵ (١)، کەس نەما لە شارا، گشت چوون بۆ سەر تەرمەکەی (٢) مەم. لەو کاتەدا لە سەرەڕێیێکا تاجدین و بەکر مەرگەوەڕ تووشی یەکتر ئەبن، تاجدین تێی خوڕی :

گۆ ئەی سەبەبێ فەسادێ عالەم
شەیتان سیفەتێ ل شکلێ ئادەم
ئەی باعیسێ فیتنەوو فەسادان،
وەی مانعی مەقسەد و موورادان،
ئەی پەردە درێ مەمێ و زینێ،
وەی داغ کەشێ ل سەر برینێ،
ئیبلیسێ خەبیسێ پڕ نەدامەت،
بەس نینە؟! ل من تە کر قیامەت!!
دەرحەققێ مەمی سەقەت خەبەردا،
حەتتاکو ل من تە مەم ب دەردا،
ئەڤ چەندە مونافیق و نەیاری،
هێژا تو ب چاڤێ من دیاری ؟
مەم دێ بمرت، تو دێ بمینی ؟
هێژ خوەش بگەڕی ل روو زەمینی؟!
وە دەسبەجێ ئەیکوژێ. تاجدین لەوێوە چوو بۆ سەر مەم، وە تەرمەکەی بە هاوار و گریانەوە خستە سەر سەری خۆی.

مرۆڤی شار کە گەیشتە گۆڕستان چاویان بە مردووێک کەوت لە ناو دوو دارا:(٣)

هاڤێتنە عەردێ شوبهێ مردار،
بێ نووحە گەر و خودان و غەمخوار
پرسین : عەجەب ئەڤ چ بێ نەوایە؟
گۆتن : بەکرێ خودان جەزایە،
تاجدین ژ ڕوویێ دنێ فەنا کر
عالەم ب فەنایێیا وی شا کر.

شاعیر لێرەدا بە زمانی زینەوە فەلسەفەیێکی بەرز ئەبێژێ :

راوی وەهە گۆتە من ریوایەت :
زینێ کو بهیستی ئەڤ حیکایەت
ئەڤ رەنگەهە گۆتە میرو تاجدین :
ئەی شاهـ و وەزیرێ عیززو تەمکین،
ئەز هێڤی دکم نەکن عینادێ
دەر حەققێ وی مەنبەعێ فەسادێ
لەورا کو خودانێ ئینس و جانان
وی خالقێ ئەرز و ئاسمانان
رۆژا ئەوی حوببێ دا حەبیبان
هەنگی ئەوی بوغزێ دا رەقیبان
مەوجوود کرن دەما ژ مەعدووم،
ئەم پێکڤە د لازمین و مەلزووم،

ئەم سۆرگولن، ئەو ژبۆ مە خارە
ئەم گەنجن و ئەو ژ بۆ مە مارە
گول حیفز دبن ب نووکی خاران
گەنجینە خودان دبن ب ماران،
ژەووەل ئەگەرچی وی جەفا کر،
ئاخر ب مەرا ئەوی وەفا کر،
زاهیر وی ئەگەر موخالەفەت کر،
باتین ب مەرا موافەقەت کر،
گەر ئەو نەبووا دنێڤ مە حائیل
عەشقا مە دبوو بەتال وَ زائیل،
وی گەرچی ژ بۆ خوەرا خراب کر
دەر حەققێ مە وی قەوی صەواب کر
ئەو بوو سەبەبێ حەقیقەتا مە،
داخیل گەرییا تەریقەتا مە
ئەو ژی د رێیا مەدا شەهیدە
تەحقیق بکن کو ئەو سەعیدە

ئەڤ بارید و حاڕ و رەتب و یابیس
ئەڤ میر و گەدا، غەنی و بائیس
ئەڤ ئاخ و هەوا وئاگر وَ ئاڤ
ئەڤ لەیل و نەهار سەهـ و سەتاڤ
ئەڤ هیجر و ویسال وشاهی و غەم
ئەڤ مەوت و حەیات و سوور و ماتەم
هن نوور میسال و هن وەکی نار
هندەک د حەلیم و هن د دژوار
ڤان سادیق و راست و خێرخواهن
ڤان قەمسی و خوار و روو سیاهن
ڤان ئەهلێ جەهەننەم و عەزابان
ڤان لایقێ جەننەت و سەوابان
نابینی کو پێکڤە جوملە ضیدن؟
حیکمەت چییە، بۆچی پێکڤە نیدن؟
لەورا کو نەبت ئەگەر تەخالوف
تەمییز مەحالە، هەم تەعاروف.

ئەحمەدی خانی دەرکەوتنی چاکی بەستراو ئەبینێ بە بوونی خراپییەوە. شاعیری گەورە لە پێشا لە جێیێکی تریشی مەم و زیندا ئەم فەلسەفەیە روونتر پێشان ئەدا، ئەوەی سەرەوەم بۆیە پێش خست، چونکە کەوتۆتە ناو بەشی دڵچووزێنی چیرۆکەکەوە، لەم جێیەی تردا وەها ئەڵێ :

گاڤا ژ عەدەم خودێ کر ئیجاد
ئەڤ کەون و مەکان ژ نووڤە بنیاد،
مەجمووعێ موکەووەناتێ عالەم،
حەتتا ڤە خولاصە نەوعێ ئادەم
ئەشیا ب حەسەب سیفات و ئەفعال،
ئینانە وجوودێ موختەلیف حال
مەوجوود کرن ب هەڤ موعەییەن،
ئەزداد کرن ب زد موبەییەن
ئەڤ ئەرز و سەما بەطیئو دائیر
ئەو مولک و مەلەک، موقیم و سائیر
ئەڤ نوور و ظەلام و کوفر و ئیمان
ئەڤ خولد و سەقەر، بەهەشت و نیران

لەم شیعرانە ئەوە تێ ئەگەین کە خواوەند دوو باری لە یەکا پێچەوانەی پێکەوە خەلق کردووە و کردوونی بە هاوڕێی یەکتر، تاکو بە یارییەی یەکترەوە هەردووکیان دەر بکەون، بە وشەی تر، واتا، خواوەند دوو باری پێچەوانەی خەلق کردووە پێکەوە و لە تەک یەکا خستوونیەتە کار بۆ هەڵسووڕانی گێتی. ئەم فەلسەفەیەی ئەحمەدی خانی، فەلسەفەی بنچینەیی زەردەشت ئەهێنێتە یاد کە لە سەر هاوکاریی دوو ڕەوان (روح) دامەزراوە کە پێچەوانەی یەکترن : یەکێکیان ڕەوانی چاک، ئەوی تریان ڕەوانی خراپ. (٤)

– ٢ –

ئەمەش چەند شیعرێکی دوایی موناجاتەکەیەتی لە مەم و زیندا :

ئیبلیسێ فەقیرێ بێجینایەت
هەندی تە هەبوو دگەل عینایەت،
هەر رۆژێ دکر هەزار تاعەت
لەورا کو تە دا وی ئیستیتاعەت،

وی سەجدە نەکر ل غەیریٚ مەعبوود
گێرا تە ژ بەر دەریٚ خوە مەردوود
یەک سەجدە نەبر ل پێشیٚ ئەغیار
قەهرا تە کرە موخەللەدوننار

ئەم لێکدانەوەیەی ئەحمەدی خانی هی فەرمان نەبەرییەکەی شەیتان، لە ڕایەکانی سۆفییە گەورەکانی سەدەی پێنج و شەشی هیجری ئەچیٚ کە لە بەغدا بڵاویان کردۆتەوە. بە وێنە، ئەحمەد بینی موحەممەدی غەزالی لە بەغدا وتوویە کە، « ئیبلیس گەورەی یەک خواکانە (موحدەکان) هەر کەسیٚ یەک خوایی (توحید) لە ئیبلیسەوە فێر نەبووبیٚ، زەندیقە، ئیبلیس فەرمانی پیٚ درا کە سەجدە بباتە بەر بێجگە لە گەورەی خۆی، نەیکرد».

ئەحمەدی غەزالی و هاوسەدەکانی (معاصرەکانی) بەم چەشنە ڕایانەوە ویستوویانە هێز بدەن بە بڕوای یەک خوایی، وە خواستیان ئەوە بووە کە پیاو ئەگەر لەسەر بڕوای یەکخوایی، هەتا وەکو شەیتانیش تووشی مەلعوونی بیٚ، نابیٚ بیری خۆی بگۆڕیٚ. بەڵام خواستی ئەحمەدی خانی پشتیوانیی ڕای ئەحمەد غەزالی نەبووە. خواستی ئەحمەدی خانی پێشاندانی پەی نەبردنی مرۆڤە بە حیکمەتی خواوەند وە پشتیوانیی نووسینەکانی ئەهلی عیرفان ئەکا کە لە بارەی خواوە وتوویانە : **وما عرفناک حق معرفتک**، وە ئەمە لەم شیعرانەی ماوەی موناجاتەکەیدا دەر ئەخا :

ئەلقیسسە ژ حیکمەتا تە ئاگاهـ
فەردەک مە نەدی تەبارەکەڵڵاهـ،
عیرفان تەلەبیٚ د ساحێب ئیدراک
دەر حەققیٚ تە گۆتی «ما عرفناک».

ئینجا بەم شیعرەی خوارەوە فەلسەفەی خۆی ئاشکرا ئەکات کە بریتییە لە گومان :
خانی ب نەزانییا خوە دەر حەق
گومڕاهـ بیت نە دووره ئەلحەق

لە پاشا ئەگەڕێتەوە سەر سۆفیەتییەکەی خۆی، کە ئەیەویٚ بگاتە پایەی ـ العارف الرباني ـ :
ئیللا کو مەگەر موعین خودا بت
یا ڕاهبەریٚ وی موستەفا بت
یا ڕەب تو ب حەققیٚ موستەفا کی
خانی ب خوەڕا تو ئاشنا کی.

(١) ڕەوال : لاوی هەرزەکار
(٢) تەرم : جەنازە
(٣) دارەمەیت
(٤) بۆ پتر زانیاری لە بارەی فەلسەفەی زەردەشتەوە (دینی جارانی کورد) ببینە : ( وتاری هەشتەم، تۆفیق وەهبی، گەلاوێژ، تەشرینی ١٩٤٠ ).

گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)
ژمارە : ٢ ، لاپەڕە : ٢٨ ، ساڵی ١٩٤٣، بەغدا.

# جینزانی و بۆماوەزانی (زانستی جینەکان)

GENETICS

## مۆلیکیولەکانی ژیان و بەردی بناغەی ئادەمیزاد

دوکتۆر دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائوددین


ئایا ژیان لە ڕوانگەی کیمیازانییەوە لە چییەوە دەست پێ دەکات؟ ئەگەر لەشی ئادەمیزاد ورد بکەینەوە، ئایا بچووکترین وردەی ژیان چییەو مۆلیکیولی زیندوویەتی کامەیە؟.

لەشی ئادەمیزاد وەک کارگەیەکی هەمە سیستەمی لێک بەستراوی ئاڵۆز، بریتیە لە چەندین کۆئەندام. بۆ نموونە کۆئەندامی هەناسە، کۆئەندامی هەرس، کۆئەندامی دەمار... هتد. هەر کۆئەندامێکیش لە چەندین ئەندام پێک هاتووە و ئەندام چەندین شانەیە و شانەش ملیۆنان خانەیە. بە دارشتنی کۆن دەتوانرێت خانە (cell) بە بچووکترین وردەی ژیان دابنرێت، چونکە بریتییە لە چەندین مۆلیکیولی ئاڵۆز کە بە یەکەوە کار دەکەن، بۆ ئەنجامدانی فەرمانێک، کە بەرهەمەکەی بنەڕەتییە بۆ ژیانی هاوکاری لە گەڵ خانەی تر و ( لە ئەنجام )دا بۆ پێکهێنانی مرۆڤ. ئەگەر خانەش ورد بکرێتەوە کاری هەرەوەزی مۆلیکیولەکان لێک دەپچڕێ و باسەکە دەکەوێتە ئاستی چەند مادەیەکی کیمیایی کە هەر یەکەیان بە تەنیا توانای بەرهەمهێنانی نامێنێ و مانای ژیان نابەخشێ. بەڵام بە دارشتنی نوێ، گرنگیی ژیان تەنها لە بەجێ گەیاندنی فەرمان و کاری هەرەوەزیدا نییە، بەڵکە لەوەش گرنگتر کام بەشی خانە فەرمان دەردەکات و کامیان پرۆگرامی کاری ژیانی تێدا هەڵگیراوە نافەوتێ و لە دایک و باوکەوە ژیان دەگوێزێتەوە بۆ نەوەی نوێ ـ لە ماوەی هەزاران ساڵدا . واتە کام بەشی خانە بەڕێوەبەری ڕاستەقینەیە و سەرۆکایەتیی خانە دەکات و زانست و نەخشە و پلانەکانی هەڵگرتووە ـ کە بەبێ ئەو بەشە ژیان درووست نابێ، یان هەڵناسووڕێ هەتا ئەگەر پێداویستەکانیشی پەیدا کران. بە کورتییەکەی نهێنییەکانی ژیان لە کام مۆلیکیولدا هەڵگیراوە و مۆلیکیولەکە لە چ مادەیەک پێک هاتووە؟ ئەو پرسیارانە دەمانهێننە ناو باسەکەمانەوە کە باسی پێکهاتنی جین (Gene)ەکانە؛ مۆلیکیولی ژیان. لێکۆڵینەوە لە بابەتی جینەکان لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ئەوەندە قووڵ بۆتەوە و ئەوەندەش پێش کەوتووە کە زانستێکی سەربەخۆی لێ دەرچووە، با پێی بڵێین جین ـ زانی (Genetics). پێشکەوتنی جینزانی وای کردووە کە تێگەیشتنمان لە هەڵسووڕانی کاروباری لەشی ئادەمیزاد زیاد بکەین، هۆیەکانی نەخۆشییەکان چاکتر تێ بگەین. زانایان ئەمڕۆ خەریکی دەست تێوەردانی جینەکانن و وەستایانە لە کاتی لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاڵ و گۆڕیان پێ دەکەن. ئەو جۆرە دەست تێوەردانە پێی دەگوترێ ( ئەندازیاریی جینەکان ) ( Genetic engineering )، زانستەکە گەیشتۆتە ئاستێک کە جینەکان یەک یەک شی دەکرێنەوە بۆ وردەکانیان و مۆلیکیولەکانیان دەپشکنرێت. بۆیەش زۆر جار بەو زانستە دەگوترێ ( زیندەوەرزانیی مۆلیکیولی) (Molecular Biology ). ئەو زانست و ئەندازیارییە جینییانە هەر بۆ لێکۆڵینەوەی نەخۆشیی ئادەمیزاد بە کار نەهاتوون، بەڵکە لە لێکۆڵینەوەی ژیانی هەموو گیانلەبەر و

ڕووەک و زیندەکانی تردا بەکار دێن. دیارە کە لە ڕووی جینەکانەوە زۆر شتی هاوبەش لە نێو ئەو زیندە هەمەجۆرانەدا هەیە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین کە لە بناغە کیمیایی‌یە وردەکانی جینەکان تێ بگەین و وردە وردە بیانبەستینەوە بە ژیانەوە.

## ئایا خانە لە چی پێکهاتووە؟.

خانە پێکهێنەری شانەکانی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤە، واتە لەشی مرۆڤ بە ئێسک و گۆشت و خوێنەوە بریتییە لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خانەی بچووکی میکرۆسکۆپی کە هەر یەکەیان ئەرکێکی دیاریکراو بە جێ دەگەیەنن لە کاری هەرەوەزیی ناو شانە (Tissue). بەڵام خانە خۆی بریتییە لە کارگەیەکی هەمەپیشە و هەمەبەرهەمی ئاڵۆز و ڕێکو پێک. ئەو کارگەیە بە پەرژینێک یان ـ دیوارێک ـ دەورە دراوە و پێی دەڵێن دیواری خانە ( Cell Wall ) [ نەخشە ١ ]. هەر وەک کارگە، خانەش چەندین دەزگاو ئامراز و کەل و پەلی بەرهەمهێنانی تێدا ڕیز بووە کە هەر یەکەیان بەشێکی بچووکی کاری بەرهەمهێنان ئەنجام دەدەن بە جۆرێک کە هەر یەکەیان کاری تەواوکەری کاری دەزگای پێش خۆیەتی.




نەخشەی ١ نموونەیەکی خانەی لەشی مرۆڤ.

خانە کەرەستەی خاو لە دەرەوە وەردەگرێ و دەیانگۆڕێ و دەستیان تێ وەردەدات تا دوا بەرهەمێکی نوێیان لێ درووست دەکات. ئەو بەرهەمانەش بەشێکیان بۆ بە کارهێنانەوەی ناو خانە تەرخان دەکرێن و بەشەکەی تریان بۆ ناردنە دەرەوەیە. کەرەستە خاوەکان بە زۆری لە خواردن پەیدا دەبن و بەشی زۆریان بریتین لە شێوە سادەکانی شەکر، بۆ نموونە ( گلوکۆز Glucose )، ترشە ڕۆنییەکان ( Fatty acids )، پرۆتین (Protein – واتە ترشە ئەمینییەکان Amino acids)، ئاو وخوێ (بۆ نموونە سۆدیۆم و پۆتاسیۆم و کالیسیۆم) و مینیرالەکان ( مەعدەنەکان Minirals ). جا ئەو کەرەستە خاوانە دەهاڕدرێن و دەشێلدرێن و بە ڕێژەی جیاجیا تێکەڵ دەکرێن تا دوا بەرهەمەکە پەیدا دەکرێ. دوا بەرهەمەکەش ڕەنگە جۆرە پرۆتینێک بێ بۆ نوێ کردنەوەی دەزگاکانی کارگەی خانە ـ بۆ نموونە ئەنزیمەکان یان درووستکردنی دیواری خانەکە خۆی ـ یان بەرهەمەکە شتێکە ( بۆ نموونە هۆرمۆنێکە ) کە خانەی تری تایبەتی هەن کە لە ئەندامێکی تری لەش ( دوور لە کارگەی درووستکەر) سوودی لێ وەردەگرن. جا بۆیە بەرهەمەکە دەکرێتە دەرەوەی خانەکە؛ واتە هەڵدەڕژێ . شایەنی باسە هەر وەک بەرهەمهێنانی پیشەسازی، ئەگەر بەرهەمی خانەیەک لە پێویستیی بازاڕ (واتە پێویستیی لەش). زیاتر بوو، ئەوا بە هۆی جۆرە فەرمانێکی پێچەوانەیی ( Feed back mechanism ) کاری بەرهەمهێنانەکە سست دەکرێ و بەڵکە ڕادەگیرێت. تەنانەت هەندێ جار ژمارەی خانە بەرهەمهێنەرەکانیش کەم دەکرێنەوە. خۆ ئەگەر بازاڕ گەرم بووەوە و بەرهەمەکەش پێویست بووەوە، ئەوا خانەکان دەکەونەوە بەرهەمهێنانی چالاکانە و بێوچان و بە لە خۆ بووردەیی دەکەونەوە گەڕ و ڕەنگە ژمارەی خانە بەرهەمهێنەرەکانیش زیاد بکەن. باشە ئایا کام بەشی خانەکە سەرکردایەتیی هەڵسوڕان و کاری بەرهەمهێنان دەکات؟ کام بەش بە ڕێوەی دەبات؟ دیارە کارگەیەکی وا ئاڵۆز پێویستی بە بەڕێوەبەرە، بەڵکە بە لیژنەیەکی بە ڕێوەبردن. بە لێ لیژنەی بەڕێوەبردن و ڕێکخەری کاری خانە کە لە ژوورێکی بچووکدا دانیشتووە

پێی دەڵێن (ناوک Nucieus). لیژنەکە بریتییە لە ٢٣ جووت کرۆمۆسۆم (Chromosome)؛ واتە ٤٦ دانە، هەر دانەش بریتییە لە هەزاران جین و هەر جینیش بەرانبەر ئەنجامدانی یەک کار بەرپرسیارە. ئەو کارەش یان پەیداکردنی بەشێکی بەرهەمە، یان سەرپەرشتی و ڕێکخستنی بەشێکی کاری بەرهەمهێنانە. واتە جین هەیە درووستکەرە و هەشە بەڕێوەبەرە. ئەگەرچی جین یەک پارچەی نەپچڕاو (Unit)ی کارکردنە، بەڵام خۆی بریتییە لە توێە دەزوویەکی زیندوو کە پێی دەڵێن ترشی ناووکی (Nucleic acid) و پێکهاتە کیمیایییەکەی بریتیە لە (دیئۆکسی رایبۆ نیوکلیک ئەسید = دی ئێن ئا = دینا) (Deoxy ribo nucleic acid DNA). توێە دەزووی دینا خۆی بریتییە لە جووتە داوێکی لێک ئاڵاوی دوور و درێژ. دەتوانین بڵێین کە ئەو جووتە دەزووەی دینا بچووکترین دانە یان (کیمیا) ی زیندووە کە مانای زیندوویی ببەخشێ. لە دینا بچووکتر ئیتر لە زیندوویی دەترازێ و دەبێتە مۆلیکیولی کیمیایی کە بە هێزی بۆندەوە بە یەکەوە بەستراون. فەرمانەکانی بەڕێوەبردی کارگەی ناو خانە هەمووی لە جووتە دەزووی دینادا نەخش کراوە و بڕیاریان لە سەر دراوە. بۆیەش بە گوێرەی ئەو فەرمانە نەخش کراوە ڕێکخراوانەش بەشە جیاجیاکانی خانە بەبێ کەم و زۆر هەڵدەسووڕێن و بەرهەم دێنن. جا لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە بەڕێوەبەری خانە ـ کرۆمۆسۆم ـ لە ژووری بەڕێوەبەرایەتی (ناوک) ناچێتە دەرەوە. بەڵکە نێردراوێک یا نامەیەک دەنێرێت بۆ کرێکارەکانی. ئەو نێردراوەش کورتە دەزوولەیەکە بریتییە لە جۆرە ترشێکی تری ناوکی کە پێکهاتووە لە (ڕایبۆ نیوکلیک ئەسید = ئاڕ ئێن ئا = ڕنا) (ڕنا) (Ribo nucleic acid = RNA). ئەو (ڕنا) یە وەک ئاوێنەیەکە نەقشی فەرمانەکانی (دینا)ی هەڵگرتووە و لەناوک دەردەچێ و دەبێتە (ڕنای نێردراو mas+ senger RNA) یان (مرنا m RNA). مرنا دەچێتە ناو دەزگای لێکبەستانی ترشە ئەمینییەکان کە شوێنی درووستکردنی پرۆتینەو پێی دەڵێن (ڕایبۆسۆم Ribosome). مرنا لە کەلێنێکی تایبەتیی ناو ڕایبۆسۆم خۆی گیر دەکات و ئیتر فەرمانەکەی کە هەڵیگرتووە دەیخاتە گەڕ و داسەپاندن. دەتوانین بڵێین ڕایبۆسۆم وەک مەکینەی دروومان یان مەکینەی درووستکردنی ملوانکە وایە. لە لایەکەوە پلانی نەخشەکراوی کارەکەی بۆ دێ ـ کە ئەویش لە سەر مرنادایە، لە لایەکی تریشەوە ترشە ئەمینییەکان یەک یەک دەگرێ و لە یەکیان دەبەستێ و زنجیرەیەکی ڕەنگاوڕەنگی تێکەڵ درووست دەکات کە ئەویش پرۆتینەکەیە. ترشە ئەمینییەکان بە هێزی (ڕنا)یەکی ترەوە دەهۆزرێنەوە کە پێی دەڵێن (ڕنای گواستنەوە Transfer RNA) یان (تێڕنا t RNA). تێڕنا خۆیشی هەر بچووکە و لە ناو سایتۆپلازمی خانەدا دەسووڕێتەوە و ترشە ئەمینییەکان دەناسێتەوە، دەیانگرێت و بەرەو ڕایبۆسۆمیان دەبات. شایانی باسە ناوەوەی خانە وەک بازاڕێکی قەرەباڵغ وایە و پڕیەتی لە ترشی ئەمینی جیاجیا و تێڕنای جیاجیا و سەدان مادەی تری هەمەجۆر. جا چۆن لەو قەرەباڵغییەدا تێڕنایەکی دیاریکراو ترشە ئەمینییە تایبەتییەکەی خۆی دەناسێتەوە و چۆن دەچێتە ڕیزی یەک لە دوای یەکی تێڕناکانی ترەوە و بەڕیز بەرەو ڕایبۆسۆم دەچن و بەبێ جێ گۆڕکێ؟ خۆ ڕایبۆسۆمەکان و مرناکانیش بە ژمارە زۆرن و هەمەجۆرن، ئەی چۆن یەکتر دەناسنەوە؟ بەڵێ، زۆر زیرەکانە هەر یەکێک لەوانە کۆدێکی (Code) نهێنیی خۆی هەیە و وەک کلیل و قفڵ تەنها کۆدە ڕاست و درووستەکان بۆ یەکتر دەگونجێن. ئەو کۆدانە و کۆدی دینا و ڕنا و ترشە ئەمینییەکانیش نهێنییەکانیان لە ڕیزبوونی مۆلیکیولە جیاجیاکانەو لە شێوەی لێکبەستنەوەیان و پێوەندییانە بە یەکەوە. ڕیزبوونی ئەو مۆلیکیولانە نەک تەنها بۆ ناسینەوە گرنگن، بەڵکە جۆری ڕیزبوونیان بنچینەی ناسنامەی هەر یەک لە ترشە ناوکی و پرۆتینەکانە و بنچینەی کار و فەرمانەکانیانە. بە پێش و پاش و هەر گۆڕانێکی ڕیزەکانی ئەو مۆلیکیولانە جۆری دوا بەرهەم و پێکهاتن و فەرمانەکانی دەگۆڕێت. لە مرۆڤدا بیست ترشی ئەمینی هەن. هەر یەکەیان خاسیەت و پێکهاتنی تایبەتیی خۆی هەیە و هەر یەکەش ناوێکی تایبەتیی بۆ دانراوە. جا هەر پرۆتینەی لەش بریتییە لە زنجیرەیەکی درێژی سەدان ئەڵقەیی کە بریتین لە ترشی ئەمینی جیاجیای لێک

بەستراو. بە پاش و پێشکردنی هەر دانەیەک لە و ئەڵقانە ئەوا خاسییەت و ڕەوشتی پرۆتینەکە بە گشتی دەگۆڕێ. هەر گۆڕانێکی وا نارێکیش لە پێکهاتنی هەر پرۆتینێکی لەش دەبێتە هۆی نارێکیی کارهەڵسووڕانی خانە و شانە و بگرە ئەندامی لەش. واتا دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشییەک کە چارەکردنی زۆر زەحمەتە. جا ئەگەر بیر لەو کارە قورسەی دینا و ڕنا بکەینەوە کە بەرپرسیارن لە درووستکردنی سەدان و هەزاران پرۆتینی جیاجیا کە هەر یەکەیان لە سەدان ئەڵقەی ترشی ئەمینیی جیاجیا پێکهاتوون، بۆمان دەردەکەوێ کە دینا چەند کارێکی گرنگ دەبات بە ڕێوە و چەند بە ڕێکو پێکی دەیکات و چۆن مەجالی ئەوە نادات هەڵە بقەومێ. دیارە کە فەزڵی گەورە بۆ دینایە. دینای خاوەن پرۆگرامی هەڵگیراو، دینای زیندوو و خاوەن بەرنامەی هەتاهەتایی کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە. ئەوجا با بزانین دینا خۆی چییە و لە چی پێکهاتووە و زانستەکەی کە هەڵیگرتووە بریتییە لە چی و چۆنی بە کار دەهێنێ.

## بەردی بناخەی جینەکان

بەردی بناخەی جینەکان و ترشە ناوکییەکان ( واتا دینا و ڕنا ) بریتییە لە تۆپە مۆلیکیولێک پێی دەڵێن نیوکلیۆتاید ( Nucleotide ). نیوکلیۆتایدەکانیش بریتین لە سێ بەشە مۆلیکیول :

١- بەشە مۆلیکیولی بنکەیی ـ (تفت) بنکە (base). #

٢- شەکرێکی ڕایبۆزی (Ribose sugar).

٣- مۆلیکیولێکی ترشی فۆسفەیت (phosphate).

مۆلیکیولی فۆسفەیت و شەکری ڕایبۆزی لە ناو هەموو نیوکلیۆتایدەکاندا وەک یەکن، ئەگەرچی شەکری ڕابیۆز لە ناو ( ڕنادا)دا پێی دەگوترێ ڕایبۆز و لە ناو دینادا جۆرەکەی دیئۆکسی ڕایبۆزە، بەڵام شەکرەکانی ناو ترشێکی ناوکی دیاریکراو ـ بۆ نموونە ناو ڕنا ـ هەموو وەک یەکن. کەواتا ئەوەی دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان نیوکلیۆتایدە هەمەجۆرەکان و گۆڕینی خاسییەتەکانیان، بنکەکانن. واتا هەر هۆی (بنکە) یە کە پێنج جۆرە نیوکلیۆتاید پەیدا بووە و هەروەها جیاوازییەکی بنەڕەتیی لە نێوان دینا و ڕنا پەیدا بووە. بۆیەش دەتوانین بڵێین (بنکە) بەردی بناغەی سەرەکیی دینا و ڕنایە.

ئەگەر ئەتۆمەکانی بنکە شی بکەینەوە دەبینین کە بریتین لە تەنها ٣ جۆرە ئەتۆم؛ نایترۆجین و کاربۆن و هایدرۆجین. بە گوێرەی ڕێژەی تێکەڵبوونی ئەو سێ ئەتۆمە و شێوە و شوێنی بۆندەکانی نێوانەکانیان، دوو جۆر بنکە درووست دەبێ :

ئا- بنکەی پیورین(Purine) کە چوار ئەتۆمی نایترۆجین و پێنجی کاربۆن لەسەر شێوەی دووئەڵقە ڕیز بوون. پیورین دوو جوری هەیە کە هەردووکیان لە دینا و ڕنادا هەن. ئەوانەش ئەدینین (Adenine) و گوانین (Guanine)- ن.

ب - پایریمیدین (Pyrimidine) بریتییە لەئەڵقەیەکی شەش ئەتۆمی کە دوانیان نایترۆجین و چواریان کاربۆنن. سێ جۆرە پایریمیدین لە ترشی ناوکیدا هەن. لە ناو دینادا سایتۆسین (Cytocine) و ثایمین (Thymine) هەن. لە ڕنادا سایتۆسین و یۆراسیل (Uracil) هەن.


بەم جۆرە دوو جیاوازیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی (دینا) و (ڕنا) دا بە دی دەکرێن.. دینا شەکرەکەی دیئۆکسی ڕایبۆزە و پاریمیدەکانی (یۆراسیل) ی تیدا نییە و لە جیاتیان ( ثایمین)ی تێدایە، ڕناش شەکرەکەی ڕایبۆزە و یەکێک لە پایریمیدینەکانی (یۆراسیل)ە و (ثایمینی) تێدا نییە. مۆلیکیولی شەکر و فۆسفەیت بڕبڕەی پشتی ترشەناوکییەکان پێک دەهێنن و وەک دینگە و شێلمان نیوکلیۆتایدە جیاجیاکان بە یەکەوە دەبەستنەوە و زنجیرەیەکی نیوکلۆتاید درووست دەکەن. ڕنا هەردەم زنجیرەیەکی تاکە، بەڵام دینا بریتییە لە دوو زنجیرەی جووتی وەک یەک کە بە پێچەوانەی یەکتر درێژ بوونەتەوە و بە لوولی تێک ئاڵاون. لەو تێک ئاڵانەدا بنکەی نیوکلۆتایدێک ڕوو بە ڕووی بنکەی نیوکلۆتایدی زنجیرەکەی بەرانبەری ڕا دەوەستێ و بە هۆی بۆندێکی هایدرۆجینی یەک دەگرن. لەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەشدا پیورینی ڕیزێک بەرانبەر بە پایریمیدینی ڕیزەکەی بەرانبەری دەوەستێ. بۆ نموونە سایتۆسین هەموو جارێک بەرانبەر گوانینە و، ثایمین هەر بەرانبەر ئەدینین دەوەستێ.

[نەخشەی ٣ ]

بۆ ئاسان کردنی نووسینەوە و ناوهێنانی نیوکلیۆتایدە ئاڵۆزەکان ناوی هەر نیوکلیۆتایدێک بە گوێرەی ناوی بنکەکەی دەبردرێت، چونکە فۆسفەیت و شەکرەکان نەگۆڕن [نەخشەی ٣ ـ ب ].

نەخشـــــــــــەوگەراکان


نەخشەی ٣ ـ ا          کۆدۆنێک = سێ نیوکلیوتایدە لە یەک ڕیز.




نیوکلیوتایدەکانی ترشی ناوکی بە هۆی مۆلیکیولی فۆسفەیت و مۆلیکیولی شەکرەکانەوە بە یەکەوە دەبەسرێنەوە و بڕبڕەی پشتی دەزوولەی ڕنا و دینا درووست دەکەن. بنکەکانیش ئازادن بۆ جووڵە و بۆ یەک گرتن لە گەڵ بنکەی بەرانبەر.

ب ـ نموونەی نووسینی نیوکلیۆتاید بە کورتی تەنها پیتی یەکەمی بنکەکەی بەسە بۆ ناسینەوەی نیوکلیۆتایدەکە.

نەخشەی ـ ٤ ـ کە دوو دەزووی دینا بەرانبەر یەکتر درووست دەبن، روویان وەک ئاوێنە لە یەکتر دەکەن، بنکەی بەرانبەر بە یەک بە هۆی بۆندی هایدرۆجینی یەکتر دەگرن. هەمیشە سایتۆسین و گوانین بەرانبەر یەکتر دەوەستن و هەروەها ئەدینین و ثایمین ـ .




ڕیکەوتی ڕیزبوونی نیوکلیۆتایدەکان هەمەجۆرن و ئەوانەی لە نەخشەکاندان تەنها نموونەن، واتە دوور نییە کە سێ گوانین بە دووی یەکدا بێن ( G G G ) یان زیاتریش .... و هەروەها. چۆنیەتیی ریزبوونی نیوکلیۆتایدەکان ئەوەندە گرنگە، کاری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر جۆری نەقش و فەرمانی دینا و نەقشەکەی سەر مرنا و سەر ڕیز بوونی ترشە ئەمینییەکان و لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر ئەو پرۆتینەی کە لێی درووست دەبێ. بۆیە ئەگەر یەک دانە نیوکلۆتاید بە هەڵە جێگەی بگۆڕێ ئەوا بەرهەمە پرۆتینەکەی بە هەڵە درووست دەکرێ و ڕەنگە پرۆتینەکەش ئەو کارە سرووشتییەی کە پێی سپێردراوە نەیکات و لە ئەنجامدا هەڵەیەک یان نەخۆشییەک لە کار هەڵسووڕانی خانەی شانەی ئەندامیکی لەشدا ڕوو بدات. چۆنییەتیی بەڕێوە بردن و هەڵسووڕاندنی ئەو ڕووداوە لێک بەستراوانە کەمێک ئاڵۆزن، بەڵام بە کورتی دەتوانرێت بەم جۆرە شی بکرێتەوە: وەک باس کرا دینا پێکهاتووە لە دوو ڕیزی دوور

و درێژی نیوکلیۆتاید، ڕەنگە ملیۆنان نیوکلیۆتاید لە ناو دینای یەک کرۆمۆسۆمدا هەبن. بەڵام ئەو ژمارە زۆرە بەرپرسیارن لە بە جێ هێنانی چەندین کاری ئاڵۆزی جۆراوجۆر ؛ بۆ نموونە درووست کردنی دەیان پرۆتین و ئەنزیم. کاتێک کە خانە پێویستیی بە یەکێک لەو پرۆتینانە دەبێ، داوا لە دینا دەکات کارەکان جێ بە جێ بکات، دیناش ناچێ هەموو پرۆتین و ئەنزیمەکانی بە یەک جار بە درووست کردن بدات، بە بێ ئەوەی کە خانە پێویستی بە هەموویان بێ. بەڵکە تەنها ئەو یەک جۆرە پرۆتینە دەبێ درووست بکرێ کە داوا کراوە، بۆیەش ئەو ملیۆنان نیوکلیۆتادانە دابەش کراون بە سەر ژمارەی بچووک بچووک(هەزاران) وەک گروپ گروپ کە پێیان دەڵێن ئۆپیرۆن(Operon) ، هەر ئۆپیرۆنێکیش بەرپرسیارە لە درووست کردنی تەنها یەک پرۆتین. هەر بویەش لە کاتی پێویستدا تەنها ئەو ئۆپیرۆنە دەکەوێتە گەڕ بۆ پەیدا کردنی پرۆتینەکە. لە بەردەم ئۆپیرۆنی جینێکدا ریزە نیوکلیۆتایدێک هەن پێیان دەگووترێ نیشانەی دەسپێکەر (promoter) یان هاندەر. لە پاشکۆی ئۆپیرونەکەش نیشانەیەکی دوا هێنان هەیە، پێی دەڵێن (دواهێنەر) (Terminater). هاندەر و دوا هێنەر سەروبنی جینێک دیاری دەکەن. نیوکلیۆتایدەکانی نێوان ئەو دوو جەوسەرەش سێ سێ خۆیان ریز کردووە و هەر سێ دانەی کۆد ( Code ) یک پێک دەهێنن. بۆ نموونە (CAC ) کۆدێکە کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی بە کارهێنانی ترشی ئەمینی ( ڤالین Valine ) لە ناو پرۆتینی درووست کراودا. ئەگەر یەکێک لەو نیوکلیۆتایدانە ون بوو یان شوێنی گۆڕا، ئەوا کۆدەکەش دەگۆڕێ و ترشی ڤالینیش لە ناو بەرهەمە پرۆتینەکەدا ون دەبێ و خاسییەتی پرۆتینە درووست کراوەکە دەگۆڕێ.

لە کاتی پێویستدا ئەنزیمێکی تایبەتیی ناو ناوک دەکەوێتە کار کردن و دەست دەکات بە خوێندنەوەی کۆدەکانی دینای جینە دیاریکراوەکە و بە گوێرەی ڕیزبوونی نیوکلیوتایدەکانی کۆدەکان ـ ڕنا یەک نەقش دەبێت کە درێژییەکەی بە قەد ئەو پارچە دینایەیە و نەقشەکەی سەریشی ئاوێنەی (پێچەوانەی) نەقشی سەر دینایە. واتا نەقشە بنەڕەتییەکە وەک خۆی دەپارێزرێ. ئەو ڕنایەش لە گەڵ درووست بوونیەوە ـ ئیتر بۆی دەخشێ و ڕوو دەکاتە دەرەوەی ناوک و دەبێتە ( مڕنا). مڕنا دەگەڕێ بۆ ڕایبۆسۆمی بەتاڵ و دەچێتە ناو کەلێنەکەی. کەلێنی ڕایبۆسۆم بە هۆی نزیک بوونەوەی دوو خڕیلەی بچووکەوە درووست بووە. ئەو کەلێنەش لە سەر شێوەی دوو هۆدە (یان دوو بەش) ڕێک کەوتووە، هەر هۆدەیەکیشیان تەنیا جێگەی یەک کودۆن (٣ نیوکلیۆتاید) ی تێدا دەبێتەوە.

ئەو کاتەی کە کۆدۆنێک دچێتە ناو هۆدەی یەکەمی ڕایبوسۆم، چاوەڕێی (تیرنا)ی تایبەتی خۆی دەکات. هەر کۆدۆنێک ـ واتە هەر ڕێکەوتێکی ٣ نیوکلوتایدی جۆرە تیرنایەکی تایبەتی خۆی دەناسێتەوە و هەر تیرنایەش جۆرە ترشێکی ئەمینیی تایبەتی هەڵدەگرێ. ئایا چۆن ئەو تیرنایە و ئەو کۆدۆنەی مڕنا کە کەوتۆتە هودەی یەکەمی ڕایبۆسۆم یەکتری دەناسنەوە؟. تیرنا خۆی پێکهاتووە لە دەیان نیوکلیۆتاید، بەڵام تەنها ٣ دانەی وای تێدایە لە ناوەڕاستەکەی کە بە جۆرێک ڕێک کەوتوون وەک کلیل و قوفڵ لە گەڵ ٣ دانە نیوکلیۆتایدەکەی کودۆنی مڕنا یەکتر دەناسنەوە و جووت دەبن. ئەو سێ نیوکلیۆتایدە ناوەندییەی تیرنا پێیان دەگوترێ ئەنتی کۆدۆن (Anti codon). کە ئەنتی کۆدۆنی تیرنا(هەڵگری ترشێکی ئەمینی) بە کۆدۆنی مڕنای هۆدەی یەکەمی ڕایبۆسۆمەوە دەنووسێ، ئەوجا هەموویان بە یەک جووڵە بازێک دەدەن و دەکەونە هۆدەی دووەمی ڕایبۆسۆم و دانە کۆدۆنێکی ڕووتی نوێی مڕناکە دەچێتە هۆدەی یەکەم و ئەویش چاوەڕێی تیرنای تایبەتی خۆی دەکات تا ترشە ئەمینییە تایبەتییەکەی لە گەڵ خۆی بێنێ . ئیتر ڕووداوەکان دووبارە دەبنەوە تاوەکوو تیرنای دووەمیش بە هوی ئەنتی کۆدۆنەکەیەوە خوی بە کۆدۆنی دووەمەوە دەنووسێنێ و هەردوو تیرنا( هی هۆدەی یەکەم و دووەم) یەک لە دوای یەک بە زنجیرەی مڕنادا شۆڕ دەبنەوە. هەر لەو کاتەشدا لە ژێرەوە ترشی ئەمینیی یەکەم و دووەم لە یەکتر نزیک دەبنەوە و بە هۆی ڕووداوێکی ئەنزیمی یەکتر دەگرن. دوای ئەو یەکگرتنەی ترشە ئەمینییەکان، تیرنای یەکەم دەترازێ و بە تەنهایی ئەو ناوە بە جێ دەهێڵێ و مڕنایەکەش

پلەیەکی تر دەچێتە پێشەوە. ئیتر بەو جۆرە بە دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکان زنجیرە ترشێکی ئەمینی ڕیز دەبن و بە یەکەوە مۆلیکیولێکی پرۆتین پێک دەهێنن.

نارێک بوونی ڕیزەکانی نیوکلیۆتایدە جینەکان زوو زوو ڕوو دەدەن، بۆ ئەوەش چەندین هۆ زانراوە. یەکێ لەو هۆیانە (بۆماوە) یە و لە دایک و باوکەوە هەڵەی ڕیزی نارێکی نیوکلۆتایدەکان بۆ منداڵ دەگوێزرێتەوە. یەکێکی تریان (بۆماوە) نییە و لە دوای درووست بوونی ئادەمیزاد (واتە پیتاندنی هێلکە) یان لە سەردەمی ژیانی ئەو مرۆڤەدا ڕوو دەدات. بەو جۆرە نارێکییەی ڕیزەکانی نیوکلیوتاید دەڵێن ( میوتین Mutation) ##. هۆیەکانی میوتین، ( واتە میوتێنکەرەکان) زۆرن، هەیانە زانراوە و زۆریشیان نەزانراون. یەکێک لە میۆتینە زانراوەکان تیشکی (ئێکس X )ە.

پیشەی دینا ـ یان جینەکان ـ تەنها بە ڕاداندانی درووستکردنی پرۆتین و ئەنزیم نییە، بەڵکە ڕێکخستنی کاروباری خانە و هەموو ئیشەکانی تری گیانلەبەرە، بۆیەش جینەکانی ناو کرۆمۆسۆمەکان هەندێکیان بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی درووستکردنی کەل و پەلی ژیان. هەندێکی تریش تەنها بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و بگرە بەڕێوەبردنی کاری جینە درووستکەرەکانیش. واتە هەندێک جین هەن وەک گڵۆپی ئۆتۆماتیک (یان کاری دەزگا ئەلیکترۆنییە ئاڵۆزەکان) کارە زنجیرەیی یە یەک لە دوای یەکەکان سەرپەرشتی دەکەن. وەک بڵێی گڵۆپی یەکەم دەکوژێننەوە و هی دووەم پێ دەکەن و ئەوجا هی هەشتەم و دوایی هی چوارەم و ....هتد. بۆ نموونە ئەگەر لەش پێویستی بە شەکر بوو ئەوا جۆرە جینێک زوو پێی دەزانێ و فەرمان دەردەکات کە جۆرە هۆرمۆنێک زیاد درووست ببێ و هەڵبرژێ و شەکری هەڵگیراو (گلایکۆجین Glycogen) لە عەمبارەکان بێنە دەرەوە و ورد بکرێن و بکرێنە شەکری سادە (گلوکۆز Glucose) و بە کاربێن بۆ وزە. خۆ ئەگەر شەکری سادە لە لەش زیادی کرد ئەوا جینی بەڕێوەبەر زوو پێی دەزانێ و فەرمانی یەکەم بەتاڵ دەکاتەوە و کارێکی وا دەکات کە جینێکی درووستکەر فەرمانی درووستکردنی هۆرمۆنی ئینسۆلین دەربکات و شەکری زیادی ناو خوێن ڕاماڵێ بیانخاتە ناو خانەکانەوە بۆ هەڵگرتن یان بە کارهێنان. جا بیر لەوە بکەوە کە لەشی مرۆڤ لە چی پێک هاتووە و چەند بە ئاڵۆزی درووست بووە و بیر لە ئاڵۆزیی هەڵسوڕانی کاروبارەکانی بکەوە.

جا ئەگەر جینەکان ملیۆنەها پارچەی لەشی مرۆڤ درووست بکەن و ملیۆنەها کاروبار هەڵسوڕێنن، ئەوە وا دەگەیەنێ کە ملیۆنەها جین هەن لە ناو خانەکانی لەشی مرۆڤدا. ئەو هەموو جینەیش تەنها لە ٢٣ جووت کرۆمۆسۆمی ناو ناوک هەڵگیراون( واتە لە ٤٦ تاکە کرۆمۆسۆم). بیر لەوەش بکەوە کە مرۆڤ لە هێلکەیەک (٢٣ تاکە کرۆمۆسۆمی تێدایە) و سپێرمێک کە (٢٣ تاکەکەی تری تێدایە) درووست دەبێ. هێلکە و سپێرم کە دەبنە یەک خانە و ئەوجا ٤٦ کرۆمۆسۆمەکە تەواو دەکەن. ئەو ٤٦ تاکە کرۆمۆسۆمەی ناو هێلکەی پیتێنراو یەک مرۆڤی مەزنی قەبە و بالا بەرز درووست دەکەن کە ژمارەی خانەکانی لەشی لە بلیۆنەها تێدەپەڕێ. بەوە دەردەکەوێ کە ئەو ٤٦ کرۆمۆسۆمەی ناو هێلکەی پیتێنراودەبێ هەموو ئەو زانیارییە پێویستەی تێدا بێ ( واتە ئەو هەموو جینانەی تێدا بێ) کە بەبێ هەڵە درووست کردن و هەڵسووڕاندنی لەشی مرۆڤێکی تەواوی پێ بێتە دی. هەر بۆیەش میوتێنێکی بچووک لە خاڵێکی بچووکی یەکێک لەو ٤٦ کرۆمۆسۆمە ( جا یان لە٢٣ کەی هێلکە یان ٢٣ کەی سپێرم) دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەڵەیەک لە ئەندامێکی مەزنی لەشی مرۆڤی تەواو. ئەو وتەیەیش بنچینەی نەخۆشییە بۆ ماوەکانە کە لە ژماردن نایەن. شایانی باسە لەو ٤٦ کرۆمۆسۆمە (٤٤) یان بەرپرسیارن لە درووستکردنی تەواوی لەشی مرۆڤ، تەنها ئەندام و هورمۆنەکانی زاوزێ و هەندێ کاروباری هەڵسووڕاندن و درووستکردنی بەشی تری لەش نەبێت. ئەوانەی دواییش بە هۆی دوو کرۆمۆسۆمەکەی تر پەیدا دەبن ـ بۆیەش بەو دوو کرۆمۆسۆمەیان دەڵێن ( ڕەگەزە کرۆمۆسۆم Sex chromosome ). هێلکە ٢٢ لەشە کرۆمۆسۆم (Autosomal chromosome) و یەک ڕەگەزە کرۆمۆسۆمی مێ ( مێیە کرۆمۆسۆم (X- chromo-

some ) لە گەڵ خۆی هەڵدەگرێ. سپێرمیش ٢٢ لەشە کرۆمۆسۆم ( هاوتای لەشە کرۆمۆسۆمی هێلکە) و یەک ڕەگەزە کرۆمۆسۆم (نێرە کرۆمۆسۆم Y یان مێیە کرۆمۆسۆم X ) هەڵدەگرێ. جا ئەگەر هێلکە بە هۆی سپێرمێکی خاوەن نێرە کرۆمۆسۆم پیتێنرا ئەوا مرۆڤەکە دەبێتە نێرینە کە لە خانەکانی لەشیدا (٤٤) لەشە کرۆمۆسۆم و مێیە کرۆمۆسۆمێکی هێلکە و نێرە کرۆمۆسۆمێکی سپێرمەکەیان تێدایە. واتە مرۆڤی نێر دوو ڕەگەزە کرۆمۆسۆمەکەی (XY)یە. خۆ ئەگەر سپێرمێکی خاوەن مێیە کرۆمۆسۆمێک (X) هێلکەکەی پیتاند کە ئەویش مێیە کرۆمۆسۆمی تێدایە، ئەوا هێلکەی پیتێنراو مرۆڤێکی مێ بینە درووست دەکات کە خانەکانی لەشی ٤٤ لەشە کرۆمۆسۆم و دوو مێیە کرۆمۆسۆمی (XX) تێدایە.

ئەگەر یەکێک لە جینەکانی نێرە کرۆمۆسۆم (Y) هەڵەیەکی لێ پەیدا بوو ئەوا نەخۆشییەکەی پەیدا دەبێ تەنها تووشی مرۆڤی نێرینە دەبێ چونکە ئەو کرۆمۆسۆمە لە ناو خانەکانی مێدا نییە. بویە مێ نە هەڵگری نەخۆشیەکەن و نە تووشیشی دەبن. بەڵام ئەگەر هەڵەیەک لە مێیە کرۆمۆسۆم(Y) ڕووی دا ئەوا هەڵەکە بە بەرمرۆڤی نێرینە و مێبینە دەکەوێ بە یەکسانی، چونکە خانەکانی لەشی نێر و مێ هەردووکیان مێیە کرۆمۆسۆمیان تێدایە ( پیاو یەک ـX ـ و ژن دوو ـ XX ). لەو حاڵەتەدا ئەگەر یەک مێیە کرۆمۆسۆم هەڵگری هەڵەکە بوو، ئەوا نەخۆشییەکە لە نێرینەدا بە دەر دەکەوێ، بەڵام لە مێبینەدا مەرج نییە بە دەر بکەوێ چونکە مێیە کرۆمۆسۆمە ساغەکەی نایەڵێ نەخۆشییەکە بە دەر بکەوێ، بە تایبەتی ئەگەر جۆری هەڵە جینەکە لە هی هەڵە بەزیوەکان (Recessive) بێ، بۆ نموونە هەڵەی نەخۆشیی هیمۆفیلیا. لەو حاڵەتانە ژن نەخۆشییەکە هەڵ دەگرن و دەیگوێزنەوە بەڵام خۆیان تووشی نابن. تەنیا حاڵەتێ کە ژنیش تێدا تووشی نەخۆشیی هەڵەی بەزیو ببێ، ئەو حاڵەتانەیە کە هەردوو مێیە کرۆمۆسۆمەکانی ( ئەوەی لە دایکی و ئەوەی لە باوکی وەرگرتووە) هەر دووانیان هەڵگری هەڵە بەزیوەکە بن. خۆ ئەگەر هەڵەی جینەکە هەڵەیەکی جۆری زاڵ (Dominant) بوو ئەوا یەک کرۆمۆسۆمی هەڵگری هەڵە بەسە بۆ پەیدا کردن و بە دەرکەوتنی نەخۆشی، بەیەش نەخۆسیی هەڵەی زاڵ لە کوڕ و کچدا وەک یەک بە دەر دەکەوێ، تەنانەت ئەگەر کچەکە خاوەنی یەک دانە مێیە کرۆمۆسۆمی ساغیش بێ.

هەرچی هەڵەی لەشە کرۆمۆسۆمەکانن(ئۆتۆزۆم ـAutosome) پەیوەندییان نییە بە ڕەگەزی مرۆڤەکە و نەخۆشی بە یەکسانی لە نێو نێر و مێدا پەیدا دەکەن. ئەوانەش بە هەمان شێوە هەڵەی زاڵ و بەزیویان تێدایە کە هەڵە زاڵەکە بە تەنها نەخۆشی دروووست دەکات و جینی ساغی کرۆمۆسۆمە ساغەکە ڕێگەی لێ ناگرێ. بەڵام هەڵەی بەزیو ئەگەر لە سەر هەردوو لەشە کرۆمۆسۆمی هاوتای بەرانبەر یەکدا نەبن، ئەوا یەکێکیان بە تەنها نەخۆشی پەیدا ناکات. شایەنی باسە کە زاڵی و بەزیوی تەنها لە جینی هەڵەدا نییە بەڵکو لە زۆر جینی نیشانەی زگماکی و ڕەنگ و ڕوو و سەر و سیمادا هەن. بۆ نموونە جینی چاوی ڕەش وا زانراوە کە زاڵ بێ بەسەر جینی چاوی شیندا، بۆیەش ئەگەر باوکێک چاوڕەش بێت و هەردوو کرۆمۆسۆمە هاوتا بەرانبەرەکانی ( واتا هەردوو کۆپیی جینەکانی ) هی چاوی ڕەش بێ و دایکەکەش چاوشین بێت و هەردوو کۆپیی جینە هاوتاکانی هی چاوی شین بێ ئەوا منداڵەکانیان هەموویان چاو ڕەش دەردەچن، ئەگەر چی هەموو منداڵەکان کۆپییەکی جینی چاوڕەش و یەکێکی چاو شینیان هەڵگرتووە. واتە مەرج نییە کە هەموو چاوڕەشێک هەردوو کۆپیی جینەکانی هی چاوڕەش بن و مەرج نییە هەموو منداڵەکانی هەر چاوڕەش بن.

جینزانیی ئەمڕۆ لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، بگرە لە زۆربەی بەشەکانی تری زانستە زیندەوەرییەکان خێراترە. کەل و پەل و ئامرازی لێکۆڵینەوەی جینەکان هەر لە گەشە کردندایە. زانایان دەتوانن (دینا)ی خانەکان دەرهێنن و پارچەپارچەیان بکەن و جینە وردە جیاجیاکان لە یەک جیا بکەنەوە و تێکی هەڵشێلن و وردیلەکانی (مۆلیکیولەکانی) بپشکنن. زیاتری لێکۆڵینەوەکان بۆ دوو مەبەستی سەرەکین. یەکەمیان بۆ تێگەیشتنی هەڵسووڕانی لەشی ئادەمیزاد و چۆنیەتیی پەیدابوونی نەخۆشییەکان؛ بە تایبەتی زگماکەکان و نیوە زگماکەکان. دووهەمیان بۆ

مەبەستی خۆ پاراستن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان. لە ڕووەکزانی و گیانەوەرزانیدا مەبەستی گرنگ دیسان ئەو دووانەن ، بەڵام مەبەستی سێیەم لەو دوو زانستەی دواییدا زیاد کردنی بەرهەمە کشتوکاڵی و گیانەوەرییەکانە. واتا چاک کردنیان و زۆر کردنیان. خۆ پزیشکی دادگا بە مەبەستێکی تر جینزانی بەکار دەهێنێ، ئەویش بە مەبەستی ناسینەوەی تاوانبار و شیکردنەوەی مەتەڵەکانی دادگا و تاوانکاری. دیارە ئەو پێشکەوتنە مەزنانە هەمووی لە خزمەتی ئادەمزاددایە، بەڵام دوژمنانی مرۆڤایەتی هەوڵ دەدەن هەر ئەو جینزانییە بە کار بهێنن بۆ مەبەستی پەیدا کردنی میکرۆبی کوشندە، بۆ درووست کردنی بۆمبای بایۆلۆژی (Biological weapons). یەکێ لەو دەوڵەتانەی کە پارەیەکی زۆری تەرخان کردبوو بۆ مەسەلەی لێکۆڵینەوەی دژ بە مرۆڤایەتی لە بوواری مایکرۆبایۆلۆژی (زیندەوەرزانی) دا، دەوڵەتی عێراق بوو - واتا بۆ درووستکردنی بۆمبای بایۆلۆژی . خۆشبەختانە لە کۆتایی‌ی ساڵی ١٩٩١ دا لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەو ڕێگەیەیان لێ گیرا.

هەندێ سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی زیاتر:


1– The Chemistry of life, Steven Rose, Penguin Books.

2– An introduction to practical biochemistry, David Plummer, Mc Graw – Hill books com+pany.

3– Principles of gen manipulation, R. W. Old and S. B. Primrose, Blackwell Scientific publi+cation.


4– Oxford text book of medicine, Weatherall et al. oxford.


# لە کتێبی زیندەوەرزانیی پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە کوردستانی خواروو وشەی Base کراوە بە (تفت)،ئەوەش چونکە Base لەگەڵ Acid دا خوێ دروست دەکەن، و دەستەی وەرگێڕەکانی کوردی وشەی تفتیان داناوە بەرامبەر بە Acid (ترش). هەرچی زاراوە عەرەبییەکەی (Base) یشە، واتە تەرجومەی ئەو وشەیە بۆ عەرەبی،(قاعدە) یە. بەلای منەوە، ئەگەرچی زۆریش دژی وشەی تفت نیم، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە ئەگەر بە Base بڵێین (بنکە) لە جیاتی (تفت) چونکە مانا زانستییەکە و زمانەوانییەکەی بنکە دەگونجێ لەگەڵ Base . لە کوردەواریشدا ترش و تاڵ بە پێچەوانەی یەکترن، نەک ترش و تفت، ئەگەرچی تفت و تاڵ زۆر جار بەیەکەوە دەگوترێن بۆ وەسف کردنی تامی نەگەییو(بۆ نموونە سێوی پێ نەگەییو)، بەڵام یەک مانایان نییە و زۆر لێک جیاوازن. بەهەر حاڵ بە پێی ئەو لێکدانەوەیەم وام بە چاک زانی کە دەست بە وشەی (بنکە) وە بگرم بۆ باس کردنی Base لە جیاتی وشەی (تفت).

# # لە کتێبی زیندەوەرزانیی پۆلی شەشەمی زانستیی کوردستانی خواروو وشەی Mutation کراوە بە (بازدان). لە ڕاستیدا وشەی Mutation کە لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی ، وشەیەکی ئینگلیزی و لاتینییە بە مانای )گۆڕان). واتە وەرگێڕانە ڕاستییەکەی گۆڕانکارییە. دەستەی وەرگێڕی ئەو کتێبە وشەی (بازدان) یان لە زاراوە عەرەبییەکەی Mutation وەرگرتووە، کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (طفرە). بە ڕای من وشەی بازدان ئەگەرچی هەڵە نییە، بەڵام زۆر ڕێکیش نییە و مانا زمانەوانییەکەی Mutation نابەخشێ. خۆ ئەگەر دەستەی وەرگێڕ وشەی گۆڕانیان هەڵبژاردبایە زیاتر بە Alteration- Change- Mutation دەچوو. لەم وتارەدا من وشەی (میوتین) م هەڵبژاردووە چونکە لە ڕاستیدا وشەی (گۆڕان) و (بازدان) مانا زانستییەکە نابەخشن، چونکە لە Mutation دا ئەڵقەیەک (نیوکلیوتایدیک) ون دەبێ، یان دەگۆڕێ، یان پەیدا دەبێ. بۆ خاتری دەوڵەمەندترکردنی زمانی کوردی من وای بە چاک دەزانم کە وشەی Mutation بکەین بە (میوتین ) یان (میوتاندن) لە جیاتی وەرگێڕانی لە بنەڕەتە ئینگلیزییەکەیەوە، یان لە (طفرە) عەرەبییەکەیەوە.


# ئەو بستـــــــــوّکەی








# دوژمن ناوی نا سنوور







# بانگم دەکەن

**جەلال مەلەکشا**

نازانم قەت لە منداڵیدا ون بووی ؟ لە بازاڕێکی گەورە و قەرەباڵغدا، لە ناکاو دەستت دەستی باوک و دایکتی ون کردووە ؟. ئەوان دەڕۆن و تۆ بە تەنیا دەمێنی. بە هەر لایەکدا چاو دەگێڕی، باوەڕ بە تەنیایی ناکەی، بەڵام هێدی هێدی دڵەخورپێ دەست پێ دەکا، سام دەتگرێ، هەست بە غەریبی دەکەی. هەست دەکەی چەقۆی کارەسات لە گەردنت نزیک دەبێتەوە. خەڵک دێن و دەچن. شان لە شانی یەک دەدەن. بە هەشتاو هەنگاو هەڵدێنن. کەس ئاوڕی کەس ناداتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان خۆشکەن پاڵ بەیەکترەوە دەنێن، بەرۆکی یەک دەگرن، یەخەی یەک دادەدڕن... هەرا و هوریا، بانگ و هەلا و زەنا ...

تۆ دڵتەنگ دڵتەنگ لە ژێر سایەی باڵی دالاشی ترسدا چاوە چاو دەکەی بۆ دایکت، باوکت، ئاشنایەک ... کەس نابینی !... ئیتر ئۆقرەت یاغی دەبێ، بێقەرار و نائارام بەملاو بەولادا دەخولێیتەوە، دەکەوی ، هەڵدەستیتەوە.

من هەر لە منداڵییەوە ون بووم. لە پڕ هەستم کرد دەستم لە نێو دەستی گەرمی باوک و دایکم نەماوە. تەنیا و سامگرتوو، هەڵترووشکام. لە ئامێزی تەنیایی‌یەکی بێ سەروبن، لە بازاڕێکی قەرەباڵغدا ... هەر لەو کاتەوە تا ئێستا، لەو بازارە درێژ و بێ برانەوەدا خوار و ژوور دەکەم. چاو دەگێڕم، دەکەوم و هەڵدەستمەوە. هێندێ جار لە پشتەوە یەکێک وەک ئاشناکانم دەبینم. برووسکەی هیوایەک دڵی تاریکم ڕوون دەکاتەوە. پڕ لە تاسە بە دوایدا ڕا دەکەم، لۆی داوێنەکەی، یان شاقەلی کەواکەی دەگرم ... بانگی دەکەم، بەڵام کاتێ ئاوڕ دەداتەوە، دوو چاو وەک دوو تیکە سەهۆڵ، پڕ لە نامۆیی و بێزاری لێم دەڕوانن. لە زەمانی ونبوونمەوە.. ڕەنگە هەر لە هاتنە دنیامەوە، تاکوو ئێستا لەم بازاڕەدا سەرگەردانم. هاوار دەکەم. وەڕەز دەبم و هاوار دەکەم. زایەڵەی دەنگی خۆم دەبیستمەوە، بەڵام دەڵێی کەس دەنگم نابیسێ. من لاڵم یان دنیا کەڕە. نازانم ... دەمەوێ خۆم دەربازکەم، ڕاکەم ! دەمەوێ ئەگەر بڕیاری چارەنووس وایە کە ئاشناکانم نەدۆزمەوە، لانی کەم شەقڵی ئەم چوارچێوە بەسراوە بشکێنم و پێ لەم بازارە تەنراوە بنێمە دەرەوە، بەڵام هەرچەند دەکەم ڕێگەیەک نادۆزمەوە. دەڵێی دنیا هەر ئەم بازارە تاریک و درێژەیە ! زۆر جار خۆم بە کۆلانێکدا کردووە. پێم وا بووە ئەم کۆلانە دەلاقەیەکەو دەتوانم دزەی لێوە بکەم. لە خۆشیان شاگەشکە دەبم، بەڵام لە پڕ دیوارێک شین دەبێ و وەک شوورەی قەلاچەی ئەو دێوانەی لە ئەفسانەکاندا بیستوومن. دیوارێک و خەتێکی درشت و ناحەز ! « کووچە بنبەستە !». ئاخ هەموو کووچەکانی ئەم ئاقارە، ئەم تاریکە بازارە بن بەست و بێ بووارە. ئاخۆ ڕێگەیەک نییە ... هاوار دەکەم، هاوار دەکەم ! ماندووم، جەستەم هێندە لەژێر پێی ڕێبواراندا پێ شێل بووە، ئاهێکی پێوە نەماوە، بۆتە کێڵگەی برین. دڵم شووشەیەکە، بە تان و پۆی جاڵجاڵۆکەی تەنیایی تەنراوە !. ڕێبواران لێم دەڕوانن. بە چاوە سارد و سەهۆڵییەکانیان وەک گیانلەبەرێکی سەیر و سەمەرەیان دیبێ لێم دەڕوانن. زەردەخەنەیەک زاریان دادەپچڕێ. شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنن و لێوێک خێچ دەکەن و درێژە بە ڕێگەیان دەدەن.

* * *

هەڵکورماوم، سەرم خستۆتە کۆشی تەنیایی و لە زیندەخەودام. خوێن لە دڵم دەچۆڕێ و چاوم دەیدەڵێنێ. لە پڕ دەنگێکی ئاشنا، وەک خورەی نەرمی ڕۆحی ئاو،

وەک سروەی بلاوێنی نێو دارستانی بەهار، وەک سرتەی گوڵ و جریوەی ئەستێرە و ... چرپەی پێی پەپوولە، وەک خورپەی دڵی دڵدار لە سیلەی ژوانگە. گۆمی بێدەنگی تەنیایی و سەرسامیم دەگەچڵێنێ...

– هۆو ئاشنا ! من لێرەم. لە من دەگەڕێی .. من لێرەم! دڵم دادەخورپێ، هەڵدەستم، خۆم دەتەکێنم. باڵندەی نیگام بە ناو خەڵکدا لە شەقەی باڵ دەدا. لێشاوی خەڵک. تووڕە و بێبەزەیی، هێرشکەر و ڕووخێنەرە .. دەگەڕێمەوە. بە پێچەوانەی ڕەوتی خەڵک، تەوژمی لافاوەکە دەشکێنم. بە شوێن دەنگەکەدا دەگەڕێم. ئەو دەنگە لە دەخمەی خەڵوەتی دەروونمدا دەنگ دەداتەوە. زایەڵەی شیرینی ڕۆحی بێ ئۆقرە کردووم، دەڵێی ئەم کوێستانە، لە دوای تەمەنێکی درێژی بێ دەنگی نایەوێ ئەم دەنگە لە دەست بدات.

– وەرە ئاشنا !، بە شوێنتا دەگەڕام ! ماندوو بووی ؟! .. وەرە کۆرپە غەریب و ون بووەکەم .... کەوتووم. لە ژێر پێی لافاوی سامناکدا کەوتووم. پێ لە سەر دڵم دەنێن. چقڵی ژێر کەوشەکانیان بە چاوما دەچەقێنن .... هەوڵ دەدەم هەڵسمەوە. پاسەوانێک مۆڕەم لێدەکا. پێدەکەنێ، ددانە ڕەش و کرم خواردووەکانی نیشان دەدا. پشت بە خۆر ڕاوەستاوە، سێبەرەکەی هێندە درێژ و پانە هەموو بازاڕەکەی داپۆشیوە. هەست بە سەرما دەکەم. وەک نۆبەتی، گیانم شەلاڵی عارەقە و خوێنە، ددانم یەک ناگرن. دەستم لە گۆ چوون ... ئاخۆ هەوا ساردە یان من دەترسێم. هاوار دەکەم.

– ڕێگەم لێ مەگرن ... ئاشناکەی خۆم لە مێژە ون کردووە . لە کوێیە .. دەنگی لە کوێوە دێ.. تۆ نازانی ؟ .. ئاغا، خانم ! !.. تۆ نازانی .. بانگیان کردم .. بانگیان کردم !.

کەس وەڵام ناداتەوە. دەڵێی هەموو لاڵن. بەخۆم پێدەکەنیم. گێل گەوج ! مەگەر ئەو قفڵانە نابینی. نابینی هەر یەکەو قفڵێکی بە زارەوەیە.

بە پێچەوانەی ڕەوتی خەڵک ڕێ دەکەم. پاسەوان تێم دەخوڕێ.

– هۆی ! نەزمەکە مەشێوێنە .. وەرگەڕێ، وەک بنیادەم بە ڕێگای ڕاستدا برۆ .. پشت بە خۆر ڕاوەستاوە و سێبەرەکەی هێندە پان و درێژە، هەموو دنیای داپۆشیوە ! کلیلێکی گەورەی لە قوڵلابی باتۆنەکەی هەڵواسیوە. بە ئەندازەی هەموو قفڵەکانی دنیا. خەریکم بگەڕێمەوە، بەخۆم دەڵێم خولیایە، خەیاڵە.

– ئاشنا! دڵت مەگۆڕە .. من لێرەم .. وەرە .. من لێرەم.

چاو دەگێڕم. دڵم خەریکە دیواری سنگم کون بکات. ڕۆحم خەریکە لە شەقەی باڵ بدا. خاوەنی دەنگەکە دەدۆزمەوە.. ئەوەتا، خۆیەتی ... ڕاوەستاوە. نەک لە چواچێوەی بازێڕدا، لە خەیاڵیشدا ناگونجێ ... دیوارەکانیش لە ژێر پێیدا دەتوێنەوە. هەست دەکەم بە شوێنی ئەودا هەموو ڕێگاکانی دنیام بڕیوە. هەموو کات و ساتەکانی ژیانی تاڵم بە دوای ئەودا، ئەم بازاڕە قەرەباڵغەم سەروسووژن کردووە. هەست دەکەم هەر لە یەکەمین ڕۆژی پێکهاتنی ئەم جیهانە، لە تەکیا ئاشنا بووم و ناسیومە. هەست دەکەم کارەساتێکی دڵتەزێن لێکی جیا کردووینەوە .. ئەوەتا، ڕاوەستاوە .. کوێیە، نازانم. ناتوانم جێگاکەی دیاری بکەم.. لە کوێیە .. لە سەر سەری دنیا ؟ ! لە سەر لوندی بەرزی ئاوات ... پاسەوانەکە بە تووڕەیی لێم دەڕوانێ. یەک بە خۆ دەزریکێنم، پێ خاوس و ڕووت، بەرە و ڕووی هەڵدێم ... وەک ڕۆحێکی ئازاد و ڕەها، زرنگەی پووڵ و زڕڕەی زنجیرەکانم لە ژێر گونبەدی بازاڕەکەدا دەنگ دەداتەوە. ئیتر، نە پووڵ، نە زنجیر، نە جامە ... هیچیان کەڵکیان نییە. خەڵک بە سەرسووڕمانەوە چاوم لێدەکەن. ڕەنگە بە شێتم بزانن. من دەزریکێنم. قفڵی زارم شکاوە. بە پێچەوانەی ڕەوتی خەڵک هەڵدێم .. دەکەوم .. هەڵدەستمەوە. پاسەوان، لە فیتووکەکەی دەتووڕێنێ، خەڵک ڕەنگی ترسیان لە سیما نیشتووە. هەست دەکەن، کارەساتێک دەقەومێ. پاسەوان هەرا دەکا :

– بیگرن بیگرن ! هۆی بشێوە بگرن !

هەموو دەبنە پاسەوان، هەریەکە فیتووکەیەکیان بە دەستەوەیە.

– یاخی، یاخی ! ئەو یاخییە بگرن !

ئێستا باش دەیبینم، لە سەر بورجێکی کۆن ڕاوەستاوە، باڵای بەقەد باڵای هەموو ئاواتە بە دی نەهاتووەکانمە. لە قاڵدرمەی بورجەکەوە سەردەکەوم .... پێپلکەکان سوورن، باریکەخوێن .. خوێن، خوێن.. دەڵێی دڵۆپ دڵۆپی ئەو هەموو خوێنانەی بە درێژایی مێژوو ڕێژراوە، لێرە لە سەر ئەم پلیکانانەدا قەتماخەی بەستووە. ئەم بورجە کۆنە لە کام دوندی مێژوو، لە کام قۆناخی جیهاندایە.. چوارهەنگاو، سێ هەنگاو، دوو شەقاو.. باوەشی بۆ دەگرمەوە... ئاخ ! دەڵێی شیلەی ئافەرینیش و پوختەی هەموو جوانییەکانە. پێدەکەنێ، ئامێزم بۆ ڕادەگرێ. شریخەیەک و .. ئازارێکی شیرین لە سینگمەوە عوبوور دەکا و قەڵای دڵم دەڕووخێنێ .. خۆم دەهاوێمە ئامێزی .. دەست بە سەرما دێنێ، سەرم بە سینگیەوە دەگوشێ ..

– کۆرپەکەم ! کۆرپە ماندووە غەریبەکەم !.

خەوێکی خۆش چاوەکانم پڕ دەکا لە ڕەنگ. باڵندەیەکی بێئۆقرە لە دەروونمەوە سەری هەڵبڕیوە و بۆ شینایی ئاسمان دەڕوانێ.

دەنگی پاسەوانەکە لە ئەوپەڕی دنیاوە دەبیسم

– لە ئێوە، هاوشارییە ئەرکناس و بە ئەمەکەکانم، لە بەر سزادانی ئەو یاخییە ئەشقیایە سپاس دەکەم. ئیتر کار تەواوە. بگەڕێنەوە سەر بازاڕی کار و ژیانتان.

١٣٧١/٢/٢٠.

# ئازادی

شیرین بۆزئەرسلان

گەلەک جاران
ب دەهـ سالان
دلدا هات ڤەشارتن
ئازادی.

ئیرۆ مەیزێنە
چ با و باهۆزە
ل ناڤ وی گەلی
ئەو رۆژا رۆژ
هین دوورە بەلکی
سەد پیرۆزە دیسانژی.
نە ل وەلات و نە ل دەر
نە مایە قەت راوەستی
هەر کەسێ کوردە ئیدی
دل ددە بۆ ئازادی.

ئوپسالا ١٦/ ١١/ ١٩٩١

# گەشـــتی ســــنوور

عەبدوڵلا قەرەداغی

## ١- ڕوانگە

لە نێوان خوێنی جەستە و برینی هەوکردووی دڵدا،
سنوورێک دەژی
لە نێوان خەندەی خونچە و بەرامەی شاراوەی گوڵدا
سنوورێک دژی
لە نێوان هەور و باران و ڕازی وشکایی‌ی گڵدا..
سنوورێک دەژی
لە نێوان گەڵای درەخت و چڵدا..
سنوورێک دەژی
لە نێوان ویستی بێدەستی من و ، بوونی سنووردا ..
تەندوورێک دەژی
سنوور سیمفۆنیای یەک سەرکەوتنە و هەزار تێشکان
هەناسەی یەکەم (یاڵتا) ی مێژووە و
(ڤیتۆ) ی شاردنەوەی مەرگە گەورەکان
سنوور گیانێکی ئەهریمەنییە و هەردەم دەبزوێ
بەڵام لە نێوان برسێتیی خەڵ و چاوتێریی ناندا..
دەبێتە پەرژین
لە نێوان خەمی بێدەسەڵاتی و بەرزیی گریاندا..
دەبێتە برین.

## ٢- ئەزموون

لە بنارەوە وا دێتە خوارێ
پرسە ئەنگوستی لە گۆچووی خەون و غەریبیەتی
ماندوویش سیمای نەخشە و بۆچوونی
وا دێتە خوارێ
چاوانی، سینەی ئاسمانی جەنگە و ،
تەم و دووکەڵی سەد کارەساتیان لێوە دەبارێ
نە لووتکە ڕازی دەشارێتەوە
نە هەور پێی دەکرێ هەڵمی تاسە و سوێی کۆ بکاتەوە
بارانیش پێچی شوومی سنوورە و ؛
پێش ئەوەی دەرگای وشکە ساڵی ئەو بدۆزێتەوە
بادەداتەوە
ئەی پێچی سنوور
تینووی بێ ڕەنگیی ئاوی کەونێکی پان و بەرینم
سنوور، بڵاوی گیانی ئازادم بۆ دەخواتەوە؟
بۆ گەشاوەیی و کزیی ئەوینم..
لە نێو چوارچێوەی (گێچی سنوور)دا
ڕەنگ بداتەوە؟
.. ئێی گێچی سنوور
وا ئارام جەستەم جێ دەهێڵێت و ،
دەڵێ وریابە، هەریەکە کێچێک کەوڵی دڕیوین
من: کێچی دووری
تۆ : کێچی سنوور

## ٣- چرکە جیاوازەکان

وڵاتی تەمەنم هەر کۆت و پەرژین و سنوورە
لە شاری ئەندێشەم بەولاوە هیچی دی شک نابەم
بەهارە و مەلی ناخ کۆچ دەکا و کۆچ دەکات
بەهارە و سۆز و ئاخ
کۆچ دەکا و کۆچ دەکات
مانگەشەو نۆتە بۆ قەتاری تریفەی ڕێک دەخات
نەء ، قەتار وا نابێ
هۆرەیە
هۆرەیە، کەسەکەم، بێکەسیم دەدوێنێ
مەلی ناخ کۆچ دەکات
نە پاسار دەتوانێ ڕایبگرێ

نه باڵی زمانی مانووبوو دەزانێ..
بێچووی ئەم بەستەیەم..
له لانەی کام سۆزدا بنوێنێ
هۆرەیە، کەسەکەم، بێکەسیم دەدوێنێ
گۆمی (وان) هەواڵی تینوێتیی (مەندەلی)..
له (سیروان) دەپرسێ
(ئاگریداغ) چاوەڕێی پەیامی (شیرین)ە
داستانی (شیرین)یش ئەمجارە..
له کۆشی(خەردەل)دا چاوانی هەڵدێنێ
(فەرمانە)... !
مردنیش، ئا مردن..
له چاوی کراوەی شەهیدان دەترسێ
تاریکیی دەروازەی مێژووە
دەسا دەی مۆمەکان له گۆڕ نێن
نەبا ڕق له دڵی مۆمێکدا ڕاپەڕێ و ، داگیرسێ
هۆرەیە
گیا و خەڵە و دارستان..
له سایەی مەرگێکی نادیاردا...
دوا ساتی تاریکیی تەمەنیان دەپێون
هەر گوڵ و بنچکێک..
گیرۆدەی سەدهەزار خۆرەیە
هۆرەیە
(ئاربەبا) له پرسەی (شنرۆێ) و (نوەر)دا..
ڕوومەتی خۆی دەڕنێ
شاکێژی (ماردین)ی مەکۆی خەم..
له دەشتی بەرینی گەرمێندا..
له بریی دەسکە گوڵ، خەم دەچنێ
ئەمساڵیش بەفری تەمەنم وشک بوو
" له گۆ چوون " مەرزی نێوان پەنجەم و بەفر ماڵینە
ڕەشەبا و شەماڵ..
بەفری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشیان بە سەردا هێنام
کۆختی نەگبەتیم چڵە تەروویەک کاریتەیەتی و ،
بە چڵ و چێوی پووکاو دارەڕای سەربانی خۆم کرد
ئاخر کەی "تەروو" دەبێتە شادار ؟
کەی چل و چێوی پووکاو له سەختیی ئەم کوێستانەدا..
دەتوانێ عومری ئەم کەلاوەیەم درێژکاتەوە و ،
بگاتە بەهار !؟
کۆڵ وبارگەکەت بپێچەرەوە و ،
دەی.. خۆت ڕزگارکە
نەبا کۆختەکەت بتەپێ، ڕابە و ،
بۆ هەر کوێ دەڕۆی ، بڕۆ، دەی بارکە
- ئەی بۆ کوێ بڕۆم !؟
باشوور و باکوور..
هەر یەکە سەدان باسک و زینویان له ئامێزدایە
دەبێ تا کەنگێ بەفر بشکێنم؟
تینووم و بەفر دنیای پۆشیوە
کانی و جۆگەلەی سەر ڕێم بزر بوون
(ڕێبەندان) خەمی چ بەهارێکی له کانگادایە و ،
(ڕەشەمێ) کامە گرمە و بانگێکی هەوری له کنە
ئاخ، سنوور هێڵی مردنە و هیچ کەس بێ ترس نایگاتێ
ئەمشەو کە چاوم لێک نا لافاوی گومان ڕایماڵیم
هەرچی خەونێکم لەم سەرمایەدا دیتن ئاگر بوون
کوا .. ڕێگا کوانێ، کێ ڕێی دەباتێ ؟
هەی هەشم بەسەر
زستانی نامۆ و بێدەرەتانان بەس بەفر نییە..
ئاگری سوورە
بۆ هەرکوێ بڕۆم هەمان مزگێنیی ڕەشم دەداتێ :
کانگا سنوورە
ڕێگا سنوورە
دۆست هەر سنوورە و دوژمن هەر سنوور
ڕۆژ ئاوا بوو ، یەکەم پەردەی شەو نووکەڵی گومانە
سنوور دەستی بەزەیییە و وا دەشکێ
شار سیناریۆی نەمانە
شار گوارەیە..
گوێی شەهیدی بۆ دەبڕن
شار پارەیە..
جلی زاوای کارەساتی پێ دەکرن
من ئەم سووتانەم خۆش دەوێ
کە ئاگر، نێوان دیدەم و گەشیی جیهان داناپۆشێ
کە بۆکرووز..

هەر لە ناخمدا دەمێنێ و ناگاتە کەس
کە جەستەی قورس و ژەنگ گرتووم لە نێو دەچێ و،
مردن نابێتە سنووری نێوان ستیی و جۆشی گیانم
من ئەم ئاسمانەم خۆش دەوێ..
کە وەک کراسی هەمیشبە و تێرت شینە
بەڵام نامخاتە ژێر باری بیری جەستەی داپۆشراوت
کە وەک نیگای تۆ بەرینە
بەڵام ناخرێتە چوارچێوەی ڕەشیی چاوت
شار وشکاییی بیابانە
مردوویشی حەز دەبزوێنێ
شار ڕووبەری ئاوێنەیە
هەموو کاتێک ڕیسوایی و مەرگمان دەدوێنێ
ئەی سوارانی ڕێگای خەمی ..
کەسک و زەرد و قاوەیی و سوور
چیمان ماوە !؟
ڕووت و قووت و پێ خاوسین
لە پێدەشتی ئەم وێرانی و مەرگە یەکجار سامناکەدا..
نەک هەر دڵمان..
لەشمان، گیانمان، بوونمان هەموو بۆتە برین
دە ئێوەش بەسە، چیدی ئەو گیان و بوون و
جەستەیەمان..
مەدەنە دەستی بێگانە و کرمی سنوور

تۆم خۆش دەوێ
بە کچێتی..
بەژنێتی هەموو تاسەیەکی ئاوارە بوویت..
هەرگیز لە گەڵ مێردت نانویت
نە کۆرپەیت و نە هەرزەکار، نە کیژ، نە ژن

تۆم خۆش دەوێ
لە نێو هەموو کەلێنێک و ،
لە ناخی گشت خۆزگەیەکدایت
کەچی نە خۆتیت و نە ئەو، نە ئەم، نە من

من لێرەدام..

لەوێ و لە گشت شوێنێکی دیی ئەم کەونەدام
ئاگرێکم لە ناخدایە
مستێک شوێنی نێو سینەمی کردۆتە زێد
هەمیشەیی و بەرزەفڕە
هەموو جیهانیش تەونێکە،..
من خاڵێکم، لە نێو جەرگەی ئەو تەونەدام
بەو ئاگرە،..
تەونی گەردوون..
لە سووتان و توانەوەی خۆدا چڕتر دەکەمەوە،
ڕازی هەموو گەردیلەیەک وا دەدوێنم
... سنوور، سنوور
ڕازی هەموو گەردیلەیەک هەر سنوورە،
من ئاگرم بۆ ئەمڕۆیە :
بەو بستە شوێنەی نێو سینەم..
سنوورەکان دەسووتێنم
ئەی سنووری سنوورشکێن
ڕقم لێتە و خۆشم دەوێی
ئەی تەمەنی تەمەن سووتێن
تۆ کازیوەی.. ڕۆژی.. ئێوارێیت و شەوێی
ئەی هەموو شوێنێک و ئەی ناشوێن
لە هیچ خاکێکدا نابیندرێی
کەچی هەر خۆت ئێرە و ئەوێی
ڕقم لێتە و خۆشم دەوێی
پێویستم پێتە و نامەوێی

هۆرەیە
ئەم کەونە بەرینەش،..
گیرودەی سەد ملیار سنوورە
گیرودەی سەد ملیار خۆرەیە

ئێستا پرسە دەست پێ دەکات، هەی هاوار،..
چاومان نەما بۆ گریان
دەستمان نەما بۆ شیوەن و قوڕپێوان
دڵمان نەما
دەنگمان نەما

ڕەنگمان نەما
ئەی هەناسەی گەرمەشینی داپیران
ئەی حەیرانی کوڕی جوانان و پیران
وەرن هەموو
با فرمێسکێک بڕێژین،
تەرمی شارێک بنێژین
ئێستا پرسە دەست پێ دەکات، دە ڕابن
ئێستا هەواڵمان پێ دەگات، ئازا بن
ئێستا مردن لە نێوماندا بانگ دەدات
ئێستا هەرکەس کوڵێک ژان بۆ خۆی دەبات،
وریا بن
ڕۆژ ئاوا بوو..
ڕۆژووی کپ بوون بشکێنن
شەو زاوا بوو..
سێ دڵۆپ خوێن ڕابگرن
سەد دڵۆپ خوێن بتکێنن


ڕۆژ ئاوا بوو، یەکەم پەردەی شەو دووکەڵی گومانە
سنوور دەستی بەزەییەوە وا دەشکێ
شار سیناریۆیی نەمانە
شار گوارەیە..
گوێی شەهیدی بۆ دەبڕن
شار پارەیە..
جلی زاوای کارەساتی پێ دەکڕن

وا شەو داهات
شار سیناریۆی خۆشاردنەوە و لە گۆڕنانی بەڵگەکانە
ئێستا پرسە دەست پێ دەکات
شار وشکاییی بیابانە..
مردوویشی حەز دەبزوێنێ
شار ڕووبەری کامێرایە..
هەموو کاتێک ریسوایی و مەرگان دەدوێنێ

خەونم بەرەو ئێوەم دێنێ
لە گیانمدا بۆ ئەو ئاوازە دەگەڕێم،..
کە ژیان و بوونم کەمێ چرکاتەوە
بە دەمارمدا کۆچ دەکەم
دەڕۆم ڕووەو خاڵێکی دوور
ئێوارانێ ئەم سەردەمە..
سیمای خوێنینیان پێوە دیارە،
لە هیچ ناگەم !
شەوانی ئەم سەدەیەی ڕق..
بە قەد خەردەل تاوانبارە
شەو پەردەیە و تاوانبارە

لە هیچ ناگەم !
بەڵام دەڕۆم
ڕووەو باکوور، ڕووەو باشوور
لە خەڵوەتگەی ڕۆچوونمدا ،..
باوەش بە ئاسماندا دەکەم
ئۆقرە لە کانگامدا گەشتی مەبەستێکە :
مەرگی سنوور

١٩٨٨/٨/٢٣ تـــــــ ١٩٨٩/٧/٢٦



**عەبدوڵڵا قەرەداغی**

ساڵی ١٩٥٧ لە کفری (خوارووی کوردستان) لە دایک بووە. لە زانستگەی بەغدا (عیراق) فەلسەفەی خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٥ دەستی بە شیعرنووسین کردووە و تا ئێستا دوو دیوانی بڵاوکردۆتەوە : لە پەرستگای چاوی نیشتماندا نوێژێکی دی - ١٩٨٨، تەونی گومان - ١٩٨٩ (دە دانەی لێ چاپ کردووە).

# ئۆنتۆلۆژیی زات

## لێکۆڵینەوەیەکە لەبەر ڕۆشنایی‌ی فەلسەفەی دیالێکتیکی هێگڵدا

محەمەد کەمال
زانستگەی کەراچی

### بەشی دووەم
### زات و بابەت: ڕوانینێکی ئەپستمۆلۆجیانە

ئەشێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئایا بوونێکی هۆشەکی چۆن ئەبێ بە سەرچاوەی جیهانی ماتریال ؟ بەڕای هەندێ ئایدیالیست بە تایبەتی ئەوانەی شوێن ڕاڕەوی مۆنیزم Monism ئەکەون (وەک بارکلی و فیختە و هیگڵ) ماتریال وجوودی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا بیرە (Ideas). بۆ نموونە، هەموو ئەزانین (مێز) بابەتێکی بەردەستەکی و ماتریاڵە. بەڵام بۆ ئەوەی بیناسین ئەبێ سیفاتەکانی شی کەینەوە وەک، مێزەکە بابەتێکی قاوەیی و ڕەق لاکێشەیی‌یە...هتد. بە بێ ئەم سیفاتانە مێزەکە ناناسین، یاخود مێزەکە وجوودی نییە. سیفاتەکانیش بیری هەمەکین General idea و لە ناو زاتدان نەک لە ناو بابەتەکەدا. ئەگەر هات و ئەم سیفاتانە لە مێزەکە دابڕین، هەرگیز وەک خۆی نامێنێتەوە و ئەبێ بە شتێکی تر، بوونی مێزەکە بەستراوە بە بوونی سیفاتەکانەوە کە ئەمانیش بیری هەمەکین. بیری هەمەکیش بەرهەمی زاتە و هۆش پێکیان ئەهێنێ. وەیا نموونەکە بە شێوەیەکی‌تر ئەهۆنینەوەو با بڵێین شاگردێکی ئایدیالیستی مۆنیستی پرسیارمان لێ ئەکات، ئایا مێز چییە؟ ئێمەش وەکو شاگردی فیزیکی نوێ لەوەلامدا ئەڵێین، بابەتێکە لە ملیۆنەها ئەتۆم پێکهاتووە. ئایا ئەتۆم چییە؟ ئەتۆم لە ئەلکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن پێکهاتووە. ئەی ئەمانە چین؟ ئایا ماتریالن یا وزەن؟ بێگومان ماتریال نین. لە ئەنجاما شاگردانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵێن ماتریال وجوودی نییە، ئەوەی هەیە کۆمەڵێ سیفاتن و زات دروستی کردوون.(١)

لەوەو پێش باسمان کرد فیختە ڕاڕەوە دووالیستییەکەی کانتی ڕەت داو ڕاڕەوی مۆنیزمی بۆ خۆی دیاری کرد. بابەتی کرد بە قوربانی زات و بڕوای بە مەوزووعییەت و سەربەخۆیی‌ی جیهانی دەرەوەی زات نەهێنا. شێلنگ و هیگڵ بە دووقۆڵی دژی ڕاڕەوەکەی فیختە وەستان. هیگڵ تا ساڵی ١٨٠٦ هاوڕێیەتیی لەگەڵ شێلنگدا خۆش بوو، لە ژێر کارتێکردنی شێلنگدا ئەینووسی: لەو ساڵەدا لەگەڵ دەرچوونی پەرتووکی یەکەمی هیگڵدا (فینۆمینۆلۆژیی هۆش)، نێوانیان تێک چوو چونکە هیگڵ بە بێ ئەوەی ناوی شێلنگ بهێنێ هێرشی بردۆتە سەر فەلسەفەکەی لەم شا بەرهەمەدا بۆ یەکەم جار وەک فەیلەسووفێکی ڕەسەن و داهێنەر بانگەوازی

سیستەمێکی نوێی هەڵدا، پەیوەندیی نێوان زات و بابەتی دیالێکتیکیانە چارەسەر کرد. هەروەها باسی سیستەمێکی ئۆرگانیکیمان بۆ ئەکات کە هەموو بابەتەکان بەستراون بە یەکەوە و هەموویشیان لە ناو بوونێکی موتڵەقدا نەش و نما ئەکەن. ئەم بۆچوونە نوێیە لە لای زۆر زانایان وەک مارکس و مارکۆزو لۆکاش گرنگە و چەکێکی فەلسەفییە دژی بیروباوەڕی بورژوا و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بەکار دێت.(٢) لە لایەکی‌ترەوە هیگڵ وەک زانایەکی فێرگەی هەستەکی، یا وەک کانت سەرەتای زانین ئەگەڕێنێتەوە بۆ ئەزموونی هەستەکی و لەوێوە دیالێکتیکی هۆش ئەخاتە ڕێ. ئەمەش ئەوەمان پیشان ئەدات کە وەک ئەفلاتون و دێکارت زانینی هەستەکی بە پووچەڵ و بێسوود دانانێ.

بە تێکڕا، هیگڵ بە سێ شێوە چارەسەری مەسەلەی زات و بابەت ئەکات و دیواری نێوانیان ئەڕووخێنێ:

یەکەم: یەک چاوگەی ئەنتۆلۆجی.
دووەم: یەک چاوگەی لۆجیکی.
سێهەم: یەک چاوگەی ئەپستمۆلۆجی.

**یەکەم: یەک چاوگەی ئەنتۆلۆجی.**

زاتی موتڵەق تاکە ڕاستەقینەیە و سروشت فۆرمی دەرەکییەتی. هەرچەندە سروشت نا-گیانەکییە و بێهۆشە، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ زاتدا هەیە. زات و بابەت بە پێی ئەم بۆچوونە دوو دیووی یەک ڕاستەقینەن و لە یەکتر جیا نابنەوە.

**دووەم: یەک چاوگەی لۆجیکی.**

لۆجیکی هیگڵ بە دیالێکتیک ناسراوە، کە گۆڕانێکی هەمیشەیی‌ی سێکوچکەیی‌ی هەیە و بەرەو پێشەوە، لە پلەیەکی نزمەوە بۆ پلەیەکی بەرز نەش و نما ئەکات. لێرەدا زاتی موتڵەق لە سێ کوچکە مەزنەکەدا بابەتە Thesis، سروشت دژەکەیەتی Antithesis، تێهەڵکێشەکەیان Synthesis ئەم جیهانە ئۆرگانیکە زیندووەیە ئێمەی تیا ئەژین. بابەت و دژی بابەت جیاوازن و لە هەمان کاتدا یەک شتن و یەک سەرچاوەیان هەیە. سروشت وەک وتمان شتێک نییە لە زاتی موتڵەقەوە جیاواز بێ، بەڵکوو یەکن و سروشت پاشکۆی زاتەکەیە.

**سێیەم: یەک چاوگەی ئەپستمۆلۆجی.**

ئەم لایەنە بەشێکی گەورەی پەرتووکی فینۆمینۆلۆجیی داگیر کردووە. وەک باسم کرد هیگڵ لەسەرەتاوە پەنای بردۆتە بەر ئەزموونی هەستەکی و ڕەفزی ئەم جۆرە زانینە ناکات. لە ئەزموونی هەستەکیدا زات ڕاستەوخۆ ڕوو ئەکاتە بابەتەکەو پەیوەندیی لەگەڵدا ئەبەستێ. بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی بابەتەکە بە ڕێگای شی کردنەوەی سیفاتەکانیدا بناسێ. ئەوەندە ئەزانین کە بابەتەکە شتێکی سەربەخۆیەو لە بەردەمماندا قوت بۆتەوە. بە ڕای هیگڵ هەڵوێستی زات بەرامبەر بابەتەکەی لەم حاڵەتەدا ڕاستەوخۆو ڕەسەنە(٣) چونکە هیچ دیوارێک یا پەردەیەک نەکەوتۆتە نێوانیانەوە. تەنانەت زمان یا بەکارهێنانی وشەش نەهاتۆتە کایەوە تا زات تەعبیر لە بابەتەکە بکات. لە هەمان کاتیشدا هەژارترین جۆری زانینە چونکە زات هیچ شتێک

له بارەی بابەتەکەوە نازانێ جگە لەوەی کە شتێکە (هەیە) و لەبەر لووتماندا قوت بۆتەوە.(٤) ئەم قۆناغە سەرەتاییە لەو زانینە ڕاستەوخۆیە ئەچێ کە برتراند ڕەسل باسی کردووە و لەو جۆرە زانینەی جیا کردۆتەوە کە مرۆڤ لە ڕێگای وەسف کردنەوە پێی ئەگات. ئەمجا بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە بناسین پێویستە بیخەینە بەر ڕۆشنایی‌ی وەسف کردن و سیفاتەکانی شی کەینەوە، لێرەشدا پێویستیمان بە بەکارهێنانی زمان هەیە «ئەوەی باسی ناکرێ نادروست و ناماقووڵە » (٥)، بەم شێوەیە زمان بۆ هیگڵ ئامێرێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ زانین.

ئایا ئەو بابەتە چییە لە ئاستی زاتدا وەستاوە؟ ئەوەندە ئەزانین کە شتێکە (هەیە). زاراوەی (هەیە) بیرێکی هەمەکییە ئەخرێتە پاڵ هەموو مەوجووداتێکەوە. بۆ ئەوەی زیاترمان بۆ ڕوون بێتەوە، ئەڵێین ئەو شتە چییە (هەیە)؟ لەوەڵامدا، شتێکە (ئێستا) (لێرە) دایە. ناسینی بابەتەکە بەستراوە بەم بیرە هەمەکییانەوە (وەک هەیە، لێرە، ئێستا). بە بێ ئەمانە هیچ بابەتێک ناناسین.

لەبەر هەژاری و دەست کورتیی زانین لە قۆناغی سەرەتاییدا، زات هەوڵ ئەدا خۆی بگەیەنێتە قۆناغێکی بەرزتر تا زیاتر بابەتەکەی لێ ئاشکرا بێت. ئەم قۆناغە نوێیە بەیارمەتیی (زمان) بابەتەکە ئەخاتە ژێر شی‌کردنەوەوە بەڵام هەموو ئەو سیفاتانەی بۆ زات ئاشکرا ئەبن، هەستەکین (وەک ڕەنگ و بۆن و تام...هتد). بۆ نموونە، ئەو شتە کە ئێستا لە بەردەممانداپە مێزە، مێزیش شتێکی قاوەیی و ڕەقە و لاکێشەیی‌یە و چوار قاچی هەیە، بۆ خوێندنەوە و نوسین یا نان خواردن بەکار دێت. هەموو ئەم سیفاتانە هەستەکین و هەمەکین. لە ڕێگای هەست کردنەوە پێمان ئەگەن و لە زۆر بابەتی تریشدا هەن. بەڵام مێزەکە یەک مێزەو هەندەکی‌یە Particular.

بەو نیازەی لە دەست ناکۆکی و کەم و کوورییەکانی قۆناغی یەکەم ڕزگارمان بێ، خۆمان گەیاندە قۆناغی دووەم (ئەزموونی هەستەکی Perception) کەچی لێرەدا تووشی ناکۆکیی تازە بووین. لە لایەکەوە ئەڵێین مێزەکە یەک شتەو هەندەکییە، لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵێ (چەند) سیفاتێکی هەمەکییە. ئەگەر بابەتێک یەک و چەند، یا هەمەکی و هەندەکی بێت ئەوا شتێکی ناکۆکە، وەک ئەوە وایە بڵێین مێزەکە یەک شتەو زۆر شتیشە.

ناکۆکییەکانی ئەزموونی هەستەکی کۆڵ بەزات نادەن؛ بەڵکە هانی ئەدەن کە خۆی بگەیەنێتە قۆناغێکی بەرزتر و سنووری هەست کردن و سیفاتە هەمەکییە هەستەکییەکان ببڕێ و جەوهەری بابەتەکە بدۆزێتەوە. زات ، بەڕای هیگڵ، بابەتەکان ئەکات بە دوو بەشەوە، بەشی ناوەوە (جەوهەر)، بەشی دەرەوە کە دیارە و ڕواڵەتی بابەتەکان و هەست کردنمان ئەیناسێ. دۆزینەوەی جەوهەر ئەکەوێتە سەرشانی تێگەیشتن Understanding کە چەکی فەلسەفەکەی کانتە. لە سەر بناغەی تێگەیشتنیش کانت جیهانی نۆمینەی لە جیهانی فینۆمینە جیا کردەوە و نۆمینەی بە جیهانی نەناسراو و نادیار دایە قەڵەم. هیگڵ توانیویەتی خۆی لەم لەغزە دووالیستییە ڕزگار کات و لە زۆر جێگادا لە پەرتووکی فینۆمینۆلۆجی و زانستی لۆجیکدا ڕەخنەی لە کانت گرتووە. محاوەلاتەکانی هیگڵ مەسەلە دووفاقییەکانی ڕەت داوەتەوە، بڕوای بە دیوی نەناسراوو نادیاری جیهان نەهێناوە. بەم پێیە (جەوهەر) شتێکی شاراوە نییە، بەڵکە هێزی ناوەوەی بابەتەکانەوە و لە ڕێگای ڕوخسارو دیوی دەرەکی و جووڵانی بابەتەوە تەعبیر لە خۆی ئەکات. لە کاتێکا بابەتێک ئەناسین جەوهەرەکەشیمان لا ئاشنا ئەبێ. جەوهەرو ڕواڵەتی بابەتەکە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان هەیە و تەواوکەری یەکترین.

بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی‌یەکانی قۆناغی سێیەم کە لە نێوان دیوی ناوەوە و دیوی دەرەوەدا سەری هەڵداوە، زات ڕووئەکاتە قۆناغێکی بەرزتر بەناوی هۆشەوە Reason. هۆش ئەو هێزەیە کە هەموو لایەنەکانی بوون چی دەرەوە یا ناوەوە بە یەکەوە ئەبەستێتەوە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەک لە نێوانیاندا ڕائەماڵێ. لەم دوا قۆناغەدا بابەتەکە بووە بە شتێکی بیرەکی و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زاتدا نییە. زات خۆی ئەکات بە خاوەنی بابەتەکە و لە گەڵیا یەک ئەگرێ و هۆش لەدەست نامۆیی ڕزگاری ئەبێت(٦).

دیالێکتیکی هۆش یا زات، وەک هێزی گۆڕان و نەفی تەنیا لایەنی تیۆریی زات ناخاتە ڕوو. زات لە ڕێگای ناسینی بابەتەکەوە ئەتوانێ بابەتەکە بگۆڕێ بۆ بیرو بیکات بە ماڵی خۆی. بەڵام تیۆری و پراکتیک لە سیستەمی دیالێکتیکدا لە یەکتر جیا نابنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە دیالێکتیکی زاتەوە بپەڕینەوە بۆ دیالێکتیکی کار Dialectic of labour، پێویستە زانین ببێت بە هێزی گۆڕان و داهێنانی واقیع.

## «دیالێکتیکی کار» و «حەز»

بۆ گۆڕانی جیهان و خۆ بە خاوەن کردنی بابەتەکان، پێویستمان بە حەز هەیە. هەتا حەز لە شتێ نەکەین هەوڵی بۆ نادەین. کەس لە ئێمە ئەو بابەتە لەگەڵ خۆیدا گل ناداتەوە کە حەزی لێ ناکات یا خۆشی ناوێ. حەز لێرەدا تەنیا هێزێکی سایکۆلۆجی نییە، بەڵکە هاندەرێکی فەلسەفییە کە ئەبێ بە سەرچاوەی گۆڕانە مێژوویی‌یەکان و خود- ئاگایی زات.(٧)

کە تینووم ئەبێ، حەز لە ئاو ئەکەم. حەز کردن لە ئاو سێ شتم پێ ڕادەگەیەنێ: یەکەم، «من» تینوومە. دووەم، حەز لە ئاو (بابەت) ئەکەم. سێیەم، حەزەکە حەزی منە. «من» وەک زات لە ڕێگای حەز کردنەوەی سەری هەڵداو بە ئاگا بوو. دوای ئەمە حەز کردن هانم ئەدات بابەتەکە وەدەست بهێنم. کە پەرداخە ئاوەکە ئەخۆمەوە، بوونی سەربەخۆیی‌ی ئاوەکە ڕەفز ئەکەم و ئەیکەم بە بەشێک لە بوونی خۆم. زات و بابەتەکە ئەبن بەیەک. لەوانەیە ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خۆمان بکەین کە جیاوازیی نێوان حەزی مرۆڤێک و حەزی پشیلەیەک چییە؟ هیگڵ جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە حەزکردنەی بە ئاشکرا ڕوون نەکردۆتەوە. حەزی مرۆڤ وەک هێزێکی نێگەتیڤی وەسیلەیەکە بۆ خود-ئاگایی و گۆڕانی واقع. بەڵام لە لای پشیلەیەک ئەم حاڵەتانە ڕوونادەن؛ وەک حەیوانێک نە بەدوای زاتیا ئەگەڕێ و نە ئەیەوێ واقیعیش بگۆڕێ. حەزی حەیوان ڕوو ئەکاتە بوون و لەوە زیاتر ناڕواو بوونیش ناخاتە فۆرمێکی تازەوە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە حەزی پشیلەیەک بۆ پشیلەیەکی‌تر جگە لە پێویستییە سێکسییەکە هیچی‌تر نییە. بەڵام مرۆڤ، تەنانەت لە کاری سێکسیشدا نایەوێ وەک حەیوان

بمێنێتەوە و تەنیا برسێتیی بایۆلۆجی پڕکاتەوە. مرۆڤ ئەیەوێ کەسانی‌تر ئیعتراف بە بوونی بکەن، شوێن بیروباوەڕەکانی بکەون، حەزی لێ کەن، بۆ ئەمەش خۆی ئەخاتە ناو جەنگی مان و نەمانەوە. مرۆڤ حەز لە بوون ناکات بەتەنیا، بەڵکە حەز بە کەسانی‌تریش ئەکات و(٨) ژیانی کۆمەڵایەتی دائەمەزرێنێ. ئەو ژیانەش بە جەنگ دەست پێ ئەکات، ئەمانەوێ کەسانی‌تر ئیعتیراف بە بوونمان بکەن. «حەز» وەک هەموو هێزێکی نێگەتیڤ هۆی ڕووخان و دامەزراندنە، لە بەر ئەمەشە حەز لە فەلسەفەکەی هیگڵدا حەزێکی حەیوانی نییە، بەڵکە حەزی مرۆڤە.

مرۆڤ زاتێکی تەماعکارە. بە داگیرکردنی سروشت و گۆڕانی بابەتەکانی دەورو پشتی ڕازی نابێ و ڕوو ئەکاتە زاتەکانی‌تر. زات حەز لە زاتێکی‌تر ئەکات و ئەیەوێ داگیری بکات، بیکات بە موڵکی خۆی. زاتەکەی بەرانبەری ئەبێ بڕوا بە بوونی بکات. داگیرکردنی زاتێکی‌تر، وەک خواردنەوەی پەرداخێ ئاو یا کڕینی کراسێ هێندە ئاسان نییە. چونکە ئەویش زاتە، خاوەنی بیر کردنەوەو دەسەڵاتە، ئەویش ئەیەوێ ئێمە بڕوا بە بوونی بکەین. لەم نێوانەدا، (بەڕای هیگڵ) هەردوو زاتەکە بڕیار لەسەر جەنگ ئەدەن. لایەنێکیان ئەبێ لایەنێکی‌تر بشکێنێ و چۆکی پێ‌دادات. با بڵێین زاتی یەکەم چاو نەترسە و گوێ ناداتە مردن. زاتی دووەمیش لە مردن ئەترسێ، ئەیەوێ بە هەرچ جۆرێک بێ بژی. لە ئەنجامی جەنگەکەدا (ترس لە مردن) وا لە زاتی دووەم دەکات کە مل بۆ زاتی یەکەم کەچ کات و ئیعتراف بە دەسەڵات و هێزو توانای بکات و خۆی بە کۆیلەی دانێ. زاتی یەکەمیش، نەترسە، ئاڵای سەرکەوتن هەڵئەکات و خۆی بە ئازاد دائەنێ و ئەبێ بە خاوەن کۆیلە. زۆرانبازیی نێوان ئەم دوو هێزە، چ هێزی تاک بن، یا هێزی چینەکانی کۆمەڵ، حەتمییە، هیگڵ وا بۆی ئەچێ کە مرۆڤ ناتوانێ لێی ڕاکات. حەتمییەتی تراژیدیەتی مێژوو (چەوساندنەوەی مرۆڤ) ئەوە ناگەیەنێ کە کۆیلەیەتی هەتا هەتایە ئەبێ بە مۆرکی شارستانیەت و، مرۆڤ ناتوانێ ئازاد بێ. هیگڵ بڕوای تەواوی بە هەڵسانەوەی هێزی کۆیلە هەیە و بە تاکە تروسکەیەکی دائەنێ لە ئاستی گۆڕانەکانی مێژوودا. با بزانین ئەم خاڵە تا چ ڕادەیەک دروستە و مارکسیش چۆن سوودی لە هیگڵ وەرگرتووە.

زاتە نەترسەکە دوای جەنگە خوێناوییەکە ئەبێ بە خاوەنی سروشت و خاوەنی زاتی دووەمیش (کۆیلە). زاتە کۆیلەکە ئەخاتە ژێر زەبرو کاری پێ ئەکات، تا سروشت بگۆڕێ بۆ ئەو جیهانەی چێژی لێ وەرئەگرێ. خاوەن کۆیلە (زاتە ئازادەکە) کارناکات، بەڵام خاوەنی بەرهەمی کۆیلەکەیە و بە کاری ئەهێنێ. کۆیلەش هەموو کارێ ئەکات، سروشت ئەگۆڕێ بۆ جیهانێکی نوێ، خاوەنی هەموو شتێکە، بەڵام خاوەنی هیچیش نییە، ئارەق و هێزی بازووی کۆیلەکە بناغەی شارستانیەت بەرزئەکاتەوە، بەڵام بەشی نییەو هیچی نادرێتێ. خاوەن کۆیلە لە ناو زەریای حەزو ئارەزووەکانیدا نوقم بوە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە هیگڵ ئەڵێ خاوەن کۆیلە بەهەڵەدا چووەو، سەرەڕای ئەوەی جیهانی داگیرکردووە و خاوەنی زاتە کۆیلەکەیە، هێشتا زاتێکی ئازاد نییە و لە ئازادی نەگەیشتووە. هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: بۆ ئەوەی زات ئازاد بێ و جیهان بکات بە موڵکی خۆی، زاتێکی‌تر ئەچەوسێنێتەوە. زاتە چەوساوەکە ئەبێ بە کۆیلە. کۆیلەش (وەکو لە مێژوودا باس کراوە) سیفاتی مرۆڤی لێ داماڵراوە و وەک کەل و پەل هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە. کۆیلە وەک هەموو کەل و پەلێکی‌تر لە بازاڕدا کڕاوەو فرۆشراوە، یا زۆر جار خاوەن کۆیلەکە کوشتوویەتی بە پێی یاسای یونانی و ڕۆمانیش کۆیلە مافی نەدراوەتێ لە حوکمڕانیدا بەشداری کات و دەنگ هەڵبڕێ. لێرەدا هەڵەی گەورەی خاوەن کۆیلەکە لەوەدایە کە زاتێکی‌تر وەک زاتەکەی خۆی بڕوا بە بوونی ناکات، ئەو ئیعترافە لە لایەن کۆیلەکەوە دانی پیانراوە، کە لە چاوی خاوەن کۆیلەکەدا زات یا مرۆڤ نییە بەڵکە کەل‌و پەلە.
دووەم: خاوەن کۆیلە زاتێکی تەمەڵ و بێکارە، نەبووە بە هێزی گۆڕان و داهێنان، ئەو زاتەی جیهان ئەگۆڕێ کۆیلەکەیە، جا ئازادیی مرۆڤ لە ئەنجامی گۆڕان و داهێناندا دێتە کایەوە.
سێیەم: ئەوەی خاوەن کۆیلە هەیەتی و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری ئەهێنێ و چێژی لێ وەرئەگرێ، بەرهەمی کۆیلەکەیە. ئەگەر کۆیلەکە مان بگرێ و کار نەکات خاوەنەکەی لە برسا ئەمرێ. کە وا بوو خاوەن کۆیلە ژیانی بەستراوە بە کار کردن و بەرهەمی کۆیلەکەوە، ئیعتمادێکی تەواو ئەکاتە سەر کۆیلەکە. بە بێ کۆیلە ناتوانێ بژی. خۆبەستنەوەو ئیعتماد کردنە سەر کەسانی‌تر دوورە لە ئازادییەوە.
زاتە نەترسەکە بە نیازی ئازاد بوون کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە لە ئەنجامدا نەخاوەن کۆیلە ئازادەو نە کۆیلەش. ئازادیی کۆیلەکە هێشتا نەهاتۆتە کایەوە چونکە لە ژێر حوکمی خاوەنەکەیدا بۆ خاوەنەکەی کار ئەکات. بەڵام کاتێ کۆیلەکە ڕاستەقینەکانی بۆ دەرئەکەوێ و ئاگاداری زرووفە نالەبارەکانی ژیانی خۆی ئەبێت چرای سەری دائەگیرسێنێ و بە بێ ترس خۆی فڕێ ئەداتە ناو جەرگەی جەنگی مان و نەمانەوە لەگەڵ خاوەنەکەیدا. وەک هیگڵ بۆمەسەلەکە ئەچێ، مەرج نییە ئەم ئاگایی‌یە لە هەموو سەردەمێکا ببێتە مەشخەڵ بۆ شۆڕشی چینایەتی. زۆر جار وا ڕێ کەوتووە کۆیلەکە بە ئاگا ئەبێتەوە، کەچی ئامادە نییە خۆی بخاتە جەنگەکەوە و لە مردن ئەترسێ.(٩) لە ناچاریدا ئەگەڕێ بە شوێن بیانووی خۆدزینەوە لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە، یا وەک سارتەر ئەڵێ فڕوفێڵ لەگەڵ خۆیدا ئەکات و خۆی هەڵئەخەڵەتێنێ. لە ئەنجاما تەسلیمی کۆمەڵێ بیرو باوەڕ ئەبێ وەک ڕواقی Stoi-cism، گومانگاری Scepticism، ئایینی Unhappy Consciousness، کە هیگڵ ئەڵێ ئایدیۆلوجیی کۆیلە.(١٠)
کۆیلە بە حوکمی ئاگا بوونەوە، بڕوای بە ئازادی هەیە، ئەزانێ جیهان موڵکی ئەوە و مافی خاوەنەکەی پێوە نییە، لەهەمان کاتدا لە مردن ئەترسێ، نایەوێ تووشی جەنگێکی‌تر ببێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی لەم ناکۆکییە ڕزگار کات، ئازادی ئەگەڕێنێتەوە بۆ بیر، یا جیهانی ناوەوەی زات، مادام مرۆڤ لە جیهانی ناو زاتیدا، لە ناو خەو و خەیاڵیدا، لە بیر کردنەوەیا ئازادە و هیچ هێزێک ناتوانێ جیهانی ناوەوەی داگیر کات، ئەوا نابێ بە کۆیلەو کەس ناتوانێ بیچەوسێنێتەوە، چونکە ئەو جیهانە زاتییە ڕاستەقینەی مرۆڤە. جا ئەگەر خاوەنەکەم، یا دوژمنەکەم دەست و قاچم زنجیر کات، ناتوانێ باڵی پەلەوەرەکانی خەو و ئەندێشەم هەڵکێشێ و نەیەڵێ

له ئاسماندا بفڕن. ئەم هەڵوێستە لە فەلسەفەدا ناو ئەبرێ ڕواقی و ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنان و ئەو فێرگەیەی زینۆ(١١) دوای مردنی ئەرستۆ دایمەزراند. ڕواقییەکان ئازادی بە بیروەوە ئەبەستنەوە و لە واقعی دەرەکیی دائەپچڕێنن، تیۆری و پراکتیس لە یەک جیا ئەکەنەوە. مادام مرۆڤ لە بیرکردنەوە و جیهانی ناوەوەیدا ئازادە پێویست ناکات هەوڵ بدات لە جیهانی دەرەوەدا ئازاد بێت، چونکە جیهانی دەرەوە حەقیقی نییە. مرۆڤ ڕەش بێ یا سپی، ئاغا بێ یا ڕەنجدەر جیهانی ناوەوەی زاتی ناخرێتە ژێر هیچ جۆرە حوکمێکەوە. ئەمەش بە ڕای هیگڵ ئایدیۆلۆجیی کۆیلەیەتی‌یەو لە خزمەتی چینی چەوسێنەردایە، پشتی کۆیلە لە خەباتی مێژوویی سارد ئەکاتەوە.

ئایدیۆلۆجیی ڕواقی وەک هەموو قۆناغێکی دیالێکتیک کەم و کوڕی و ناکۆکیی تێدایە و ڕەتکردنی بۆ قۆناغێکی بەرزتر پێویستە. بیرکردنەوە (وەک لەسەرەتاوە باسمان کرد) بیر کردنەوەیە لە بابەتێک کە لە جیهانی دەرەوەدا ڕادەوەستێ. کە وا بوو بڕوای ڕواقییەکان بە دیوی ناوەوەی زات و ڕەفز کردنی واقعی دەرەکی، یا پچڕانی پەیوەندی نێوان زات و بابەت کارێکی بێهوودەیە. کۆیلەی ڕواقی نایەوێ، یاخود ناتوانێ ناوەڕۆک بدات بە بیرەکانی و خۆ ببەستێتەوە بە ڕووداوەکانی ژیان و بارو زرووفی کۆمەڵایەتییەوە. ناتوانێ بڕوای بە حەقیقەتێکی دەرەکی هەبێ، ئەوەی بە لایەوە گرنگە و بە ڕاستەقینەی دائەنێ جیهانی ناوەوەی زاتێتی. بۆ ئەوەی ناوەڕۆک بدات بە بیرەکانی و لە ناو بۆشاییی بیری بێناوەڕۆکدا نەژی، قۆناغەکەی بەجێ ئەهێڵێ و پەنا ئەباتە بەر گومان کردن.(١٢) بە هەرچ شێوەیەک لێکی بدەینەوە، ڕاڕەوی گومانکاری ناتوانێ ئامانجی کۆیلە ڕواقییەکە بهێنێتە دی و ناوەڕۆکێکی کۆنکرێتی بداتێ. ئەمەش بەستراوە بە هەڵوێستی ڕەفزی واقعی دەرەوەی ڕاڕەوی گونکاری. ڕواقییەکان بڕوایان بە واقع هەبوو بەڵام بایەخیان پێ نەئەدا، گومانکارەکان زیاتر پێیان داگرتووەو بڕوایان بە بوونی ئەو واقعە نەکردووە و گومان لە ڕاستی و دروستیی هەموو شتێک ئەکەن. دیسانەوە ئایدیۆلۆجیی گومانکاری ناتوانێ واقعی بیرکردنەوەکە دروست کات و زات و بابەت، دیوی دەرەوە و دیوی ناوەوەی زات پێکەوە ببەستێ. سەرەڕای ئەم کەم و کوڕییە، گومانکارەکان خۆیان توشی ناکۆکیی‌تر کردووە. جیهانیان کردووە بە دوو بەشەوە، زانراوو نەزانراو. ئەم هەڵوێستەش لە خۆیدا ناکۆکە چونکە ناتوانین باسی جیهانێک بکەین کە شاراوەو نەزانراو بێت.

ناکۆکییەکانی ئایدیۆلوجیی گومانکاری بەرەو قۆناغێکی بەرزترمان ئەبات، کۆیلەکە پەنا ئەباتە بەر بیروباوەڕی ئایینی. بە ڕای هیگڵ، ئایین لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆجیی گومانکارییەوە هاتۆتە کایەوە. کۆیلەکە بیری جیهانی نەزانراو ئەخاتە کارو هەوڵ ئەدات بە ئومێدی چوونە ئەو جیهانەوە بژی. مادام ئەو جیهانە ناماتریالەو گیانەکییە، ئەوا دوورە لەسیفات و کەم و کوڕییەکانی جیهانی ماتریالەوە. ئەگەر لەم جیهانەدا ئازارو برسێتی و چەوساندنەوە هەبێ، ئەوا جیهانە گیانەکییە بەرزەکە دوورە لە ئازارو ئەشکەنجەوە و مرۆڤ ناتوانێ مرۆڤی تیا بچەوسێنێتەوە، چونکە بوونەوەرێکی بە هێزتر لە خاوەن کۆیلە حوکمی تیا ئەکات. لەم بۆچوونەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی سەر ئەم ئەستێرەیە بە هیچ و کورت دانێین و دڵمان بە ژیانێکی ئاسوودەیی‌ی ئەزەلی خۆش کەین. وەک ئەزانین مرۆڤی خواناس و بڕواکەر لەم ژیانەدا خۆی بە میوان دائەنێ جا، مرۆڤ هەرچییەک بێ، کۆیلە یا خاوەن کۆیلە لە ئاستی خوادا یەکسانن و کەس خاوەنی کەس نییە. بیروباوەڕی ئایینی بارودۆخی شعووری دووفاقییە و جۆرێکە لە نامۆیی‌ی زات. ڕاستەقینەو جەوهەری مرۆڤ لە بووندا دەرئەهێنێ و ئەیبەستێتەوە بە واقعێکی دوورو نەزانراوەوە.

هیگڵ وەک هەموو فەیلەسووفە ئایدیالیستییەکان بڕوای بە خوا هەیە. بەڵام جیهانی نەکردووە بە دوو بەشەوە، بڕوای بە جیهانی ئەو دیو و کات و شوێنەوە نییە. دەربازبوون و پەڕینەوەشمان لە دووڕیانەی ئایین و نامۆیی‌ی ئەم جۆرە بیروباوەڕە، زات ئەخاتە سەر زەمینەی هۆش یا فەلسەفە. هۆش تەنیا هێزێکە کە بتوانێ ناکۆکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چارەسەر کات. لە بەر ئەمەشە هیگڵ فەلسەفەی لە ئایین بە بەرزتر داناوە. بەڵام ئەو فەلسەفەیە چییە کە لە ئایین بەرزترو پێشکەوتووترە؟ ئایا فەلسەفە دووالیستییەکەی ئەفلاتوون و دیکارت و کانتە؟ نەخێر. ئەو فەلسەفەیەی کە ناکۆکییەکان لە یەک توورەکەدا کۆ ئەکاتەوە و ڕەفزی لایەنی دەرەوە و ناوەوەو جیاوازیی نێوان زات و بابەت ئەکات، فەلسەفە دووالیستییەکەی ئەفلاتوون و کانت نییە، بەڵکە فەلسەفە دیالێکتیکییەکەی هیگڵە. ئەگەر ئایین زاتی مرۆڤ تووشی نامۆیی و غەم بکات، ئەوا فەلسەفە ئەبێ بەختەوەری و خۆشی بە کۆمەڵ ببەخشێ، بەسەر هەموو لایەنە دژەکاندا زاڵ بێ و ژیانێکی هارمۆنی بهێنێتە کایەوە.

## نامۆیی Alienation

پەیوەندیی نێوان زات و بابەت بە لای مەسەلەی نامۆیی (بێگانەگی)دا ڕامان ئەکێشێ. نامۆییش جۆری زۆرەو بەستراوە بە بارو زرووفی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. نامۆیی‌ی ناو ئایینەکان و سۆفیگەرێتی نزیک بوونەوەیە لە جیهانی ماتریال و خۆ بەستنەوە بە حەزو ئارەزووەکانی لەشەوە و خۆ جیا کردنەوە لە بوونی موتڵەقەوە. چارەسەرکردنی ئەم نامۆیی‌یەش وەک پیاوە ئایینییەکان باسی ئەکەن: ڕەفز کردنی وجوودی زاتە و شوێن کەوتنی حەزو ئارەزووەکانی گیانە نەک لەش و نزیک بوونەوەیە لە بوونی موتڵەق. بۆ نموونە هیندییەکان لە پەرتووکی «گیتا»دا، گەڕانەوە بۆ ناو زاتی خوا بەدەرمانی ئەم نەخۆشییە دائەنێن.

واز لە خۆهێنانی سۆفییەکان (نكران الذات) کە دەرمانی نامۆیی‌یە، لە لای وجوودییەکان وەک هایدیگرو سارتەر، سەرچاوەی نەخۆشییەکەیە. مرۆڤ کاتێ تووشی نامۆیی ئەبێ کە وجوودی بخاتە ژێر دەستەڵاتی هێزێکی دەرەکییەوە و واز لە زاتی خۆی بهێنێ. ئەشێ ئەو هێزە دەرەکییە خوا یا ئاغا یا ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بێت. لە لایەکی کەوە مارکس باسی نامۆیی‌ی چینی کرێکار لە سیستەمی سەرمایەداریدا ئەکات و بە ڕێگای لەناو بردنی ئەو سیستەمەش چارەسەری ئەکات.

با لێرەدا واز لەم جۆرە نامۆیی‌یانە بهێنین و بگەڕێینەوە سەر هیگڵ. حەز ئەکەم ئەو خاڵەش بخەمە ڕوو کە هیگڵ وەک مارکس

و سارتەر نامۆیی بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دانانێ، بەڵکە حاڵەتێکی زەرووری میتافیزیکییە کە ئەبێ ڕوو بدات و زات بەسەریا زاڵ بێ. لەسەرێکی ترەوە مەوزووع بوون -Objectification و نامۆیی بە یەک شت داناوە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ئەوا هەموو بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی و ئابووری نامۆ بوونە. گۆرنیکای پیکاسۆ و هۆنراوەکانی شێرکۆ بێکەسیش نامۆیین چونکە لە زاتی هونەرمەندەکەوە دەرچوون و (بوون بە مەوزووع) جیا بوونەتەوە، لە دەرەوەی زاتدا ئەژین. مارکس یەکەم زانایە ڕەخنە لە ڕاکەی هیگڵ بگرێ و مەوزووع بوون و نامۆیی لەیەک جیاکاتەوە. وەک مارکس بۆی چووە، مەوزووع بوون لە کاتێکا ئەبێ بە نامۆیی کە بەرهەمەکە لە ژێر دەستەڵاتی خاوەنەکەیدا نەمێنێ و ببێ بە ماڵی کەسێکیترو لە هەمان کاتیشدا ببێ بە وەسیلەی چەوساندنەوە. باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە مەوزووع بوونە بەرهەمی چینی کرێکارە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. بەرهەم کە تەعبیر لە زاتی کرێکار ئەکات لە ژێر دەستەڵاتی کابرای سەرمایەداردایەو لە هەمان کاتیشدا کرێکارەکەی پێ چەوساوەتەوە.(١٣)

بێگومان نامۆیی چینی کرێکار کت و مت نامۆیی بەرهەمی کۆیلەکەیە، کە خاوەن کۆیلەکە ژیانی پێ ئەگوزەراند. مارکس لەم لایەنەوە زۆر سوودی لە هیگڵ وەرگرتووە. جۆرێکیتر هەیە لە نامۆیی چینی کرێکار، هیگڵ زۆر بە ئاشکرا باسی کردووە و لەو باوەڕەدام لە ناو بردنی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیزمیش چارە سەری ناکات. ئەویش نامۆیییەکە لە ئەنجامی دابەش کردنی کارو داهێنانی مەکینە و فابریکەوە سەر هەڵئەدات. کار کردن سیفاتێکی سەرەکیی مرۆڤە لە ڕێگای کارەوە مرۆڤ ئەتوانێ لە بەرهەمەکەیدا تەعبیر لە زاتی بکات. بەرهەم تەعبیرە لە زات، منداڵی زاتە، مرۆڤ لە بەرهەمەکانیدا خۆی ئەبینێتەوە، بەڵام کاتێ کارە دەستییەکان ئەبن بە کاری مەشین و دابەش ئەکرێن، کرێکارە کە بە پێی داواکارییەکانی بازاڕ، نەک حەزی خۆی، کار ئەکات. بەرهەمەکەی تەعبیر لە زاتی ناکات و کارەکەشی مجەڕەدە.(١٤)

لە بۆ چوونە گشتییەکەی هیگڵەوە (مەوزووع بوون) ئەتوانین زۆر فۆرمی نامۆیی دەربهێنین. ئەگەر مەوزووع بوون نامۆیی بێ، ئەوا وازهێنان لە هەڵوێست و سیفاتە ڕەسەنەکانی زات نامۆییە، خۆشاردنەوەو دەرخستنی لایەنی درۆو ساختەش، درۆکردنیش لە زۆر حاڵەتدا نامۆییە، نووسین و وێنەکێشانیش بەرهەمهێنانی نامۆییە، شارستانیەت و کەلەپوور، تەنانەت منداڵ بوونیش نامۆییە.

وەک دەست نیشانمان کرد، هیگڵ ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر فەلسەفەکەی مارکس و لە مەسەلەی نامۆیی چینی کرێکاردا (کۆیلە) زۆر لە یەکتر نزیک بوونەتەوە. ئەم ڕایەش ئەوە ناگەیەنێ کە مارکس خاوەنی فەلسەفەیەکی ڕەسەن نییە و کتو مت شتەکانی هیگڵی جواوەتەوە. هەرچەندە هیگڵ سەرچاوەیەکی گەشە بۆ مارکس، بەڵام لە هەمان کاتدا دوو فەیلەسووفی زۆر جیاوازن و سیستەمەکانیان بوون بە نۆژمنی یەکتری، «دیالێکتیکی من وەنەبێ تەنیا لە دیالێکتیکی هیگڵەوە جیاواز بێت بەڵکو دژیەتی».(١٥) دیالێکتیکی کار لە هەمان کاتدا جەوهەری فەلسەفەکەی هیگڵ و مارکسە. ئەم دوو زانایە بە بێ جیاوازیی تیوری پێش پراکتیس ئەخەن و بە یەکیانەوە گرێ ئەدەن. مرۆڤ وەک زاتێکی هۆشمەند بیر ئەکاتەوە ئەمجا کار ئەکات. مارکس زۆر بە ڕوونی ئەم خاڵەی کردووە بە دیوارێکی ئەستوور لە نێوان مرۆڤ و حەیواندا. کاری مرۆڤ و کاری زیندەوەرەکانی تری لە یەک جیا کردۆتەوە.(١٦) کاری مرۆڤ هۆشەکییە، لە ئەنجامی بیرکردنەوەوە هەڵئەقوڵێ، کارێکە غایەی تێدایە. مادام مرۆڤ بیر ئەکاتەوە و بڕیار لە سەر کارێک ئەدات، خاوەنی هەڵبژاردنە و ئازادە. هیگڵ و مارکس دوو فەیلەسووفی دیالێکتیکین بڕوایان بە یەکگرتنی زات و بابەت هەیە. هیچ لایەنێکیان نەکردووە بە قوربانی لایەنەکەیتر. وا دەرئەکەوێ زانا مارکسییە ئۆرسۆدۆکسییەکان ئەم خاڵەیان فەرامۆش کردووە بۆیە زانا مارکسییە نوێکان وەک جۆرج لۆکاش(١٧) و کارل کۆرش(١٨) هەولیان داوە ئەم لایەنە بخەنە ڕوو مارکسیزمیش لە ناو گۆمی دۆگمادا ڕزگار کەن.

## بەشی سێیەم

### «زات و ڕوانینێکی نوێ»

زانا ئایدیالیستییەکان وا لە زاتی مرۆڤ گەیشتون کە بوونەوەرێکی گیانەکییەو بە بێ لەش یا بە بێ وجوودی ماتریال ئەتوانێ بژی و بەردەوام بێت. دیکارت کە بەباوکی فەلسەفەی نوێ ناسراوە، ئەم کێشەیەی لە ڕوانگەی ڕاڕەوە دووالیستییەکەیەوە هەڵسەنگاندووە و بڕوای پێ هێناوە. لەم بۆچوونە دووفاقییەوە ئەبینین بوونی مرۆڤ شی کراوەتەوە بۆ دوو توخمی جیاواز و تەنانەت دژواریش. لە لایەکەوە مرۆڤ خاوەنی لەشەو بەشێکە لە سروشتی ماتریالی، لە لایەکیتریشەوە گیانە و یاسا سروشتییەکانی بەسەردا ساغ نابێتەوە. لەش بە حوکمی ئەوەی ماتریالە، گۆڕانی بەسەردا دێت و لەناو ئەچێت و لەناو کات و شوێندایە. زاتیش ( دەروون، یا گیان) بابەتێکی گیانەکی و سادەیە، نە گۆڕانی بەسەردا دێت و نە لەناویش ئەچێت، هیچ ئاگرێک نایسووتێنێ و هیچ بۆمبایەکیش نایفەوتێنێ. ئەگەر مرۆڤ بەشێکی لەشی ون کات، بێگومان ئازارو ئاگابوونی بە کەم و کووڕییەکەی لەشی کار ئەکاتە سەر دەروونی، بەڵام کەم بوونەوەی بوونی ماتریالی نابێتە هۆی کەم بوونەوە لە زاتیدا. زات شتێکە هەمیشە وەک خۆی ئەمێنێتەوە چونکە بوونەوەرێکی نا–ماتریال و سادەیە Simple. زات و سیفاتەکانی (کە لێرەدا باس کراون) بنەمایەکی میتافیزیکییان هەیە ئەوەمان پێ ڕائەگەیەنن کە مرۆڤ ئەتوانێ بە بێ لەش بژی و سەرەڕای ئەمەش، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ئەو زاتە نەگۆڕەیە، ئەوا هەمیشە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە و ئەتوانین لە هەموو کات و شوێنێکدا بیناسینەوە (Personal identity). ئەگەر دوای چەندەها ساڵی دووری و ئاوارەیی دایکم ببینم، یەکسەر ئەیناسمەوە و گۆڕانەکانی لەشی، چرچیی دەم و چاوی و پرچ سپی بوون و گۆڕانی دەنگی نابنە هۆی دروست کردنی گومان لە دڵمدا. ڕاستە دایکم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گۆڕانی زۆری دیوە، هەرگیز ئەو مرۆڤە نییە کە لەوەو پێش ئەمناسی. بەڵام بە ڕای دیکارت لەبەر ئەوەی مرۆڤ زاتە (گیانە) نەک لەش ئەوا گوێ نادەینە گۆڕانەکانی لەش و چاومان لە ئاستیانا ئەنووقێنین. دایکم بە زاتا ئەناسمەوە نەک بە لەشدا وەک بڵێین گیانم ئاشنای گیانی بووە. داڤید هیووم لەبەر ئەوەی بڕوای بە بوونی گیان نییە، ڕاکەی دیکارت بە هەڵە دا ئەنێ و ناسینەوەش ئەگەڕێنێتەوە بۆ

کورت بینیی مرۆڤ لە ئاستی گۆڕانەکاندا. وەک وتمان گۆڕانەکان ئەخەینە پشت گوێ، یا هەندێ جار گۆڕانەکان ئەوەندە هێواشن هەستی پێ ناکەین. مەبەستی هیووم ئەوە نییە کە من بەیانی دایکم بە جێ بهێڵم و ئێوارە چوومە ماڵەوە، نایناسمەوە و نازانم کێیە، ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕوونادات و ڕووی نەداوە، بەڵکە ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە مرۆڤ جگە لە لەش و هەست کردن و گۆڕانەکانی لەش و بیرو باوەڕی هیچ شتێکی‌تر نییە و خاوەنی گیان یا دەروون نییە. جا ناسینەوەی دایکم لەم حاڵەتەدا، ناگەڕێتەوە بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ گیانیا، (چونکە گیان نییە)، بەستراوە بە کورت بینی و چاو کزیی من لە ئاستی گۆڕانەکاندا. وا تێ ئەگەم دایکم ئافرەتەکەی جارانە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە و هەرگیز ئافرەتەکەی جاران نی‌یە.(١)

لەمەش زیاتر دیکارت دەورێکی هەرە گرنگی داوەتە زات و بە ماکینەی بیرکردنەوەی دائەنێ. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نییە کە ئەخوا و ئەخەوێ، بەڵکە زاتێکە بیر ئەکاتەوە و ئەم سیفاتەش بوونی ئەسەلمێنێ I think therefore I am.(٢) بیرکردنەوە جەوهەری مرۆڤە، جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی‌تر لە سەر ئەم ئەستێرەیە بیر ناکاتەوە.

ڕایل فەیلەسوفێکی سەردەمە لە ژێر کارتێکردنی هیوومدا ڕەخنەی لە دیکارت گرتووە و بیرو باوەڕەکانی بە دۆگما دائەنێ. بە ڕای ڕایل بڕوا کردن بە گیان هەڵەی کاتیگۆرییە Category mis-take چونکە باسی بابەتێک ئەکەین کە لە جیهانی دەرەکیدا نییەو نادۆزرێتەوە. بۆ نموونە کابرایەک لەگەڵ خۆماندا ئەبەین بۆ شاری سلەیمانی، ئەیگەڕێنین و هەموو شوێنێکی پیشان ئەدەین. ئەمجا لە دواییدا لیی ئەپرسین سلەیمانیت بەلاوە چۆنە؟ کابرا لەوەڵامدا ئەڵێ تۆ چیم لێ ئەپرسی نازانم سلەیمانی چۆنە، ئەوەی من دیومە جادەو دوکان و درەخت و خەڵک و خانوو بوو، جگە لەم بابەتانە هیچی‌ترم نەدیوە. کابرا کە وا تێ ئەگات کە سلەیمانی بابەتێکی جیاوازە و پەیوەندیی بەو شتانەوە نییە کە دیویەتی. وەک ئەوە وایە بڵێین زاتی مرۆڤ شتێکی جوداو جیاوازە لە هەڵس و کەوت و ڕەفتارو بیروباوەڕو کەسایەتیی مرۆڤەوە. ئەم جیاکردنەوەیە لە خۆیدا هەڵەیەکی گەورەیە، ئەگەر هات و زاتی مرۆڤ یا شاری سلەیمانی بابەتێکی جیاوازو ترانسیندێنتالی بێت، خۆ ئەبێ لە واقعدا هەبێ و مرۆڤ دەرکی پێ بکات.(٣)

بە تێکڕا تیۆرییەکەی دیکارت لە چەند خاڵێکدا کۆ ئەکەینەوە:

١- مرۆڤ گیانە نەک لەش، هیچ پەیوەندییەکی زەروری لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا نابینرێ چونکە گیان بە بێ لەش ئەتوانێ بەردەوام بوون بە بوونی بدات، بەڵام لەش ناتوانێ بە بێ گیان بژی.

٢- گیان شتێکی نەگۆڕو سادەیە.

٣- گیان بیر ئەکاتەوە و بیر کردنەوەش جەوهەری مرۆڤە.

جیا کردنەوەی لەش و گیان دیوارێکی بەرزو ئەستوور لە نێوان هەست کردن و هۆشداو جیهانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤدا هەڵئەچنێ. ئەگەر گیان ئەوەندە سەربەخۆ بێت و بتوانێ بە بێ بوونی لەش بەردەوام بێت، ئەوا هیچ پێویستییەکی بە جیهانی دەرەوە نامێنێ، پەیوەندییەکەشیان لە ڕێگەی لەشەوە کۆتایی پێ دێت. ئەگەر مرۆڤ لەشی نەبێ، هەست کردنیشی نابێ، بەبێ هەست کردنیش بابەتە بەردەستەکییەکانی ناناسێ(٤)، ئەوسا بە یەکجاری وەک مۆنادە بێ دەرگاو پەنجەرەکانی لایبنیز Leibniz پەیوەندی‌یەکانی ئەپچڕێ.(٥)

تیۆرە میتافیزیکییەکەی دیکارت دوو سەرەنجامی نێگەتیڤیمان ئەدا بە دەستەوە: یەکەم، زاتی مرۆڤ وەک بابەتێکی نادیارو نا-ماتریال هەمیشە بە شاراوەیی ئەمێنێتەوە. دووەم، ئەگەر زات ئەوەندە سەربەخۆ بێت و لەناو خۆیدا داخراوبێت (وەک مۆنادەکان)، ئەوا مرۆڤ پەیوەندیی لەگەڵ جیهاندا کەم ئەبێتەوە و ناتوانێ بە تەواوی لەگەڵ دەوروبەریدا هەڵس و کەوت بکات. دیواری نێوان زاتەکان ئەستوورترو بەرزتر ئەبنەوە. زاتی مرۆڤ وەک دوورگەیەکی نەدۆزراوەی لێ دێت. باشترین نموونەش بیرو باوەڕی فێرگەی (معتزلە) بوو لە بارەی دەروون و ناسینی دەروونەوە. زانا موسڵمانەکانی ئەم فێرگەیە لەو باوەڕەدا بوون کە هیچ کەس تەنانەت ژنەکانی پێغەمبەریش نەیانتوانیوە پێغەمبەر ببینن، چونکە مرۆڤ لەش نییە و ئەو زاتەیە کە لە ژێر جیهانی ماتریالەوە هەڵس و کەوت ئەکات. جا ئەگەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم تیۆرە میتافیزیکییە هەڵچنین، ئەوا کۆمەڵگایەکی نامۆ دروست ئەکەین کە ئەندامەکانی یەکتر ناناسن و ناتوانن بگەن بەیەک و پەیوەندیی نێوانیشیان دەرەکییە بە هەر حاڵ، تیۆرە دەروونییەکەی دیکارت ئەوەندە بە هێزو نەفەس درێژ نەبوو. هیووم و کانت توانییان بناغە ئەپستمۆلۆجییەکەی برووخێنن و دوای ئەوانیش هیگڵ لە ڕوانگەیەکی ئایدیالیستی جیاوازەوە، چارەسەری مەسەلەی نامۆیی کۆمەڵایەتیی کردووە و زاتی خستۆتە بەر ڕۆشنایی هەڵس و کەوتی ژیانی ڕۆژانەوە. لەبەر ئەوەی فەلسەفەی دیالێکتیک بابەتە دژوارەکان لەیەکتر جیا ناکاتەوە و بە دوو ڕاستەقینەی جیاوازیان دانانێ، ئاوهاش هیگڵ کە بە باوکی ئەم فەلسەفەیە دائەنرێ زات و لەشی بە دوو شتی جیاواز دانەناوە و وەک دیکارت بڕوای بەوە نییە کە زات شتێکی Thing یا جەوهەرێکی Essence ساکار و میتافیزیکی بێت.

وەک وتمان، لە پێش هیگڵ و کانت دا، هیووم یەکەم زانا بوو ڕەخنەی لە بۆچوونە ئایدیالیستییەکانی دیکارت گرتووە. بە ڕای ئەم زانایە زات وەک شانۆیەک وایە کە ئینطباع Impression و بیرەکانی Ideas دەوری لە سەر ئەبینن. بە بێ ئینطباع و بیرەکان زات شتێکی بێماناو بێناوەڕۆکە. ئەگەر لە حاڵەتێکدا زات شتێک بێت Thing ئەوا ئەبێ ئەو شتە وەک هەموو بابەتەکانی دەورو پشتمان خۆی بگەنێتە بەر دەرگای هەست کردنمان و بناسرێ. بەڵام هیچ مرۆڤێک نییە توانیبێتی ئەو شتە بناسێ و هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە تا بوونی بسەلمێنێ. کانت، تا ڕادەیەک، زیاتر لە هیووم بە بەزەیی‌یانەوە تەماشای تیۆرە ئایدیالیستییەکەی دیکارتی کردووە، بە جارێ نەیویستوە ڕەدی بداتەوە. ئەوەندەش لەگەڵ هیوومدا ڕێ ئەکەوێ کە ئەگەر دەروون شتێکی جیاواز بێت، ئەوا ئەبێ ئەوشتە بناسرێ، بەڵام لەو بڕوایەشدایە کە ئەگونجێ بڕوامان بە شتێ هەبێ بە بێ ئەوەی ببینین و بیناسین. هەڵوێستی کانت لێرەدا نەهەڵوێستێکی ئایدیالیستیی ڕەوانە (وەک دیکارت) نەهیوومیانەیە، بڕوای وایە ئەگەر زات وەک جەوهەر هەبێ ئەوا نەزانراوە.

کانت ناڕاستەوخۆ دانی بە بوونی دەروون هێناوە، ڕێ نەکەوتنی لەگەڵ دیکارت ئەگەڕێتەوە بۆ سەر حاڵەتی ناسینی دەروون. ئایا چۆن ئەزانین دەروون هەیە، یا گریمان دەروون هەیە و جەوهەرێکی میتافیزیکییە، ئایا

چۆن بوونی ئەسەلمێنین؟ فەیلەسووفێکی گومانکەری وەک کانت، کە هۆشی مرۆڤی مەحدوود کردووە، لەو باوەڕەدا نییە مرۆڤ بتوانێ بابەتە نا-ماتریالەکان بناسێ. ئەمەش کانت ناخاتە سەر کەناری زەریای بێبڕوایی و گومڕایی. وەک مرۆڤێکی ئایینی بڕوای بە جیهانی نۆمینە (نا-ماتریاڵ)، یا بوونی خوا هەیە، لە هەمان کاتیشدا لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ ناتوانێ پەی پێ بەرێ و بوونی بسەلمێنێ. لە بەر ئەو هۆیەشە زانا ئایدیالیستییەکان بە تایبەتی دیکارت بەفاڵچی و جادووگەر دائەنێن.(٦)

بنچینەی تیۆرییە دووالستییەکەی دیکارت نەیتوانیوە لە ئاستی ڕەخنەکانی هیووم و کانتدا خۆی ڕاگرێ. ئەمەش لە خۆیدا بەرەو پێشەوە چوونێکی بلیمەتانەیە کە فەلسەفەی نوێی ئەورووپا هێناویەتە کایەوە و بوارێکی نوێتری بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ و زاتی مرۆڤ دۆزیوەتەوە. خۆ ئەگەر ئەم ڕێگا و بوارە نوێیە نەهاتایەتە کایەوە ئەوا بە جارێ زاتی مرۆڤ ئەبوو بە شتێکی هەمیشە نادیار و شاراوە. سەرەڕای هیووم و کانت، هیگڵ وەک فەیلەسووفێکی بلیمەت سوودی لە هەموو تیۆری و فێرگەکانی پێش خۆی وەرگرتووە و پەیڕەوی ڕێگایەکی نوێتری کردووە. وەک هیووم و کانتیش پێویستی بە بەڵگە و بناغەی ئەپستمۆلۆجی نییە تا دژی دیکارت بەکاری بهێنێ. لە ڕوانگەیەکی ئەنتۆلۆجی دیالێکتیکییەوە زات بە بوونەوەرێکی ناتەواو دائەنێ کە هەمیشە لە گۆڕان و بەرەو پێشەوەچووندایە و نیازی خۆ تەواو کردنی هەیە. ئەم زاتە وەک دەزاینی هایدیگرو Dasein مرۆڤ لە لای سارتەر Being-for- self وایە، هیچ خۆڕسک و سیفاتێکی زکماکی یا مارکی پێوە نییە و لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە. لەبەر ئەم هۆیەشە ئەگەر بۆچوونە میتافیزیکییەکەی هیگڵ فەراموش بکەین ئەبینین نزیک بوونەوەیەکی یەکجگار گەورە لە نێوان وجوودییەکان و هیگڵدا هەیە، ئەتوانم بڵێم کە لەم ڕووەوە سوودێکی زۆریان لە هیگڵ وەرگرتووە. جیاوازییان یا ڕێ نەکەوتنیان لەگەڵ هیگڵ لەسەر دوو خاڵە، یەکەم ، زات بە هەمەکی دانانێن و دووەمیش، وەک هیگڵ بڕوایان بە دوا پلەی گۆڕان یا وەستانی گۆڕان و نەش و نما نییە. تەنیا هێزێک کە بتوانێ زات بوەستێنێ و کۆتایی بە پرۆژەکانی بهێنێ مردنە. مەرج نییە ئەو کۆتایی‌یە لووتکەی بەرەو پێشەوە چوون بێت، لەوێوە هیچ گۆڕانێکی‌تر ڕوونەدات،. مردن لە حاڵەتێکدا ئەبێت بە دوا پرۆژەی زات، چونکە هەموو پرۆژەکانی داهاتووی مرۆڤ ئەسڕێتەوە و لەوە بەدوا نە داهاتوو بۆ ئەو زاتە ئەمێنێ و نە ئیحتیمالەکانی. هیگڵ وەک شتێک لە گەڵ فەلسەفەی دیالێکتیکدا خۆی توشی دژوار کردبێت، بڕوای بە دووا پلە هەیە لە مێژوودا، بۆ نموونە شۆڕشی بورژوازی فەرەنسای بە لووتکەی گەشە کردنی مێژوو دائەنا، لە کاتی پیر بوونیشدا میرنشینی پروسیای بەو شێوەیە تەماشا ئەکرد.

زات هیچ خۆڕسک و سیفاتێکی زکماکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوەتە کایەوە، جەوهەری نییە. لە ناو بازنەی گۆڕانەکانی مێژوودا و هەڵس و کەوت لەگەڵ دەوروبەریدا جەوهەر بۆ خۆی دروست ئەکات. جەوهەری شتێکی نەناسراو و شاراوە نییە، ئەوەیە کە هەیەتی و ئەیبێ، یا ئەوەیە کە هەیە و ئەتوانێ لە ڕێگای بەکار هێنانی زمان و داهێنانەوە بیخاتە ڕوو.

## پەراوێز

بەشی دووەم:

1- Stace, W.T., The Philosophy of Hegel, part III, Dover Publications, New york, 1955, pp 298-310.
2- Kolakowski, Leszek, Main Currents of Marxism, vol III, translated by P.S. Falla, Oxford University Press, New York, 1981, pp 264-273.
3- Hegel, The Philosophy of Mind, p 150.
٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠.
٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٠.
٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠.
٧- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣١.
٨- هەمان سەرچاوە.
٩- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٧.
١٠- هەمان سەرچاوە.
١١- ئەم زینۆیە (٣٣٤-٢٦٢ پ.ز) شاگردی پارمەندیاس نییە، دوای ئیفلاس بوونی لە بازرگانیدا دەستی دایە خوێندنی فەلسەفە و فێرگەی ڕواقییەکانی دامەزراند.
١٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٧.
١٣- بۆ ڕەخنەی مارکس لەسەر هیگڵ، بڕوانە:
Marx, Karl, Economic and Philosophical Manuscripts 1844, Early Writings of Marx, translated by Livingstone and George Benton, Penguin Books, London, 1975, p 324.
14- Hegel, Philosophy of Right, translated by Knox, Oxford University Press, London, 1971, sections 196, 197, 198, pp 128-129.
15- Marx, Karl, Capital, vol 1, Afterword to the second German edition 1873, progressive publishers, Moscow, 1974.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.
١٧- جۆرج لۆکاش (١٨٨٥-١٩٧١) زانای مارکسی هەنگارییە، لە شاری بۆداپێست لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٢٠دا کتێبی تیۆریی ڕۆمانی بڵاوکردەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەو کتێبەی بە بەرهەمێکی ئایدیالیستانە و کۆنەپەرستانە دانا. لە ساڵی ١٩٢٣دا کتێبی (مێژوو و ئاگاییی چینایەتی)ی لە چاپ دا، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٤دا پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت هێرشی کردە سەری و بە بەرهەمێکی برژوازی دانرا کە هەڕەشە لە ئایدیۆلۆجیی مارکسیزم دەکات. لە ساڵی ١٩٣٣دا لە ژێر زەبری پارتی کۆمۆنیستدا ڕەخنەی لە بەرهەمەکانی خۆی گرت. بەڵام دوای مردنی ستالین کتێبەکانی لە ماوەیەکی کەمدا ناوبانگیان دەرکرد. لۆکاش وەکوو زانایەکی مارکسیی بلیمەت قەڵەمەکەی تەرخان کردووە بۆ شکاندنی شەختەی دۆگما و بیرۆکراسیی دەوڵەتە سۆشیالیستەکان. کاتێ پارتی کۆمۆنیستی هەنگاریا بە ڕابەریی ناگی لە ساڵی ١٩٥٦دا هاتە سەر حوکم، لۆکاش بوو بە وەزیری کەلەپوور. هەر لەو ساڵەدا لەشکری سووری سۆڤیەت پەلاماری هەنگاریای دا، ناگی خرایە زیندانەوە و لۆکاش نەفی کرا بۆ ڕۆمانیا. لۆکاش ویستی

ببێتەوە بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بەڵام داوایان لێ کرد ڕەخنە لە بیروباوەڕەکانی خۆی بگرێ، ڕازی نەبوو. تا ساڵی ١٩٦٧، دوای گۆڕانێکی گەورە بەسەر پارتی کۆمۆنیستی هەنگاریادا، مافی ئەندامێتیی نەدرایە.

١٨- کارڵ کۆرش (١٨٨٦- ١٩٦١) لە نزیک شاری هامبورگ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. لە زانکۆی جینا قانوونی تەواو کرد، لە ساڵی ١٩١٢ لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا چووە لەندەن و لە گەڵ فابییەکاندا کاری ڕامیاریی ئەکرد. کۆرش یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٢٣دا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سورینگیا Thuringia بوو بە وەزیری قانوون. دوایی بوو بە ماموستا لە زانکۆی جینا، تا هاتنی هیتلەر لەوێ مایەوە و سەرنووسەری گۆڤاری Die Internationale (ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیست) بوو. دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی (مارکسیزم و فەلسەفە) لۆمەی بورجوازییەتی خرایە پاڵ و کەوتە ژێر ڕەخنەی پارتی کۆمۆنیستەوە، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە مارکسیزم لە یەکێتیی سۆڤیەت نە پارێزراوە و لە مەترسیدایە. لە ١٩٢٦دا لە پارتی دەرکرا. کتێبی دووەمی (بۆچی من مارکسیم؟) لە ساڵی ١٩٣٥دا لە چاپ درا و بوو بە مەشخەڵێ بۆ بزووتنەوەی چەپی تازە لە ئەورووپا. لەگەڵ هاتنی هیتلەر، لە ئەڵمانیا هەڵهات و چووە ئەمەریکا و لە ساڵی ١٩٦١ لەوێ کۆچی دوایی کرد.

بەشی سێیەم :

1- Hume, David, A Treatise of Human Nature, Book.
2- Descartes, Rene, Meditations, translated by F. E. Sutcliffe, Penguin Books, England, 1977, p 105.
3- Ryle, Gilbert, The Concept of Mind, Penguin Books, England, 1973, pp 20-25.

٤- لە فەلسەفەکەی ئیبن سینادا خوا ئاگای لە بابەتە تاکەکان و بەردەستەکییەکان نییە. چونکە ناسینی ئەم جۆرە بابەتانە لە ڕێگەی هەست کردنەوە ڕوو دەدات، هەستکردنیش پێویستی بە بوونی لەش هەیە. بەڵام خوا لەشی نییە. ئیمام غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلاسفة )دا هەوڵی داوە بەڵگەکانی ئیبن سینا برووخێنێ، پەنای بردۆتە بەر بیروباوەڕی ئاینی و قورئان نەک لۆجیک و بەڵگەی فەلسەفییانە.

5- Leibniz, The Monadology, The Rationalist, Anchor Books, USA, 1974, p 455.
6- Kent, op. cit.

> بەیانی ئازار و ئاهەنگەکانی بە دوایدا هات و جموجوڵێکی ئەو خەڵقەی دەورووژاند کەم و زۆر منی نەگرتەوە. نە مەرحەبایەک، نە داوەتێک، نە تەلەفۆنێک لە هیچ کەسێک و هیچ لایەنێکەوە بۆم نەهات. بە دڵ لەو بێبەشییە حەسایەوە بووم، بەڵام لە لێکدانەوەدا حەزم نەدەکرد کەسانێکی کاروباری کوردایەتی هەڵدەسەنگێنن، وەها کورتبین بن، چونکە هەتا کورد دەگاتە ڕۆژێکی مرۆی وەکوو من بەلاوە دەنێت دەبێ زۆر قۆناغی گرنگی تێپەڕاندبێت.
>
> مەسعوود محەمەد
>
> گەشتی ژیانم، ل ٥٢٠.



# شیعرێکی نامۆ

هەمزە عەلی ساڵح

- ١ -

بە سەرسامی
بەرامبەرم ڕاوەستاوی
دەستەکانت کردووە بە پرد
تەمای پەڕینەوەی ژانە
بۆ ژاکاوی ؟
خۆ من بە قەد
خۆم خوش ئەوێی
چاوەکانت
بوونە نەخشەی
خەو بینینم
بوونە کۆچێکی بێئەنجام
بوونە تەیرێکی بێئارام

- ٢ -

هیلاک بووم و
سیمای ئەو کچە غەریبە
جێم ناهێڵێ
پەکم کەوت و
دەستی لەرزۆکی سەرخۆشیم
بۆت ئەنووسێ
من خەو لە چاوتا ئەبینم
تۆ کەی لە چۆڵایی دڵما
گوڵی ئارامم ئەڕوێنی !
تۆ کەی لە زەمەنی زاما
سەر دەردێنی ؟
هیلاک بووم و
سەرم دەخەمە کۆشتەوە
ئەتۆش گوڵە بەهارییەک
بە نێو چاوانما بهێنە
نەکا بۆنی سینگت بدزم
خۆ من نامۆی مەمکەکان و
خاڵی دەستم
دەستەکانت بخە دەستم
ئیتر تاکەی،
لە نازی دڵدار بترسم

- ٣ -

هیلاک بووم و
سیمای ئەو کچە غەریبە
جێم ناهێڵێ
لە ڕۆحیا قسەم بۆ ئەکا
لە پەنجەرەی شەوەکانا
پێکی نامۆییم ئەداتێ

- ٤ -

چاوەکانت بوونە نەخشەی خەو بینینم
لێوە تەنکە ناسکەکانت
بوونە دوو گوڵی بێئارام
بوونە دوو پەپوولەی زۆر جوان
ئەفرین ... ئەفرین
بەرەو نامۆیی من ئەفرین
ئەگرین ... ئەگرین
بەرەو ئازاری من ئەگرین

سلێمانی ١٩٩٠/٢

# ڕەچەڵەک و تەواری نیزامی و ئاسکاریی شوێنەوارە وەرگێڕاوەکانی بە کوردی

ئەحمەدی شەریفی

شێخ ئەلیاسی نیزامی (١) یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردیی فارسی وێژە، کە باپیرانی لە ولایەتی (کوهستان) کە خۆی لە (ئەسکەندەرنامە) دا بە (قەهستان)ی ناو دەباو لە سەرچاوەو دەقەکانی فارسی و کوردیدا بە (کوهستان) مەشهوورەو عەڕەبان پێی دەبێژن (جبال) بەرەو سەر زەویی (ئەران) جمیون و کۆچیان کردووە.

نیزامی خۆی دەفەرمووێ:

چو در گرچە در بحر گنجە گمم

ولی از قهستان، شهر قمم (٢)

عەلامە شەبلی نەعمانی هیندی لە کتێبی (شعر العجم) دا دەنووسێ:

باپیرە گەورەی نیزامی لە وڵاتی خۆ کۆچ دەکاو دەچێتە گەنجە و نیزامی لەوێندەرێ لە دایک دەبێ (٣).

نیزامی سەبارەت بە تەوارو بنەماڵەی دایکی دەبێژی:

گر مادر من رئیسەء کرد

مادر صفتانە پیش من مرد (٤)

بەم جۆرە دەبینین کە لە لایەکەوە، نیزامی خۆی بە خەڵکی وڵاتی (کوهستان) دەزانێ و لە لایەکی ترەوە، بنەماڵە و تەواری دایکی بە کورد دەداتە قەڵەم. پێم وایە هیچ جێگای گومان و دڕدۆنگی لەوەیدا نامێنێتەوە کە نیزامی ئێرانی تەوارو کورد ڕەگەز بووە، هەر لەم بابەتەوە پرۆفیسۆر (یان ڕیپکا) دەڵێ:

دایکی ئەو ئێرانی بووە، کە نیزامی خۆی بە ناوی (رئیسە) ناوی دەباو کورد نەژاد بووە (٥). وا وێدەچی کە باپیرانی نیزامی، بە هۆی کارەساتێکەوە، کە جارێ بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرا نییە، وڵاتی (کوهستان) یان بەرەو (ئەران) ڕەتاندبێ و باوکی لەوێندەرێ لەگەڵ کچی گەورە پیاوێکی کورد (ڕەنگە ئەو پیاوە گەورە بازرگانێک بووبێ) زەماوەند دەکات و میوەی بەری ئەم ئاڵقانەش شێخی مەزن حەکیم ئەلیاسی نیزامی بووە. وەک دەوترێ ئەلیاس هەر لە سەردەمی منداڵیدا سێوی دەبێ و باوکی کۆچی دوایی دەکات ولە ماڵە خاڵە عومەری برای دایکیدا گەورە دەبێ.

نیزامی لە مەر خاڵی دەفەرمووێ:

گر خواجە عمر کە خال من بود

خالی شدنش وبال من بود (٦)

لە وشەی (خواجە) کە بۆ خاڵی بەکاری هاوردووە، وا دەردەکەوێ کە بنەماڵەی کوردی دایکی و خاڵوانی مەزنە بازرگانێکی وڵاتی ئەران بوون، ئەگەرچی هێندێ کەس پێیان وایە کە دایکی نیزامی سەرۆک خێڵ و تایفەیەکی کورد بووە، بەلام بە بڕوای من ئەوە ڕاست نییە، چونکە ئەگەر دایکی سەرۆک خێڵ باو خاڵی گەورە پیاوێکی هۆزایەتی ، ئەو کات دەبوو، خاڵی بە (عومەر بەگ) ناو بەرێ. لەم بووارەدا دەبێ ئەوەش بێژم کە وشەی (خواجە) لە ناو کوردانداا تەنیا بۆ مرۆی شاری و بازرگان و گەورە سەرمایەداری شار بە کار براوە. پێم وایە، هەر لەم ڕووەشەوە، دایکی دەبێ ناوی (رئیسە) بووبێ. سەرەڕای درکاندنی بێ گرێ و گۆڵی خودی نیزامی سەبارەت بە تەواری بە (کوهستان) و کورد لە قەڵەمدانی دایکی، سەمەرەو سەیرە کە توێژەوانانی ئازەربایجانی سۆڤیەت(ی جاران) بە گشتی نیزامی بە تورک و ئازەری دەدەنە قەڵەم. بۆ وێنە لەم بابەتەوە دەبێ دیاردە بۆ کتێبێک بکەم بە ناوی (ژیان و بیروباوەڕی نیزامی) کە لە لایەن ع. مەبارز - م.ئا. قولی زادەو م. سوڵتانۆفەوە نووسراوەو لە لایەن ح. م. سەدیق کراوەتە فارسی و لە تاراندا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

ئەوان نووسەران سەبارەت بە نیزامی دەبێژن:

«لە مێژووگەلی ئەدەبی ئێران و ڕۆژهەڵاتدا، کە لە کۆتایی‌ی سەدەی (١٩) لە ئەورووپای ڕۆژئاوایی و ڕووسیەدا، نووسراون، نیزامی بە پلەی بەرزو شایستەی خۆی گەییوە، هەر لە هەمان کاتیشدا، ڕۆژهەڵاتناسانی

ئەوروپا، شوێنەوارەکانی شاعیریان پەیتا پەیتا بڵاو کردۆتەوە. ئەم خاڵە جێگەی سەرنجە و پێویستە دیاردەی بۆ بکرێ کە بە هۆی ئاکام و بەرژەوەندیکی رەسەنایەتیی غەڵەتی نارەوا، لە نزیک بە گشتی ئەم چەشنە ئاسارو شوێنەوارە بڵاو کراوانەدا، ناوی نیزامییان لە ریزەی شاعیرانی پارسدا لە قەڵەم داوە»(٧).

هەروەسا ئەوان زانایانی توێژەوان، لە جێگایەکی تری کتێبە گۆرپێندا دەفەرموون:

«ئەدەبیاتناسانی ئازەری و شانەو شانی وان، زانایانی تری رووسیەو گەلانی سۆڤیەت، لە سەر بناغەی گەلاڵەیەکی بەر بڵاودا، دەستیان دایە توێژەوانی و شیکاری لەسەر شوێنەوارەکانی نیزامی، کە لەم بووارەدا، دەبێ دیاردە بۆ بەرهەمە بەنرخەکانی ئاکادیمیک ئا.ی. کریمسکی، پرۆفسۆر ی. ئە. برتلس بکەین، کە خزمەتێکی گەورەیان بە ناسیاریی شاعیری هەڵکەوتە و زیرەک و دڵسۆزی ئازەری، لە یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتانی تری دونیادا کردووە»(٨).

لێرەدا بۆ روون بوونەوەی دۆزەکە دەبێ دیاردە بۆ دوو خاڵ بکەم:

١-ئەم زانایانە کە ئەندامی ئاکادیمی ئازەربایجانی سۆڤیەتن، دەگەڵ «زانایانی رووس و گەلانی تری شووروەی» کە بە پێی «گەلاڵەیەکی سەرەکیی بەربلاو، دەستیان داوەتە شیکاری و توێژەوانی لە شوێنەوارەکانی نیزامی» دا، چلۆن ئەم مەبەستە گرنگەیان وەپشت گوێ خستووە، کە نیزامی باپیرانی بە خەڵکی کوهستان و دایکی بە کورد داوەتە قەڵەم و ئەوان ، ئەویان بە شاعیری هەڵکەوتەو دڵسۆزی ئازەری داناوە؟

٢- چلۆن لەم شاعیرە «هەڵکەوتەو دڵسۆزەی ئازەری» کە بە گوێرەی بیروباوەرو نووسراوەی ئەوان«لە ئاکام و بەرژەوەندیکی رەسەنایەتیی غەڵەت و نارەوا...دا چۆتە ریزی شاعیرانی پارس»ەوە، تەنانەت تاکە بەیتێکی شیعر بە ئازەری نەوتووەو بە دەست ئەم زانایانە نەگەییوە؟ و تەنانەت ددانیان بەوەشدا هێناوە کە ئەوان «لە مانای هێندێ بەیت و شیعری»نیزامی نەگەیین و تووشی دژواریی مانا کردنەوەی شیعری نیزامی بوون؟ (٩)

ئایا بە راستی، هەر ئەوەی کە نیزامی لە شاری گەنجەدا ژیاوە، دەکرێ ئەوی بە شاعیرێکی «هەڵکەوتەو دڵسۆزی ئازەری» لە قەڵەم درێ؟

بە بڕوای من ئەوە هەرگیز ناتوانێ بەڵگە و دەساوێزێکی باوەڕ پێکراوو سەلماو بێ بۆ ئازەری بوونی نیزامی. بەڵام هۆی گیروگرفتی ئەوان زانایان و دە مانا نەگەیشتنیان، لە هێندێ لە شیعرەکانی نیزامی و لە دەستدا نەبوون و وەگیر نەکەوتنی شیعری ئازەری نیزامیش ئەوەیە کە نیزامی بە هیچ کلووجێ ئازەری نەبووە و «گومانی بە هێزی» وان سەبارەت بە شیعرو غەزەلی نیزامی بە هەردوو زمانی ئازەری و فارسی (١٠) پووچ و بێسوودەو نیزامی هەرگیز بە تورکی و ئازەری شیعری دانەناوە، هەر وەکوو سەرەڕای کورد بوونی بیرای بیڕ شیعرێکی ویش بە کوردی لە دەستدا نین و پێم وایە هەر چەشنە هەوڵ و تەقەلایەک بۆ ئازەری لە قەڵەم دانی نیزامی وەک ئاو لە دەساونگ کوتان وایە.

لە شوێنەوارەکانی نیزامی وا دەردەکەوێ کە هۆگرێکی تایبەتی بە باپیرانی ئێرانی تەواری خۆیەوە هەبووە، هەر بەم هۆیەشەوە زۆرتر پرژاوەتە سەر «دۆزینەوەو ژیاندنەوەی چیرۆکگەل و سەربوورییەکانی پێش ئیسلام» (١١)ی ئێران و تەنانەت لەم بووارەشدا کەوتۆتە بەر تانەو تەشەری دۆستانی لەوێندەرێ، وەک دەڵێن:

«کاتێ خەریکی نووسینی ئەم مەسنەوی یە (مەبەست خوسرەوو شیرینە) دەبێ، یەکێک لە دۆستانی کە لە بیروباوەڕی ئایینیدا زۆر دەمارگر دەبێ، دێتە لای و بە تووڕەییەوە رەخنەی لێ دەگرێ و نارەزایەتیی خۆی سەبارەت بەم کارە نیشان دەداو دەبێژێ سوودو قازانجی نووسینی ئەم ئەفسانەو درۆو دەلەسانەی کافران چییە؟»

نیزامی وتەکانی ئەم دۆستە رەخنەگرو دەمارگرەی بەم جۆرە بەیان دەکاو دەفەرموێ :

فسون بت پرستان بفکن از مژت
فسون خوانی مکن بر زند زردشت

در توحید زن که آوازهء داری

چرا رسم مغان را تازه داری (١٢)

بەڵام ئەو قسە توندو تیژانە هەرگیز شوێن ناخەنە سەر سیمای بیروباوەڕی پیری ئێمەو شێخ ئەلیاس چاکی مەردایەتیی لیّ بە لادا دەکاو بە خوڵقاندنی شوێنەوارە پڕ بایەخەکانی خزمەتێکی گەورە و بەرچاو بە ئەدەبی پارسی دەکاو لەم بووارەشدا، سوودێکی تایبەتی لە ئەفسانە و چیرۆک و پەندو نەقڵ و نەزیلەی زمانی زگماکی کوردیی خۆی دەباو وەریاندەگێڕیّ و گەنجینەی ئەدەبی پارسیان پیّ دەوڵەمەند دەکا، کە ئەز لێرەدا، زۆر بە کورتی دیاردە بۆ چەند نموونەیەک لەم بارەوە دەکەم.

ئەلف: لە کوردیدا پەندو نەزیلەیەک هەیە کە ئێژیّ: «نەوشیروان حاکم بیّ و بزورگ مێهر وەزیر، سەد کەلاوە بە پووڵێکە» نیزامی چاوتەن، هەر ئەم پەندەی بە نەزیلەکەیەوە، کە چلۆن لە ناو کورداندا باوە، کردۆتە شیعری فارسی و لە (مخزن الاسرار) دا جێواری کردووە(١٣).

بیّ: لە (هفت پیکر) دا حەکایەتی کوردیی (خێرو شەڕ)ی هەر بەو شێوەی کە لەناو کەلەپۆری کوردیدا هەیە، بە شیعر هۆنیوەتەوە (١٤)، کە دیارە ئەو چەشنە حەکایەت و پەند و سەربووریانەشی لە دایکەوە فێر بووە و وەریگرتوون. دەڕاستیدا، ئەگەر بە وردی و دەرفەتێکی فرەترەوە سەرنج بدرێتە شوێنەوارەکانی نیزامی رەگ و ریشەی زۆر حەکایەت و ئەفسانەی تری باوی کوردانی تێدا دەدۆزرێتەوە.

جیم: نیزامی هێندیّ جار چاوتەن پەندو نەزیلەکانی کوردیی کردۆتە فارسی و لە شیعرەکانیدا بە کاری هێناون کە زۆر زەق شقڵ و قەوارەی کوردییان پێوە دیارە. لەم بووارەشدا دیاردە بۆ چەند بابەتێک دەکەم:

١- بەوری بیجادە رەنگ، بە فارسی کردویەتە: ببر بیجادە رنگ که مەبەست خۆرە

٢- خاک دە مشت : خاک در مشت که مەبەست پیاوی نەدارە

٣- مارەپیسە : مار پیسه که مەبەست ماری باریکە

٤- شیشەدڵ : شیشه دل که مەبەست کەسەیلی دڵ ناسکە

٥- زریّ پۆشانی دەریاَ : زره پوشان دریا که مەبەست ماسیی ناو زەریاکانە

٦- با بە دەست : باد بدست که مەبەست پیاوی نەدارو هەژارە

دال: نیزامی هێندیّ جار، لە شیعر و هۆنراوەکانیدا چاوتەن وشەگەلی رەسەنی کوردی، هەر بەم جۆرەی کە کوردان ئێژنی و تەلەفوزی دەکەن، بەکار هێناوە، کە لەم بارەشەوە ئاماژە بۆ چەند وشەیەک دەکەم:

١- بارگی کە مەبەست بارگین، یان ئەسپی بارییە

٢- بەختەوەر کە بە شێوەی (بختور) لە شوێنەوارەکانی نیزامیدا نووسراوە

٣- تەشویر کە بە شێوەی (تشویر) نووسراوە

٤- چاربەند کە بە شێوەی (چاربند) نووسراوەو مەبەست (کۆڵی پشتە)

٥- رۆشناس هەر بەم شێوەیە نووسراوەو مەبەست پیاوی ناودار و سەرشناسە

٦- کرێبەندە کە بە شێوەی (کری بندە) لە شوێنەوارەکانیدا نووسراوە کە مەبەست کرێکێش و حەماڵە

٧- کەوڵ کە بە شێوەی (کول) نووسراوەو مەبەست کەوڵ یا سفرەی پێستە

٨- گردەک کە بە شێوەی (گردک) نووسراوەو کە بە فارسی دەبێتە مدور

٩- گاز کە هەر بەم شێوەیە نووسراوە کە گزرە یان تفاقی ئاژەڵ دەدا

١٠- کەشکینە کە بە شێوەی (کشکینە) نووسراوە

١١- مار کە بە شێوەی (مار) نووسراوەو مەبەست پیاوی گەنج و قۆزو تەندروستە کە بە شێوەی (بیمار) لە فارسی دا هەیە بە مانای نەخۆش.

١٢- لۆر کە موکریانی پێی دەڵێن (لۆرک) و کرمانجی سەروو دەبێژن (لۆر) کە لە ئاوی پەنیر دروست دەکریّ.

١٣- کاس کە هەر بەم شێوەیە لە شوێنەوارەکانیدا هاتووەو نووسراوە

١٤- مسمار که هەر بەم شێوەیە نووسراوەو فارسیەکەی دەبێتە (مێخ)

١٥- گوڵبام که به شێوەی (گلبام) نووسراوە، بەیتی مەم و زینی موکریانی پڕە لە واژەی گوڵبام و گوڵباو... و زۆر وشەی تر (١٥).

ئەم چەشنە وشە رەسەنانەی کوردی، کە لە شوێنەوارەکانی نیزامیدا هاتوون، تەنانەت زۆر جار سەریان لە زانایانی فارسیش شێواندووەو بە دڕدۆنگییەوە تەماشای ئەو چەشنە وشانەیان کردووە چونکە لە ماناو مەبەستی وشەکە لە شیعرەکەدا نەگەیشتوون، وشەگەلی تریان لە ناو پەرانتێزدا داناوە، کە لەم بارەشەوە سەرنج دەدەینە چەند بەیتێکی نیزامی:

١- نامه در مرغ نامه بربستم
کو رساند بشاه من رستم (١٦)

وشەی (کو) کە لە کوردیی سەرووددا بە مانای (تاو هەتا) یە کە نیشاندەری مەودای زمان و مەکانە، بەڵام چاپکەری (کلیات خمسه نظامی گنجه ای) مانای ئەم وشەیەی نەزانیوەو لە ناو پەرانتێزدا وشەی (چون)ی بۆ داناوە

٢- چون دعا گفت بر سریر بلند
برگشاد از عقیق چشمهء قند (١٧)

چاپکەری (کلیات خمسهِ نظامی) پێی وابووە کە دوعا وتن هەڵەیە و دەبێ (دعا کردن) دروست بێ، هەر بەم هۆیەشەوە وشەی (کرد)ی لە پاڵ (گفت) دا جێوار کردووە. بەڵام لە راستیدا، نیزامی باشی بۆ چووە، چونکە لە کوردیدا دوعا وتن دروستە نەک دوعا کردن.

٣- سرتا سر قدمش بمهر مالید بر هر ورمی بدرد نالید
لێرەدا، لە جیاتی و لە پاڵ وەرەمدا، وشەی (قدم) یان داناوە. لە کاتێکدا نیزامی بە هێنانی وشەی کوردیی (وەرەم) ویستوویەتی وا بگەیەنێ کە بە هۆی (مالید) هوە تووشی دەردو وەرەم بووە.

ح- ناسکاریی شوێنەوارەکانی وەرگێڕاوی نیزامی بە کوردی :

بە لەبەرچاوگرتنی تەواریەتی کوردیی نیزامی، شوێنەوارەکانی ئەم شاعیرە گەورەی کوردی فارسی وێژە، هەر لە کۆنەوە، لە ناو کورداندا، رێزو هێژایی تایبەتی هەبووەو زانایانی کورد بەڕێزەوە نواڕیویانەتە بەرهەمەکانی شێخ ئەلیاسی هاورەگەزیان، هەر بەم هۆیەشەوە شاعیران و هۆزانڤانێن کورد دەستیان داوەتە وەرگێڕانی ئاسەوارەکانی نیزامی کە هێندێکیان، بە سۆرانی و گۆرانی جارێ لە دەستدا هەن، لەم بارەشەوە، ئەز (٤) نوسخە شوێنەواری کورد کراوی نیزامی دەناسێنم.

١- (خوسرەو شیرین) بە زاراوەی گۆرانی:

ئەم گەنجینە پڕ بایەخ و هێژاو دەلالەی نیزامی، لە لایەن هەستیاری گەورەی کورد خانای قوبادییەوە کراوەتە کوردیی گۆرانی، کە ئەمن جارێ لێرەدا، خۆ لە قەرەی ژیان و بە سەرهاتی خانا دەبوێرم و تەنیا دەبێژم کە خانا شاعیرێکی گەورەی کوردی دەورو بەری کرماشان بووەو خوسرەوو شیرینی نیزامی لە سەر شێوەو تابورەیێکی کوردانە کردۆتە کوردی گۆرانی و بەدەیان ڕا باسی هێژایی و مەزنایەتیی نیزامیی کردووە.

خوسرەوو شیرینی نیزامی سەرجەم نزیکەی (٦١٨٨) بەیتە، بەڵام وەرگێڕاوەکەی خانا ٥٥٢٦ بەیتە. کەمیەکەشی بە هۆی ئەوەوەیە کە خانا، باس و ستایشی شاو وەزیر و گزیرێکی کە نیزامی کردوونی، هەمووی دەرهاویشتووەو ستایشی شاو وەزیری بە رەوا نەزانیوە. خانا بیروباوەڕی خۆی سەبارەت بە وەرگێڕان و خولقاندنی چامە کوردیەکەی خوسرەو شیرین بەم جۆرە بەیان دەکا:

ناگا جە وەختێ مینای سوبح دەم
جە جام خورشید رەوشەن بی چون چەم
جە پەردەی ئەسرار لا مەکان ماوا
سروشێ بەی تەور بە گۆشم یاوا
واتن: هەی شوعەرای خۆش نەزم و شێوە
جانشین قەیس پەی لەیلا لێوە
چێش مبۆ چون نەزم (نیزامی) دوڕسەنج
بە لەفز شیرین، بە بێ لارو لەنج

جه وەسف فەرهاد شیرین و پەروێز
باوەری بە رەقس خامەی عەنبەر بێز؟ (١٩)

خانای قوبادی ، پاشان ئەنگیزەو مەبەستی خۆی لە وەرگێڕانی خوسرەوو شیرینی نیزامی بە کوردی بەم شێوەیە دەردەبڕێ و دەفەرمووێ :

یا رەب بە فیراق فەرهاد کۆکەن
بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن
بە توغیان دەرد بێ دەرمان عەشق
بە تۆفان سەردد ئەسر مەینەت مەشق
وێنەی (نیزامی) سەیقەڵ دەر زەینم
بە سورمەی دانش رەوشەن کەر عەینم
تاکە ماجەرای شیرین و خوسرەو
سەنگتاشیی فەرهاد سەرگوزەشت ئەو
باوەرون وەنەزم خاستەر جە گەوهەر
بە رەشح خامەی شۆخ بۆ عەنبەر
بەلەفز کوردی، کوردستان تەمام
پێش بوان مەحفووز، باقی (والسلام) (٢٠)

خانا لە وەرگێڕانی خوسرەوو شیرینی نیزامیدا، سوودی تایبەتی لە پەندو نەزیلەو کەلەپوور بینیوەو لەم رێگایەش زۆر سەرکەوتووانە قەڵەمی تاو داوەتە سەر گەنجینەی ئەدەبی نەنووسراوی کوردی. بۆ وێنە کاتێ باسی لە دایک بوونی خوسرەو دەکا، هەڵدەکوتێتە سەر بێشکە ئارایی و لانکە رازاندنەوەی کوردان و بە دەسرازەو پۆشەمەنیی بێشکە هەڵدەڵێ و لە کاتی مردنی خوسرەویشدا، وا باسی چەمەری پیاوان و (وای) ژنان دەکات، هەر ئێژی کەڵە پیاوێکی کورد مردووەو خانا دەیلاوێنێتەوە.

خوسرەوو شیرینی خانای قوبادی بەم دوو بەیتییە دەست پێ دەکا:

بە نام ئەو کەس شیرین ئەرمەن
پەیدا کەرد فەرهاد، پەیش بی بە کۆکەن
هەر سوب تا ئێوار نە پای بێستون
تەققەی قوڵنگش یاوا بە گەردوون (٢١)

چامەو مەسنەویی خوسرەوو شیرینی خانای قوبادی، سەرەنجام بەم دوو بەیتییە کۆتایی دێ:

یاران بە زاری بە دیدەی نمناک
سەرداران بە هەم سپەردن بە خاک
دەوران بێ پۆکارش دو رەنگەن
ئاخر جای گشتمان ئەو ماوای تەنگەن (٢٢)

خوسرەوو شیرینی خانای قوبادی هەتا ئێستا سێ جار چاپ و بڵاو بۆتەوە. هەوەڵین جار، لە ساڵەکانی (٤٠)ی هەتاویدا خوالێخۆشبوو سەراوی ئەورەنگ لە تاراندا چاپی کردووە. پاشان لە ساڵەکانی ٨٠ی زاینیدا کۆڕی زانیاریی کورد، لە بەغدا، نوسخەیەکی رازاوەی، بە پێداچوونەوەو لێکدانەوەی کاک حەمەی مەلا کەریم چاپ کردو خستیە بازارەوە سەرەنجام لەم یەکوو ساڵەی دواییدا ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کورد (انتشارات صلاح الدین ایوبی) لە ورمێ، نوسخەکەی کۆڕی زانیاریی سەر لە نوێ لە ٨٧٤ لاپەڕەدا چاپ کردەوە.

٢- خوسرەوو شیرینی کوردیی سۆرانی:

ئەم دەقە سۆرانییە، کورتەیەکە لە ماجەراو بەسەرهاتی ئەڤیندارانەی خوسرەوو شیرین کە خوالێخۆش بوو عەلی کەمال باپیر ئاغا لە هەورامی یەوە کردوویەتە سۆرانی و لە ساڵی ١٩٥٧ لە کوردستانی ئێراق، لە شاری کەرکووک چاپ کراوە بەم جۆرە دەست پێدەکا:

وەختێ کە کەسرا دەرچو لە دونیا
هورمزی کوڕی بوو بە پادشا
بە عەدالەت و بەندە نەوازی
وەک کەسرا هەموو خەڵقی کرد رازی (٢٢)

خوسرەوو شیرینی سۆرانی، بە پێچەوانەی شاکارەکەی خانای قوبادی، زۆر بە زمانێکی سادەو ساکار هۆنراوەتەوە نزیکەی (١٤٠٠) بەیتیک دەبێ و (١٧٦) لاپەڕەیەو بەم دوو بەیتییە کۆتایی دێ:

هەر چەند کە فەلەک بتدا چەرخ و پیچ تۆ مەخۆ غەمی
دونیای دەنی هیچ
کوانێ فەرەیدوون، لە کوێیە زوحاک هەموو لە ژێر خاک
بوون بە مشتێ خاک

٣- شیرین و فەرهادی کوردی:

ئەم نامیلکەیە، بەرداشت و وەرگێڕانێکە لە خوسرەو و

شیرینی نیزامی له بەشی (سەرەتای دەسپێکرانی عەشقی فەرهاد) کە له لاپەڕەی ۲۵۹ ی (کلیات خمسه) وە هەڵگێراوە. وەرگێڕەکەشی خودێلێخۆشبوو عەلی کەماڵ باپیر ئاغا و له ساڵی ۱۹۵٦ له کەرکووک چاپ و بڵاو کراوەتەوەو بەم دوو بەیتییە دەست پێدەکا:

به ناوی خودای بێ شەریک و تاک
سانعی خەڵق ێ زەمین و ئەفلاک
بێکەس بێشەریک، بێ جێگە و مەکان
رازقی موتڵەق رەحمەت فراوان

ئەم نامیلکه و وەرگێڕاوەی شیرین و فەرهاد نزیکەی (٦٤٠) بەیتەو له (٨٠) لاپەڕەدا چاپ بووەو هەتا ئێستا چەند جارێکیش له کوردستانی ئێراندا ئۆفسێت کراوەتەوەو سەرئەنجام بەم دوو بەیتییە کۆتایی دێ:

هەر چەندە خەتای له حەد بەدەرە
زۆر گوناهکارو بەدو بێفەڕە
بەڵام چونکه تۆ ئەناسێ بە حەق
ئیمانی پێتە قەدیمی، موتڵەق (۲۵)

٤- لەیلی و مەجنوونی کوردی:

ئەم نوسخەیەی لەیلی و مەجنوونی کوردی کە به زاراوەی گۆرانییەو گۆیا هەمان لەیلی و مەجنوونەکەی نیزامییە، کە خانای قوبادی کردوویەتییە کوردی، هەتا ئێستا چاپ نەکراوەو تەنیا دەسنووس و دەسخەتەکەی له ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان و کرماشاندا گیر دەکەوێ. ئەوەی لەم بارەوە شایەنی باسە، ئەوەیە کە لەم نوسخەیەدا له هیچ جێگایەک ناوی نیزامی و خانا نەهاتووە، هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەدڕدۆنگییەوە دەبێ چاوی لێ بکرێ. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە هەر هەمان ڕووداو و کارەساتی ئەڤیندارانەی لەیلی و مەجنوونە و بەم دوو بەیتییە دەست پێ دەکات :

به نام دانای جیهان پەیداکەر
بولبولان جە عەشق شیت شیداکەر
کەرەمەش فرەن، سەناش فراوان
گۆشەی ئەنعامەش مەکتەب یاوان (۲٦)

چونکه نوسخە دەسخەتێکی ئەم لەیلی و مەجنوونە کە له لای منە، تەواو نییەو هێندێ له لاپەڕەکانی ناوەوەی لێ قرتاوە، بەم هۆیەوە، ناکرێ بڵێین کە ئەم لەیلی و مەجنوونە چەند لاپەڕەو چەند بەیت دەبێ و تەنانەت مێژووی نووسینەوەی، یان ڕوونووسیشی نییە، بەڵام خەتەکەی زۆر جوان و دەلاله و سەرەنجام بەم دوو بەیتییە کۆتایی پێ دێ:

قابز نازل بی، ئەو گیانش
سەند قالب قەلبەش بی ئەرواح بمەند
دونیا پەی هیچ کەس نەدارۆ وەفا
تا ئاخر ئەلای هەر مەبۆ جەفا (۲۷)

لێرەدا، وا باشە دیاردە بۆ ئەم خاڵەش بکەم، کە دەقێکی تر لەیلی و مەجنونیش بە سۆرانی له دەسدایە، کە له ساڵی (١٩٥٠) له چاپخانەی مەعارفی بەغدا چاپ بووەو له سەری نووسراوە -عەلی کەمال باپیر ئاغا- له فارسییەوە کردوویەتییە کوردی کە نزیکەی (٨٠٠) بەیت و له (٥٢) لاپەڕەدا بڵاو بۆتەوەو بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

ئەی خودای گەورەی بێ مەیل و مانەند
تاک و بێشەریک، بێ ژن و فرزەند
هەرچی کە بووەو هەیەو بینراوە
به قودرەتی تۆ ئیجاد کراوە (۲۸)

ئەم دەقە سۆرانییەی لەیلی و مەجنونیش سەرەنجام بەو دوو بەیتییەی خوارەوە کۆتایی پێ دێ:

کە له خەو هەڵسا زەیدی وەفادار
لەم خەوەی خەڵقی زوو کرد خەبەردار
ئیعتیقادی خەڵق زیاد بوو هەمیشە
زیارەتی ئەوان کرایە پیشە (۲۹)

له کۆتایی ئەم باسەدا، وام پێ شایستەیە، دیاردەیەک بکەم بۆ کورتە حەکایەتێکی کەلەپووری کوردیی ناوچەی کرماشان، کە لەودا دیاردە دەکرێتە سەر بنەچەکە و تەواری شیرین و دەبێژن کە:

شیرین کەنیشکی کابرایەکی خەڵکی گوندی (هەرمەنە)ی شارەزوور دەبێ و ڕۆژێک له ڕۆژان خوسرەو پەروێز، بۆ ڕاووشکار دەچێتە شارەزوور و لەوێندەرێ، له سەر ڕووبارێک شیرین دەبینێ کە خەریکی مەله کردنەو دەسبەجێ دڵێک نا سەد دڵ ئاشقی دەبێ. بەڵام چونکه

خوسرەو شازادە دەبیٰ و شیرین کچە گوندی، خوسرەو پێی شوورەیی دەبیٰ کە بێژێ ئاشقی دۆیتێکی دەشتەکی بووە. هەر بەم هۆیەشەوە، قاو دادەخا کە شیرین شازادەیەکی ئەرمەنییە، دەناخۆ لە راستی دا، شیرین هەر کیژۆڵەی گوندی (هەرمەنە)یی‌یەو پاشان بە شیرین ئەرمەنی مەشهوور دەبیٰ.

لە کۆتاییی ئەم وتارەدا، هیوامە یارمەتێکم کرد بیٰ بە ناساندنی تەوارو بنەچەکەی نیزامی و ناساندنی شوێنەوارە کوردی کراوەکانی.
هەروا سپاسی کاربەدەستانی کۆنگرەی رێزگرتنی حەکیم شێخ ئەلیاسی نیزامیی کورد دەکەم کە میواندارییان لیٰ کردم و دەرفەتی پێشکەش کردنی ئەم وتارەیان پیٰ دام. یەزدان یاری هەموو لامان.
سنە / زستانی ١٣٦٩ ی هەتاوی

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١- لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد دا بە نیزامی دەڵێن شێخ، هەر وەک خانای قوبادی دەفەرمووێ:
شوعەرای شیرین نەزم، شەکەر رێزەی راز
شێخ نیزامی تەور، شەفیعا ئەنداز
٢، ٢، ٣ ـ شعر العجم- علامه شبلی نعمانی هندی ص ٢٢٧
٤- کلیات خمسه حکیم نظامی گنجه‌ای - لیلی و مجنون ص ٤٥٨
٥- ادبیات ایران در زمان سلجوقیان و مغولان - پرفسور یان ریپکا، ترجمه یعقوب‌آژند ص ٧٥
٦- کلیات خمسه ..... لیلی و مجنون ص ٤٥٨
٧- زندگی و اندیشه های نظامی، نویسندگان ع، مبارز - م.آ.قلی زاده - م. سلطانف، برگردان ح.م. صدیق چاپ تهران، ص ٢٢
٨- هەمان سەرچاوە، ص ٢٤
٩- مجله نشر دانش- سال ٧ شماره ٣ فروردین و اردیبهشت ١٣٦٦ مقاله «آشنای غریب» نوشته دکتر مهدی نوریان
١٠- زندگی و اندیشه هاَی نظامی، ص١١
١١- تاریخ ادبیات فارسی - هرمان اته، ترجمه دکتر رضا زاده شفق، ص ٧٣
١٢- شعر العجم.... ص ٢٢٩
١٣- کلیات خمسه، مخزن الاسرار ص٥٦ - ٥٨
١٤- کلیات خمسه، هفت پیکر ص ٧٧٤ - ٧٧٩
١٥- کلیات خمسه، فرهنگ لغات و اصطلاحات آخر کتاب
١٦- کلیات خمسه، هفت پیکر، ص ٨٣٤
١٧- کلیات خمسه، هفت پیکر، ص ٧٢٦
١٨- کلیات خمسه، لیلی و مجنون، ص ٥٦٨
١٩- شیرین و خوسرەو - کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا لاپەڕە ١٥ - ١٦
٢٠- خوسرەوو شیرین - مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی - لاپەڕە ١٣ - ١٥
٢١- خوسرەوو شیرین - مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی - لاپەڕە ١
٢٢- خوسرەوو شیرین - مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی - لاپەڕە ٧٩٥
٢٣- شیرین و خوسرەو - عەلی کەمال باپیر ئاغا - کرکوک ١٩٥٧، لاپەڕە ٢
٢٤- شیرین و خوسرەو - عەلی کەمال باپیر ئاغا - کرکوک ١٩٥٧، لاپەڕە ١٧٦
٢٥- شیرین و فەرهاد - عەلی کەمال باپیر ئاغا - کەرکوک ١٩٥٧، لاپەڕە ٢
٢٦- شیرین و فەرهاد - عەلی کەمال باپیرئاغا - کەرکوک ١٩٥٧، لاپەڕە ٨٠
٢٧- نوسخەی خەتی لەیلی و مەجنون لاپەڕەی ١
٢٨- نوسخەی خەتی لەیلی و مەجنوون، دوایین لاپەڕە
٢٩- لەیلی و مەجنوون کوردی - عەلی کەمال باپیر ئاغا - چاپخانەی معارف بەغدا ص ٢
٣٠- لەیلی و مجنوون کوردی - عەلی کەمال باپیر ئاغا - چاپخانەی معارف بەغدا ص ٥٢

# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی


## ئێسترێکی ڕووت و قووت

میر بە سەد مننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پا سست و سەقەت، ئەندامی هەر وەک عەنکەبووت.
خاوەنی، ئالیکی ناڵێم پێی نەداوە موطلەقا،
داویەتی ، ئەمما وەکوو بیستوومە قووتی لایەمووت.
پووش لە لای حەڵوایە، حەتتاکوو پەڵوشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا مانەندی حووت.
گەرچی ناتوانێ ببزوێ ، هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیێکی نیشان دەی، تا قەیامەت دێ لە دووت.
پشتی ڕێش و شانی زامدار و جدەو بوو ناعیلاج
چەند قرووشێکم هەبوو، بۆم دا بە نەوت و عەنزەرووت.
مەصڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە.
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا، بمکا بە قووت.
(سەی فەتاح) ی مەیتەرم ڕۆژێ بە حیجەت لێی نەوی،
کلکی دەرهێنا لە بن، ئەمجا بە ئاستەم گوێی بزووت.
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجننە نێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشی رففاعی بە زەبری جەلجەلووت.
ئەم مەتاعە چاکە هەر لایق بە حاجی ئەحمەدە
جووتی پێ بکا، هەر وەکوو جووت هەردوو لنگت کرد بە جووت.
لایقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو،
چاوەکەم ! چیت پێ بڵێم، چارم نییە غەیری سکووت.


A.S

# ڕانانی کتێبان

**حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) : شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم. « خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان ؟ »، سوێد ١٩٩٣، ٢٨٦ لاپەڕەیە.**




ئەگەر نەچینە ناو وردەکارییەوە، دەتوانین بڵێین ئەم کتێبەی مەلا بەختیار هەوڵدانێکی چاکە بۆ کردنەوەی دەرگای باس و خواسێکی گرنگ و پێویست لە بواری سیاسەتی کوردەواریدا. ڕووداوە گرنگ و جیهانهەژێنەکانی ئەم ٣ ـ ٤ ساڵەی دوایی ، کە هەلو مەرجی ئەمڕۆی کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاویانە، دەبوو زووتر ببوونایەتە بابەتی باس و لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی لە ئۆرگانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەم ڕووەشەوە، وەک لە گەلێ ڕووی ژیاری و فەرهەنگی و سیاسیدا، کوردەکە لە دواوەیە و زۆری پێ دەچێ تا لە نوکتە تێ بگات و بێتە پێکەنین ...!

حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) یەکێکە لە کادرە لاوەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی (کوردستانی عێراق )ی بیست ساڵی ڕابردوو، لە زۆربەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا (بە چاک و خراپیانەوە) بەشدار بووە و هەر لەبەر ئەوەش کەسێکی شیاوە کە باسی ستراتیژی و تاکتیکەکانی سیاسەت و خەباتی کوردایەتی بێنێتە ئاراوە و بیروباوەڕی خۆی ڕوون بکاتەوە.

ناوی کتێبەکەی مەلا بەختیار و ناوەڕۆکەکەی زۆر یەکدی ناگرنەوە. خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەیە کە نووسەر بە دوور و درێژی لە مێژووی دوورونزیکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بکۆڵێتەوە و بگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەر پێشەکی و لەسەر بەرگی کتێبەکە جاڕی داوە، بەڵام کە کتێبەکە دەخوێنیتەوە دەبینی بەشێکی هەرە زۆری بۆ باسی شۆڕش و بزووتنەوە و ئەزموونی گەلانی دیکە تەرخان کراوە، کە خوێنەرێکی سیاسیی کوردستان کەم تا زۆرێ لێیان ئاگادارە. لە نۆ بەش (یا ڕشتە !) و ٢٨٦ لاپەڕەی کتێبەکە تەنیا دوو بەش و نیو و ٩١ لاپەڕەی (٣٤٪) بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی تەرخان کراوە.

لە سەرتاسەری کتێبەکەدا شتی هەرە سەرنجڕاکێش و ناتەبا، بەلای منەوە، ئەوەیە کە نووسەر دەیەوێ شکانی مارکسیزم و شکانی تیۆریی پارتی پێشەنگ و شەڕی چەکداریی مارکسیستانە لە یەکدی دابڕێ و ئەمیان نەکا بە ئەنجامی ئەویان.

لە هەندێ جێگەی کەمدا نەبێت، ئەویش زۆر بە نابەدڵی، پێ لەوە نانێ کە مارکسیزم ـ لینینیزم، چ وەک تیۆری و چ وەک پراکتیکی دەوڵەت دامەزراندن و سیستەمی ئابووری و پارتی پێشەنگ و شەڕی چەکدار، کورتی هێنا و شکاو ڕما. هەر ئەم خۆ هەڵە کردنە تیۆرییە نووسەری خستۆتە هەڵەیەکی دیکەشەوە کە دزێوترین قۆناخی مێژووی مارکسیزم (ستالینیزم) لە سەرجەمی مارکسیزم ـ لێنینیزم دادەبڕێ و دەیکاتە دیاردەیەکی بێبنج و بێڕیشە و خۆ لەوە دەبوێرێ بڵێ ستالین و ستالینیزم جگەرگۆشەو پەروەردە و ڕۆڵەی بە وەفای مارکسیزم و لێنینیزمن.

مەلا بەختیار بە هۆی ئەوەوە کە ماوەیەکی دوور و درێژ ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێ لە هێزە گەورەکانی کوردستان بووە، دەیتوانی زۆر چاکتر ناتەواوی و هەڵە و تەنانەت تاوانی باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەکە ئاشکرا

بکات، بەڵام کە ئەوەمان بیر دەکەوێتەوە مەلا بەختیار ٣ ـ ٤ ساڵی لە زیندانی کوردایەتیدا بردۆتە سەر، لە هۆی بێدەنگبوون و خۆ بواردنەکەی تێدەگەین. هەر ئەمەش وای لێ کردووە کە تەنانەت بە لای باسەکانی پێوەندی لە گەڵ سووریا و لیبیا و ئێران، هەڵەبجە، هەڵاتنەکەی بەهاری ١٩٩١ و گەمەی گفتوگۆ و ماچ کردن لە گەڵ صەددام حوسەیندا، لەسەر نووکی پەنجەی پێ بڕوا و نەیەوێ خشپەی ڕەخنە و هەڵوێست گرتن بگاتە بەر گوێی کەس.
وا دیارە بڕانەوەی شەڕی چەکداری و دەست پێ کردنی قۆناغێکی ئاسوودەتری کاری سیاسی دەرفەتێکە بۆ کادرەکانی کوردایەتی بۆ ئەوەی لە بواری نووسین و باسەکانی سەر بە تیۆری و زانستیشدا( کە زۆر شارەزای نین) بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. هەر ئەم ناشارەزایی‌یەش وا دەکات خوێنەر چاو لە زۆر هەڵە و ناتەواوی ببۆشێ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بخوازێ.

کۆچەر

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

## کتێب :

* نەوزاد ڕەفعەت : بەفری گەرم (شیعر)، چاپی یەکەم، کوردستان، پووشپەڕی ١٩٩٢، ٨٠ل.
* کەریم پەرەنگ : گوڵە ئەستێرە (شیعر)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان١٩٩٢، ١٠٢ل.
* قانون إنتخاب المجلس الوطني الكردستاني، القيادة السياسية للجبهة الكردستانية، كردستان ١٩٩٢، ٣٨ص.
* پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، ٣٦ ل.
* الدكتور نورى طالباني : حول مفهوم النظام الفدرالي، مستلة من المجلد السادس عشر والسابع عشر من مجلة المجمع العلمي العراقي ـ الهيئة الكردية، بغداد ١٩٨٧، ص ص ٥١٩ـ ٥٥٠.
* حەسەن ئەلبەننا (حسن البنا) : بۆ گەنجەکان، وەرگێڕی موحسین جوامێر، الإتحاد

الإسلامي العالمي للمنظمات الطلابية، ١٩٩٢، ٢٤ ل.

* عەبدوڵلا مستەفا صالح « فەنایی » (کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لەسەرنووسین ) : چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوثمانی، لە هەڵبەستە بەسۆز و خۆش و پڕ واتاکانی حەزرەتی شێخ محەمەد عوثمانی سیراجوددینی نەقشبەندی ، چاپخانەی « الحوادث »، بەغدا ١٩٩١، ٢٥٦ ل.

* دیوانی عارفی ڕەببانی شێخ ئەحمەدی شاکەل، چاپی دووەم، ئینتشاراتی موحەممەدی، سەقز (کوردستانی ئێران) ١٩٩١،٩٣ ل.

* صالح محەمەد ئەمین : کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم ١٩٩٢، ٣٩٨ ل.

* محەمەدی مەلا کەریم : یەکێتیی سۆڤیەت بەرەو کوێ وا مل ئەنێ ؟، بەغدا ١٩٩١، ٨٨ ل.

* علي اوحدي : نگاهی به أدبيات معاصر دری در أفغانستان، أز إنتشارات كانون فرهنگ إيران، دانمارك ١٩٩٢، ١١٢ ص.

* كرداغي : المرحلة الحاضرة من كفاح الشعب الكردي، من مطبوعات الحزب الإسلامي الكردستاني ١٩٩٢، ٤٥ ص.

* الشيخ عمر غريب : أضواء على الحزب الإسلامي العراقي، من مطبوعات الحزب لإسلامي الكردستاني، ٦٦ ص.

* مەسعوود محەمەد : گەشتی ژیانم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٥٦٦ ل.

PPK Reality : Erciyes University publication No : 37, Kayseri 1992,69p.

* فەرهەنگی سوێدی ـ کوردی، وەرگێڕ : حەسەنی قازی، هیوا کاریزیی، دەزگای خوێندنگەکان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٣٠٩ ل + ٦٤ ل وێنە و نیگار.

* حەمە ساڵح فەرهادی : ڕۆژنامە نووسیی قوتابیان، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ مەکتەبی سکرتارییەت، هەولێر ١٩٩٢، ١٦ل.

* ئەندازیار خوسرەو جاف : هیچ (ڕۆمان)، بەغدا ١٩٩١، ٢٤٠ ل.

IL Kurdistan : Le Antiche origini storiche, L' Evoluzione Letteraria, 97 p. (Italy).

## ڕۆژنامە و گۆڤار :

* کوردستان : ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە : ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢ ( سێپتامبر ـ دیسامبر ١٩٩٢ ).

* نوودەم : کۆڤارا هونەری، ئەدەبی و چاندی ( خوەدی و بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری )، نومرۆ ٣ (١٩٩٢)،(سوێد).

* دیمانە : گۆڤارێکی وەرزیی لاوانە لە لایەن دەستەیەک لاوی ئاوارەی کوردەوە دەردەچێت، بە سەرپەرشتی و هاوکاریی گۆشان سەرکۆ، ژمارە : ٣، ١٩٩٢، ژمارە : ٤، پاییزی ١٩٩٢ (سوێد).

* کۆمار : گۆڤارێکی گشتیی ڕۆشنبیری ـ کولتوورییە، ژمارە : ١١ـ ١٢، ساڵی دووەم، سەرماوەزی ١٩٩٢ (سوێد ).

ڕووناکی : ئۆرگانی (حزب الله )ی شۆڕشگێڕی کورد (ئیسلامی، سیاسی، گشتی)، ژمارە : ٥، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/٩/٢، ژمارە : ٦، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/١٠/٢٦ (کوردستانی ئازاد).

* نووسەری کورد : گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد، ژمارە : ٣ – ٤، خولی ڕاپەڕین، تشرینی دووەمی ١٩٩٢ (کوردستانی ئازاد).

* بەربانگ : گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد، ژمارە : ٨٦، ساڵی یانزدەیەم، ١٩٩٣ (سوێد).

* هەڵەبجە : گۆڤارێکی ئیسلامیی سەربەخۆیە دوو مانگ جارێک لە یەکێتیی ئیسلامیی کوردی لە ئەسکەندناڤیا دەردەچێت، ژمارە : ٩، ١٠ (ساڵی چوارەم) تشرینی دووەم، کانوونی یەکەم ١٩٩٢ (سوێد).

* هاواری کورد : بڵاوکراوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی سەربەخۆیە، ژمارە : ١١، ساڵی سێهەم، خەزەڵوەری ١٩٩٢ (ئەڵمانیا).

* کاروان : گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمارەی یەکەم، خولی ڕاپەڕین.

* مەتین : کۆڤارەکا هەیڤانەیە یا لقی ١ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، ژمارە : ١٠، خولی سێ، تیرمەهـ ١٩٩٢.

* چەپەر : کۆڤارەکا دەوریا گشتییە، لقا دهۆکێ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەردکەت، ژمارە : ١، خولی یەکەم، چریا ئێکێ ١٩٩٢.

* ئەنجومەن : بڵاوکراوەیەکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ژمارە : ١، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/٩/١٥.

* ئاڵای ئازادی : ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسییە، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات، ژمارە : ٤٢، خولی دووەم، یەکشەممە ١٩٩٢/١٠/٤.

* خەبات : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق،)، ژمارە : ٦٣٤ (٩٢/٨/٢٦)،٦٣٦(٩٢/٩/٢)،٦٤٤(١٩٩٢/١٠/٢٨).

* کوردستانی نوێ : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکا، ژمارە : ١٧٣، ١٧٤، ١٩٩، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٩ (١٩٩٢).

* یەکگرتن : ئۆرگانی ناوەندی حیزبی یەکگرتنی کوردستان، ژمارە : ١، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٢.

* الشعلة : الجريدة المركزية للإتحاد الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، العدد: ٢٥، أواخر تشرين الأول ١٩٩٢.

* بهرا : الجريدة المركزية للحركة الديمقراطية الأشورية، العدد : ٤٦، السنة: ١١، ت١ ـ ١٩٩٢.

* نیشتمان : ڕۆژنامەیەکی کلتووریی گشتییە، دوو هەفتە جارێک دەردەچێ. ژمارە : ٢، ٢٧/ ١٠ /١٩٩٢، (کوردستانی ئازاد).

* پێشکەوتن : ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق، ژمارە : ٣٠ (ئابی ١٩٩٢)، ٣٢ (ئەیلوولی ١٩٩٢).

* بارزان : ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێ (سەرنووسەر : عەبدولقادر محەمەد ئەمین)، ژمارە : ١٠ (مایسی ١٩٩٢)، ١١ (حوزەیرانی ١٩٩٢)، ١٢ (حوزەیرانی١٩٩٢). شایانی باسە ئەو سێ ژمارەیە لە کوردستان چاپ کراون.

* سروە : گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ـ ئینتشاراتی سەلاحوددینی ئەییوبی بڵاوی دەکاتەوە (ورمێ، کوردستانی ڕۆژهەڵات)، ژمارە : ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٧٤، (بەهار، هاوین و پاییزی ١٩٩٢).

* خەرمانە : گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە( سەرنووسەر : حەمەسەعید حەسەن)، ژمارە : ٧ (١٩٩٣)،(سوێد).

* بانگی هەق (نداء الحق) : مجلة إسلامية شاملة تصدرها الرابطة الإسلامية الكردية، رئيس التحرير : الدكتور أبو توانا علي القرداغي، العدد : ٦، ٧، ٨ (أيلول ١٩٩٢ !).

* دلانپار : دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان (لە فینلاند)، ژمارە : ٣ (١٩٩٢/٩/٢٥).

* أصوات : مجلة فكرية مستقلة (رئيس التحرير الدكتور حسين الهنداوي) العدد : ١٢، كانون الأول ١٩٩٢ (لندن).

* جیهاد : دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامیی عیراق، ژمارە : ٢٠٦ (ساڵی یانزەهەم)، کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ (تاران ـ ئێران).

* شەهادە : ڕۆژنامەی ئیسلامیی ڕامیاریی هەفتەیی، ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عیراقە، ژمارە : ٤٢٦،، ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣١ (١٩٩٢) (تاران ـ ئێران).

Hawler Times : A monthly periodical issued by the propaganda section of the

Kurdish Revolutionary Hizbolla, October 1992.

Kurdish Life : A publication of the Kurdish Library (Newyork), Number 4, Fall 1992.

Kurdistan in the media : publication of the Kurdish National congress of North America, Vol. 3, spring, summer and Fall 1992 (USA).

Kurdistan Times : A Quartarly political Journal (Editor and publisher : Mustafa Al- Karadaghi), Vol.1, No.2, Summer 1992(USA).

Kurdernas Vänner i Sverige, 3/92, Oktober 1992 (Sweden).

Kurdish National Congress of America, United Free Kurdistan, Volume 5, Issue 1, October 1992 (USA).



## وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە :

- دوو وێنەی ون ( کورتە چیرۆک)
- گورگی چاوشین (شیعر)
- ڕەخنەیەکی سەرپێیی، پەرلەمان لە نێوانی دوو کەوانەدا (لێکۆڵینەوەی سیاسی ) : ئەمە هەر یەک وتارە و بە دوو سەر ناوی جیاوازەوە بۆ ئێمە نێردراوە ...!!!

**ببوورن کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاو بکەینەوە.**

# ناونیشانی
# دەزگاکانی فەرهەنگی کوردی

بە نیازی بتەو کردنی پێوەندیی نێوان خوێنەرانی کورد و دەزگا و گۆڤارە فەرهەنگییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات، لەم ژمارەیەدا چەند ناونیشانێک بڵاو دەکەینەوە، بەو هیوایەی لە داهاتوودا ناونیشانی دیکەش بخەینە بەر چاوی خوێنەران :

**یەکگرتن** : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە ، ساڵی چوار ژمارەی لێ دەردەچێ. سەرنووسەر : هەڵکەوت عەبدوڵلا.

Yekgirtin
P.o. Box 227
1502 Copenhagen, V
Denmark

**خەرمانە** : گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە، ساڵی چوار ژمارەی لێ دەردەچێ. سەرنووسەر : حەمەسەعید حەسەن

Kharmana
Box 8
641 21 Katrineholm
Sweden

**بارزان** : ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێ.
سەرنووسەر : عەبدولقادر محەمەد ئەمین

Barzan
P.o. Box 797
Fairfax, VA 220 30
USA

**مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد** (لەندەن) : ئەم مەڵبەندە سێ بڵاوکراوەی هەیە :

**پەیڤ** :گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزیی گشتییە.

**مەڵبەند** : بلاوکراوەیەکی مانگانەیە.

**الثقافة الكردية** : مجلة ثقافية عامة.

Kurdish cultural centre :
14, Stannary Street
London SE 11 4AA
England
Tel : 071 - 735 09 18 — ژمارەی تەلەفۆن :
Fax : 071 - 582 88 94 — ژمارەی فاکس :

**کتێبفرۆشیی سارا - ستۆکهۆڵم**

Sara Bokhandel

Dala gatan 42
113 43 Stockholm
08- 33 12 29 — تەلەفۆن و فاکس :

**دامەزراوی کەلەپووری کورد،**
**کتێبخانەی کوردی** (لە ئەمریکا) ،
بە سەرۆکایەتیی خانمی «ڤیرا بیوودین سەعیدپوور» .
ئەم دەزگایە دوو بڵاوکراوەی بە زمانی ئینگلیزی هەیە :

Kurdish Times

گۆڤارێکی وەرزانەی زانستی و فەرهەنگییە

Kurdish Life

هەواڵنامەیەکی مانگانەیە

ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و فاکس :

The Kurdish Heritage Foundation,
The Kurdish Library


345 Park Place
Brooklyn, New York 11238
USA
Telephone (718) 783 79 30
Fax (718) 398 43 65


# نیشانەیەک بۆ مامۆستای کورد

هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی مامۆستای کوردەوە حەزمان دەکرد دروشمێک، نیشانەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤارەکە دابنێین کە، لە لایێکەوە شێوەیەکی هونەریی هەبێت و لە لایێکی دیکەشەوە ببێتە سیمبۆڵ و نیشانەیەک بۆ دەربڕینی ئامانج و بیر و ڕێڕەوەکەی . بۆ بەجێ هێنانی ئەم بیرە پێوەندیمان بە چەند هونەرمەندێکی کوردەوە کرد و داوامان لێ کردن بیرێکی لێ بکەنەوە. دوو سێیەک لەو دۆستانە هاتن بە هانامانەوە و هەریەکە نموونەیەک یا چەند نموونەیەکی نارد، کە لەم ژمارەیەدا یەک نموونەی هەر یەکەیان (بەبێ ناوهێنانی هونەرمەندەکە) بڵاو دەکەینەوە. هەر ئەم دەرفەتەش بە هەل دەزانین کە جارێکی دیکەش داوا لە هەموو نیگارکێشانی هونەرمەندی کورد بکەین یارمەتیمان بدەن بۆ دانانی دروشمێک Emblem بۆ گۆڤاری مامۆستای کورد.

ئێمە نامانەوێ هیچ جۆرە سنوور و مەرج و چوارچێوەیەک بۆ هونەرمەندان دابنێین، بەڵام حەز دەکەین ئەو دۆستانە، ئەگەر بکرێ، لە دروشمەکانیاندا ڕەچاوی چەند شتێک بکەن: سادە بێت ، کوردانە بێت و دەربڕینێک بێت لە ئازادی و ئازادیی بیر. ئەو هونەرمەندەی بەرهەمەکەی وەک دروشمی مامۆستای کورد هەڵدەبژێردرێت خەڵاتێکی شایان وەردەگرێت.

مامۆستای کورد







# کڵاو

مینه

نامەیەکە بۆ حەمە غەفووری دوێنێی گەڕەکی سەرشیوەکە و میستەر تۆمی ئەمڕۆی ئەورووپا ..... !!!

دوای هەشت ساڵ بێدەنگی .... دوای هەشت ساڵ چاوەڕوانیی بێهوودە.... دوای هەشت ساڵ خۆڕاگرتن و ددان بە خۆدا گرتن.   دوای هەشت ساڵ خۆ هەڵخەڵەتاندن ..... بۆ دوا جار بە چاوی خۆم بینیم، لە دوا نامەتدا ناوی ـ من ـ ت هێنا بوو. بەڵام چۆن ناو هێنانێک .. ؟ ! کاشکا ئەو خۆزگەیەم هەرگیز نەهاتایەتە دی و لە گەڵ خۆمدا بمبردایەتە گڵەوە و ئەو جارەش بەو شێوەیە لە نامەی تۆدا نەمبینیبایە .....!!

حەمەغەفوور .... ببوورە لێم کە بە ـ حەمە غەفوور ـ بانگت دەکەم، ببوورە لێم ... ئاخر ئەگەر لە یادت مابێت، من بۆ یەکەم جار بەو ناوە  وە تۆم ناسی.

حەمە غەفوور، هەرچەندە ئێستا تۆ لە ئەورووپا دەژیت و لە ژیانێکی گەلێ پێشکەوتوودای، بەڵام لێم گەڕێ با بە فەرمانی دەروونی هەژاوم هەشت ساڵ بەرەو دوات بگێڕمەوە. سەرنجت ڕائەکێشم بۆ ئەو ڕۆژەی کە بڕیارت دابوو بچیت بۆ دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، دێتەوە یادت ؟ کاتێ لەگەڵ تریفەی خوشکی تۆ و دەستە خوشک و هاوەڵی قوتابخانەی من، هاتم بۆماڵتان، تا بۆ دوا جار چاوم پێت بکەوێت و هەر هیچ نەبێ بە نیگای چاو خواحافیزیت لێ بکەم .... ئەو ڕۆژەت دێتەوە یاد....؟! کاتێ دەتڕوانییە نێو چاوەکانم... من تاس دەبیردمەوە و تۆش بە فرمێسکی قەتیسماوی نێو چاوەکانت بەڵێنی گەڕانەوەی بە پەلەت پێ دەدام و ئاگری ئەوینێکی پیرۆزت لە دەروونما خۆش دەکرد...

هەی نەفرەت لە هەزاران ئەوینی ئاوا.... نەفرەت لەو ڕۆژە ڕەشە.. !! تۆ گەیشتیتە ئەورووپا و منیش لە ژیانی ئەوینێکی خەیاڵاویدا دەژیام، چەند جارێک هەواڵی ژیانی ئەوینتم لە ڕێگەی خوشکتەوە پێ دەگەیشت ... هەموو نامەیەکت کە دەهات ئەو سەرجەمی وتەکانی تۆی سەر زاری بۆ دەگێڕامەوە. ئای چەند شادمان بووم ئەو کاتە نووسیبووت ... تێکەڵاو بوون لە گەڵ ئەم کۆمەڵی ئەورووپایەدا ستەمە .... بێزت لە قژی ڕەش و پێستی گەنم ڕەنگی دەکردەوە. ... چونکە جیاوازیی خستبووە نێوان تۆ و ئەو خەڵکەی لە نێوانیاندا دەژیت ... ئەوە وای لێ کردم کە هەمیشە لە خەیاڵی ئەوەدا بم ... کەی حەمە غەفوور نامەیەکم بۆ بنێرێ و پەردە لە سەر خۆشەویستیی خۆی هەڵماڵێ بەرانبەر من.... من چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووم و ئەو ڕۆژەش هەر نەهات .... شەوگاری ناو پێخەفی تەنیاییم ڕۆژ کردەوە و مانگان و ساڵانم کرد و هەر چاوەڕوان بووم..... دوای چوار ساڵ، بۆ یەکەم جار داوام لە خوشکت کرد کە نامەیەکی تۆم پیشان بدات ... بەڵام داواکەمی پێ جێ بە جێ نەکرا ... ئەویش بە بیانووی ئەوەی کە ناوێرن پارێزگاری لە نامەکانت بکەن. لە بەر بارودۆخی نالەباری وڵات و ترسی پشکنین لە لایەن ڕژێمەوە .... منیش وتم : خۆ ئەو لە ڕێگای میرییەوە چووەتە دەرەوە.... ئیدی مەترسیی چی تیایە ؟ کەچی لە وەڵامدا وتی : ئاخر " تۆم " بڕیاری داوە تا ئەو ڕژێمە بۆگەنە فەرمانڕەوایی بکات ناگەڕێتەوە ... منیش بە سەرسامییەکەوە وتم : " تۆم " ! مەبەستت کێیە..؟ وتی : مەبەستم حەمە غەفوورە ... ئەی نازانی ئێستا ناوی خۆی گۆڕیوە ؟! بە تایبەتی دوای ئەوەی کە بڕیاری داوە نەگەڕێتەوە ... و ئێستا لەگەڵ کچێکی ئەورووپاییدا پێکەوە دەژین ...... لە ناخەوە پێکەنینم دەهات و بە سەرزارەکیش دەگریام .. ئای چەندە کیژۆڵەیەکی دەبەنگ وساویلکە بووم ..! لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا چەند جارێک هاتنە خوازبێنیم

و هەر هەمووشیان یەک لەیەک باشتر و ڕێکو پێکتر .. کە چی بە ناخێری گیانم دەمویست پارێزگاری لە ئەوینی خۆم بکەم ... ئەو ئەوینەی کە خۆم بە خەیاڵ بۆ خۆمم دروووست کردبوو... کە ئەوەش تاوانی تۆی تیا نییە و من هەرگیز لەو لایەنەوە سەرزەنشتی تۆ ناکەم، بەڵکوو لۆمەی گێلێتی و بیرتەسکیی ئەو کاتەی خۆم دەکەم ... !

بەڵێ میستەر تۆم .... لەم دواییەدا، دوای هەشت ساڵ نامەیەکت هات و بۆ یەکەم جار دوای ئەو ماوە دوور و درێژە من نامەی تۆم بینی ..... بەلام نامەکەت کاتێ گەیشت... کە سەیر نەبێت بە لاتەوە، ئەگەر بڵێم نەک تۆ، تەنانەت خۆشم لە یاد نەمابوو.. چونکە لە بارودۆخێکی گەلێ نالەباردا دەژیام... لە کاتێکدا بوو کە گەورە و بچووکی شار، بگرە وڵات بە گشتی... ڕووەو چیاکان هەڵهاتبوون... ئیدی لەوانەیە خۆتان لە سەر شاشەی تەلەڤیزیۆنی ئەو وڵاتەی کە لێی دەژین کەمێکتان لەو کلۆڵی و چەرمەسەرییە بەرچاو کەوتبێت .... بۆیە نامەوێ لێرەدا هەستی مردووت زیندوو بکەمەوە و ئازاری ویژدانی نووستووت بدەم.

نامەکەت بۆ خوشکت ناردبوو... ئەو کاتە خوشکیشت بە کۆستی خۆیا کەوتبوو، چونکوو یەک دوو ڕۆژ بوو منداڵێکی دوو ساڵانی لە برسانا و لە سەرمادا ڕەق هەڵاتبوو. کەچی تۆش بێشەرمانە لە نامەکەتدا نووسیوتە - دەمەوێت ژن بهێنم ... بەلام حەز دەکەم کچێکی لای خۆمان بخوازم ... چونکە ژنی ئەوروپایی بەکەڵکی ماڵ و مێرد نایە و منداڵی پێ بە خێو ناکرێت... ئەو بڕوایەشی لە سەر نییە کە لە ژنی لای خۆماندا هەیە... ئەمجا دوای هێندێ ڕەخنە گرتن لە ژیانی خێزانی ئەوروپی و پیا هەڵدان بە داب و نەریت و شێوە و دەستووری خێزان و هاوسەرێتی لە وڵاتی خۆماندا ... نووسیوتە : ئەگەر " شەونم هێشتا شووی نەکردووە دەم و دوی تاقی بکەنەوە و خوازبێنیم بۆ بکەن ... بەلام ئەوەتان لە یاد نەچێت، ئەگەر تەنانەت بەدەم کوڕێکەوە پێکەنیبێت ... نەک دڵداریی کردبێت یان پەیوەندیی هەبووبێت بە کەسێکی دیکەوە ... بە یەک پوولی قەڵپ نایکڕم..... !.

ئەم جارەیان لە ناخەوە دەگریام و بە سەرزارەکیش پێدەکەنیم، خوشکت هێندە گەمژە و گێل بوو، وای دەزانی لە خۆشیدا پێدەکەنم بۆیە بە ماتییەکەوە پێی وتم : - ئیتر تۆ ڕزگارت دەبێت لەم ناخۆشییە، بەلام ئەو نەیدەزانی کە ئەو پێکەنینە، پێکەنینی نەفرەت و قین بوو... پێکەنینی بێز کردنەوە بوو لە تۆ و لە نموونەی وەک تۆ .

حەمە غەفوور.. سوێند دەخۆم بە پاکیی داوێنم ... کە من هەرگیز لەو ماوەیەدا زاتی ئەوەم نەکردووە ڕۆژێ لە ڕۆژن نامەیەکت بۆ بنووسم .... و گرێی دڵی خۆمت لە لا بکەمەوە .... چونکە بە فرمانی فەرهەنگەکەم و بە پێی ئەو سەربەستییەی هاوڕەگەزانم هەیەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، دەبێ کوڕ دەستپێشکەری بکات لەو ڕووەوە...... ئەوەش نە تاوانی تۆیە، نە تاوانی منیشە، بەڵکوو داب و نەرێتێکە کە وای سەپاندووە بە سەرماندا. بەلام ئەمڕۆ بە فرمانی کەرامەتم ... بە فرمانی هەشت ساڵ چاوەڕوانی کە تەنیا خۆم دەزانم چەندە ئازاراوی بووە ... ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم...

گوێم بو شلکە میستەر - تۆم - ... ! لە فەرهەنگی تۆدا، لەوانەیە وشەی چاوەڕوانی تەنیا هەر واتای زاراوەییی هەبێت ... و هیچی دی. چونکە تۆی خۆپەرست تەنیا خۆشیی خۆت لا مەبەستە و کەس و کار و وڵات و مێژووی خۆت و تەنانەت ناوەکەشت لە یاد کردووە، ناکرێ لەوە قووڵتر لە واتای چاوەڕوانی بگەیت...!!

حەمە غەفوور... من لە دەروونی پاکمەوە ڕوانیمە فرمێسکی قەتیسماوی نێو چاوەکانی ئەو ڕۆژەی کە سەری خۆتت تیا هەڵگرت ... چونکە وام دەزانی سۆزی ئەوینێکی خاوێنە ... وام دەزانی داوایە لە من تا چاوەڕێت بکەم... وام دەزانی بەڵێنە بە گەڕانەوەت... و سوێندە بۆ ئەوەی کە پارێزگاری لە پیاوەتیی خۆت دەکەیت... بەلام داخەکەم لە پاکیی خۆمدا زۆر ساویلکە بووم..

لەو نامەیەدا کە لەم دواییەدا ناردووتە و من وام دەزانی پرسەنامەی خوشکەزاکەت و ئەو هەزاران منداڵەیە کە لەسەر سنوور شەهید بوون، نووسیوتە : -

ئەگەر بە سۆسەش بیستووتانە کە شەونم بە دەم کوڕێکەوە پێکەنیبێت .... بە پوولێک نایکڕم .. !! .

میستەر تۆم..سوێندت دەدەم بە هەرشتێک کە خۆت بڕوات پێیەتی..لەو کاتەی ئەو وشانەت دەنووسی بە دەستێ پێنووسەکەت..بە دەستەکەی دیکەت پێکت دروست نەدەکرد بۆ هاوڕێ سۆزانییەکەت..؟!

میستەر " تۆم " ... کاتێ تۆ شەوانە لە مەیخانەکان و یانەی شەوانەی سەما و سووڕداندا ڕۆژت دەکردەوە، من لە ناو ئازاری وڵاتەکەمدا و لە ژیانێکی پڕ مەترسیدا بیرم لە تۆ دەکردەوە .... کاتێ کە من جوانترین کوڕی ئابڕوومەندی نێو وڵاتم پەسەند نەدەکرد تا شووی پێ بکەم ـ نەک پەیوەندیی ژێر بەژێرمان هەبێت.... تۆ بە دوای سۆزانیی قژزەردی سوور و سپی و چاو شینا وێڵ بووی.

میستەر " تۆم " : تا ئەمڕۆ مەگەر من لە خەودا چێژی سێکسم کردبێت، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە دڵنیام تۆ ناوی دەیان جۆری " کۆندۆم " ت لە بەرە .... !! و دەیان جۆری قژ و چاو و پێستت گۆڕیوە.........

بڕوا بکە میستەر تۆم ... ئەگەر پیاویش وەکوو ژنان پەردەی پیاوەتیی هەبوایە ... ئەوە لە مێژەوە بوو تۆ بێبن بووی .... ! ( ببوورە خوایە گیان ئەوە دەست خستنە کاری تۆ نییە ).

حەمە غەفوور ئێستا تێدەگەم لەو فرمێسکەی ئەو ڕۆژە زابووە چاوتەوە ... ئێستا تێدەگەم .... کە ئەوە سۆزی خۆشەویستی نەبوو.... بەڵکوو ئاڵۆشی دەروونی پیست بوو بەرانبەر جوانی و لاوێتیی ئەو سەردەمەم..... ئێستا تێدەگەم هەی ئاژەڵ .. !!

میستەر تۆم .. بە دەستووری کام ئاسمان.. بە واتای کام کتێب ... بە فرمانی کام پێغەمبەر ... ئەوەی بۆ خۆت بە ڕەوا زانیوە و کردووتە .... بۆ من قەدەغە بێ و نابێ کردبێتم ...؟؟؟

میستەر تۆم ... هێشتا بەرگی ڕەشم لە بەردایە بۆ ئەو خاڵۆزایەم کە لە پێناوی گۆڕینی ئەو ڕژێمەدا شەهید کرا، کە تۆ بڕیارت دابوو تا نەگۆڕێت، نەگەڕێیتەوە.... ئەو شەهید کرا تا شەقامەکانی شارت بۆ تەخت بکات و تۆی میستەر و ئەورووپایی پیاسەی بێ ترسی پیا بکەیت و بە گوارەکانی گوێتەوە شانازی بە سەر خەڵکانی ستەمدیدەی هاووڵاتیدا بکەیت... بەڵێ ، بەڵێ ڕەشپۆشی ئەو خاڵۆزایەمم کە چەند جارێ خوازبێنیی کردم و من شووم پێ نەکرد.

حەمە غەفوور .... بەڵێن بێت ئیدی لە بەیانییەوە بەرگی ڕەش لەبەر داکەنم ... چونکە نامەکەی تۆ لە زۆر لایەنی ژیانەوە چاوی کردمەوە ... هەرچەندە ئێستا تەمەنیشم گەیشتۆتە دوا وێستگەی شەمەندەفەری ژیان، بەڵام گرنگ نییە، ئەگەر دوا شەمەندەفەریش بە وێستگەی مندا تێنەپەڕێت و هەر وا بمێنمەوە تا پرچی سپی دەهۆنمەوە .... بڕیار بێت هەرگیز بیر لە شوو کردن نەکەمەوە، بە تۆ و نموونەی وەک تۆ ....! ئەوەش باش دەزانم و دڵنیام کە تۆش پەکت ناکەوێت .... بڕۆ وەک مەنجەڵێکی پیسی ژەنگاوی بۆ سەرقاپی خۆت بگەڕێ.

**شەونم**

# بنەڕەتەکانی بیری کوردایەتی لەمەم و زینی خانیدا

فەرهاد شاکەلی



**هۆیەکی** هەرە بنچینەیی ئەوەی کە داستانی (مەم و زین) لای کورد هێندە بە نرخە و ئەحمەدی خانیی دانەریشی هێندە پایەبەرز و بەڕێزە، بێگومان، پێوەندییەکی زۆری بە ناوەڕۆکی داستانەکەوە هەیە کە، تا رادەیەکی زۆر، رەوشی گەلی کورد و وڵاتی کوردستان پێشان دەدات و ئەو هیواو ئامانجانەی گەلی کورد خەونی پێوە بینیون و دەبینێ و لە پێناویاندا تێکۆشاوە و ئێستاکەش هەر تێدەکۆشێ، دەردەبڕێ.

خانی خۆیشی ئەمەی نەشاردۆتەوە کە لەنووسینی داستانەکەیدا، هۆ و ئامانجی خۆی هەبوون. لە بەشەکانی سەرەتای مەم و زیندا خانی دوو مەبەستی گشتی دیاری دەکات، کە دەشێ، هەر لەو کاتەدا، بەهۆی نووسینی داستانەکەش بژمێردرێن :

١-دەیەوێ بە زمانی کوردی کارێکی ئەدەبیی وا بنووسێ، کە بیخاتە ریزی گەلانی دیکەوە و ئەوە پێشان بدات کە کوردیش دەتوانن کاری زانستی و ئەقڵی پێشکەش بکەن، کارێکی وا بنووسێ کە رەچەڵەک و رەسەنی کورد پێشان بدات. هەڵبژاردنی داستانی دێرین و کوردانەی (مەمێ ئالان) وەکوو بناخەیەک بۆ داستانەکەی خۆی زیرەکی و ژیرییەکی زۆری تێدایە، چونکە لە لاییکەوە کەڵەپوورێکی کوردی زیندوو دەکاتەوە و دەیخاتە بەردەمی گەلەکەی و خەڵکی دیکەش، لە لایەکی دیکەشەوە هۆشیاری و زانیاری و تێگەیشتن و بیرو باوەڕەکانی خۆیشی دەخاتە سەری. بە یەکگرتنی ئەو دوو لایەنە خانی نووسراوێکی وای داهێناوە کە ئامانجی یەکەمی نووسینی داستانەکە وەدی بێنێ:

*داخەلق نەبێژتن کو«ئەکراد*
*بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بنیاد*
*ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن*
*کرمانج تەنێ د بێ حسێبن»* (١)

٢-دەیەوێ ئەوە بچەسپێنێ کە کوردیش، وەکوو گەلانی دیکە، گەلێکی زیندوون و دەتوانن پێش بکەون. گەلێکن دەتوانن، ئەگەر بۆیان بلوێ، ژینێکی ئاسوودە و ئاسایی و پڕ لە خۆشەویستی و زانین بژین. خانی لێرەدا مەبەستێکی سیاسی دەردەبڕێ و بەرگری لە گەلەکەی دەکات و «ئەو تۆمەتەی دوژمنانی گەلەکەی دەینێن بە گەلەکەیەوە، کە :گوایە لە شەڕ و خوێن ڕشتن بەولاوە چی دیکە نازان دەداتە دووە» (٢)

*هەم ئەهلێ نەزەر نەبێن کو» کرمانج*
*عەشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج*

*تێکدا نه د تالبن، نه مەتلووب*
*ڤێکڕا نه موحیبین ئەو، نه مەحبووب*
*بێبەهرەنە ئەو ژ عیشقبازی*
*فاریغ ژ حەقیقی و مەجازی»*(٣)

ئەگەر خانی لێرەدا دوو مەبەستی لە نووسینی داستانەکەی دەستنیشان کردووە، بەڵام هەر لە بەشەکانی سەرەتای مەم و زیندا، دیسان دێتەوە سەر ئەو باسەی کە بۆچی مەم وزینی نووسیوە و ویستوویەتی بڵێ چی. خانی روو دەکاتە مەیگێڕ و داوای بادەیێک مەیی گوڵڕەنگی لێ دەکا و دەیەوێ لە چاوی «شیحنەو موحتەسیب» دوە دوور بێت:

*ساقی بدە من شەرابێ گولگوون*
*بێ دەنگێ دەف و سەدایێ قانوون*(٤)
*دا شیحنەو و موحتەسیب نەبینن*
*شاهی بجڤن، چو خەم نەمینن*(٥)

خانی کە داوای مەی دەکات و حەز بە سەرخۆش بوون دەکات، مەبەستی ئەوە نییە، وەکوو ئەو کەسانەی دوای هەوەس و ئارەزوو دەکەون، کەیل بێ و خۆی و دەورو بەریشی لە بیر بکا... ئەگەر وا بووایە، دەبوایە دەنگی دەف و سەدای قانوونیشی بویستایە، تا بەزم و رەزمی تەواوی بگێڕایە. ئەو سەرخۆشییەی خانی دەیەوێ، سەرخۆشیی سۆفییان و زانایانە، کە رێگە بۆ دەربڕینی نهێنییە خوایییەکان خۆش دەکات و زمانی ناوەوە دێنێتە گۆ:

*بێ کەیف نەشێم چو ئەز ببێژم*
*دێوانە ببم،دوڕان بڕێژم،*
*بەدحاڵ ببم، سیڕڕان ب دەر دم*
*بێ قال ژ باتینێ خەبەر دم،*
*تەشبیهێ نەیێ بکم تەرەننوم*
*تووتی سیفەت ئەز بکم تەکەللوم*
*دا کەشف ببن ژمن کەرامات*
*مەشهوور ببن ژ من مەقامات*(٦)

لە پاش ئەمە راستیی مەبەستی خۆی دەبێژێ و ئاشکرای دەکات:

*سازێ دلێ کول ب زیر و بەم بت*(٧)
*سازندەیێ عیشقێ زین و مەم بت*
*شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە*
*زینێ وو مەمێ بکم بەهانە*(٨)

ئەو خەمی دڵەی خانی دەیەوێ لێکی بداتەوە و ئەفسانەی لێ چێ بکات، بریتییە لە: ئەو ژێردەستییەی گەلەکەی تووشی بووبوو، دابەشبوون و پارچە پارچەکردنی کوردستان، بەکارهێنانی گەلی کورد لە لایەن دوو هێزە گەورەکەی سەردەمی خانییەوە ـ عوسمانی و سەفەوی ـ لە شەڕی دژی یەکدیدا، کوردستان کردنە شەرگەیەک لە نێوان خۆیاندا، نەبونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد کە کورد خۆی(پاشایەکی کورد) بیبا بەڕێوە، دواکەوتن و نرخ پێ نەدانی فەرهەنگ و زمانی کورد، نەبوونی یەکێتییەکی خورت لە نێو رێزەکانی گەلی کورد خۆیدا.ئەمانە ئەو لایەنانەی کۆمەڵی کوردەوارییی ئەوسەردەمەن کە خانی خەمی بۆ دەخوارد، بەڵام ئەو هەر لەو کاتەشدا لایەنی دیکە دەبینێ و هەست پێ دەکات. خانی شانازی بەوەوە دەکات کە کوردەو کورد بە گەلێک دەزانێ وەکوو هەموو گەلانی دیکەی هاوماڵ و دراوسێی، کە هیچی لەوان کەمتر نییە، زمانە کوردییەکەی خۆی خۆش دەوێ و دەیەوێ پێی بنووسێ، با لای خەڵکی دیکە نرخی نووسینەکەش نەبێت. کورد بە ئازا و دلێر و چاوتێر و دەستبڵاو دادەنێ، کورد بە خاوەن فەرهەنگ دەزانێ و دەیەوێ لە سایەی پاشایەکی کورددا کەلەپووری گەلەکەی زیندوو بکاتەوە.لە لایێکەوە ئەو هەل ومەرج و رەوشە دژوار و سەختەی کوردەواری دەبینێ و لە لایەکی دیکەشەوە دەبینێ هێزێکی گەورە و شاراوە و پۆتێنسیال لە میللەتەکەیدا هەیە، کەچی ژیانێکی ئاسایی و سەربەخۆی نییە، بەڵکە گەلانی دیکە، کە هیچیان لە

کوردەکە زیاتریش نییە، ولاتی ئەمیان داگیر کردووە و بۆ سوودی خۆیان بە کاری دێنن و دەیچەوسێننەوە. لێرەدا دەکەوێتە گومان و پەنا دەباتە بەر سەرچاوەی بیرو باوەڕە ئایینییەکەی و دەڵێ لەوەیە خودێ ئەمەی لە چارە نووسیبین، بەلام، بێگومان، بەم ئەنجامە قاییل نابێ و دڵی ئاو ناخواتەوە... بیر لەوە دەکاتەوە کە دەبێ بۆ رزگاربوون لەو هەلو مەرجە رێگەیەک هەبێ. ئەودەم بیر لە چارەسەر دەکاتەوە و دەکەوێتە پلان دانان بۆ دۆزینەوەی رێگەی پاشەڕۆژێکی بەختیار و رووناک بۆ گەلەکەی و ولاتەکەی.



بیرو باوەڕەکانی خانی لەم بوارەدا کۆمەڵێ بنەمای سیاسیی راست و رەوانن کە، ئەگەرچی ئەو پێش نێزیکەی سێسەد ساڵ نووسیونی (خانی ساڵی ١٦٩٤ لە نووسینی مەم و زین بۆتەوە)، بەلام بە گشتی، هەتا ئێستاش، وەکوو کۆمەڵێ بناخەی گشتی، نرخ و گرنگیی خۆیان نەدۆڕاندووە. رەوش و دۆزی گەلی کورد جێگەیەکی پان و پۆڕ و فراوانی لە داستانی مەم و زین داگیر کردووە. بیروباوەڕەکانی خانی لەم بوارەداو ئەو پەیامەی دەیەوێ بە گەلەکەی رابگەیێنێ، لە داستانەکەدا بە شێوەی جیاواز دەربڕاوە. ئێمە دەتوانین بیانکەین بە دوو بەشەوە:

١- ئەو بەشەی کە راستەوخۆ لە بارو هەلو مەرجی گەلی کورد و ولاتی کوردستان لەو سەردەمەدا دەدوێ و ئاسۆی پاشەرۆژ پێشان دەدات. دەکرێ ئەمەیان بە بەشی سیاسی ناو ببرێ. خانی لەم بەشەدا راستەوخۆ لە سیاسەت دەدوێ و زمانێک بەکار دێنی کە، بە پێوانەی سەردەمی خانی دەشێ بە زمانێکی سیاسی دابنرێت.

٢- ئەو بەشەی کە راستەوخۆ لەتەک سیاسەت خەریک نابێ، بەلام ناوەڕۆک و ئامانجی دیسان لە خزمەتی بیر و باوەڕە سیاسیکانی خانیدایە و دەگەڵیان هاوئاهەنگە. ئەمە ئەو پارچانە دەگرێتەوە کە باسی زمانی کوردی، فەرهەنگی کوردی، رووالەتەکانی کۆمەلی کوردەواری ومێژووی کورد... هتد دەکات.

سەدەی شازدە و حەڤدەی زایینی سەردەمێکی زۆر ئالۆز و دژواری مێژووی کوردستانە. خانی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەدا ژیاوە و ئەنجامی ئەو کارەسات و رووداوانەی بەسەر کوردستاندا هاتبوون ، دیتبوو و تێدا ژیابوو. شەڕی چاڵدیران کە رۆژی بیست و سێی ئاگوستی ساڵی ١٥١٤، لە نێوان لەشکری سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا قەوماو بە شکانی لەشکری قزلباشی سەفەوی کۆتایی هات، بوو بە هۆی دابەشبوونی کوردستان لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییەدا. ئەمە سەرەتای سەردەم و کارەساتێکی تاڵ و پڕ لە ئازارو دەرد بوو بۆ گەلی کورد و ئەنجامەکەی هەتا ئێستاکەش لە ژیانی گەلی کورددا کاریگەرە و درێژە دەکێشێ.. پەیدابوون و گەشەکردنی کۆمەڵێ میرنشینی نیوچە سەربەخۆی کورد و شەڕی بەردەوام و نەبڕاوەی نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی و بەکارهێنانی کورد دژی یەکدی کاراکتەر و سروشتی هەلومەرجی ئەو سەردەمە بوون . سەرەڕای ئەوەش چەسپاندنی سنووری« رەسمی» ی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەکە بە گوێرەی رێکەوتننامەی ساڵی ١٦٣٩ ی نێوان شا سەفیەددینی سەفەوی و سوڵتان مورادی چوارەمی وەسمانی بوو بە هۆی دابەش بوونی رەسمی و یەکجارەکیی کوردستان. عوسمانییەکان هەتا

توانییان کوردیان کرد بە گژ سەفەوییەکاندا، بەڵام بە هەموو جۆرێکیش تێدەکۆشان لە نێو خۆشیاندا شەڕ و ئاژاوە بنێنەوە و بە گژ یەکیاندا بکەن، نەوەک یەک بگرن و بڤە و دەردەسەری بۆ ئیمپراتۆریەکەیان چێ بکەن.

لە سەردەمی ژیانی خانیدا کۆمەڵێ میرنشینی کورد لە کوردستاندا هەبوون. خانی وەک لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێ لە سایەی میرنشینی بۆتاندا، کە بە هێزترینی ئەو میرنشینانە لەو سەردەمەدا بووە، ژیاوە.

ساڵی ١٠٦٦ ی کۆچی (١٦٥٦ ز) کە خانی هێشتا منداڵێکی پێنج ساڵان بووە، یەکێ لە میرنشینە هەرە گەورەکانی کورد، کە میرنشینی بدلیس بوو، رووخاو کۆتایی بە فەرمانرەوایی بنەماڵەی بدلیسییەکان هێنرا. ئەم بنەماڵەیە رۆڵێکی مەزنی لە مێژووی گەلی کورددا دیت و گەلێ شاعیر و سیاسەتزان و مێژوونووسی ناوداریان تێدا هەڵکەوت. کەسانی وەکوو مەلا«یان حەکیم» ئیدریسی بدلیسی (ساڵی ٩٢٦ی کۆچی مردووە) کە کتێبی (هەشت بەهەشت)، یەکەم مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانییان نووسی. هەروەها شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣ـ١٦٠٤ز) نووسەری شەرەفنامە، مێژووی هەرە بەناوبانگی کورد.

میرنشینەکانی کورد لە نێوان خۆیاندا هەرگیز ڕێک نەبوون. ئەم هەلومەرجە بۆ خاوەن بیرێکی کوردی وەکوو خانی دوو لایەنی هەبوو:

١- لە لایێکەوە دۆخێکی پڕ لە کارەسات و ئازار و خوێن و رژان و پارچە پارچە بوون، وڵاتێکی داگیرکراو، گەلێکی ژێر دەست.

٢- لە لایێکی دیکەشەوە هیوای ئەوەی سەرکردەکانی کورد بیرێک لە باری وڵاتەکەیان و پاشەڕۆژی گەلەکەیان بکەنەوە و تێبکۆشن یەکبگرن و وڵاتێکی بە هێز و سەربەخۆی کورد دروست بکەن.

ئەم دوو لایەنە کاراکتەری هەرە سەرەکیی کوردایەتی لەو سەردەمەدا بوون. . ئەحمەدی خانیش باشترین کەسێ بووە کە بە شێوەیەکی ئەدەبی و راست و رەوان ئەو هەلومەرجە و ئەو دۆخەی کوردستان و کوردی دەربڕیوە و باشترین نوێنەری بیری کوردایەتیی ئەو سەردەمە سەخت و تێکچڕژاوەی مێژووی کورد بووە. ئەدمۆنس دەڵێ: «چ پێش دامرکاندنەوەی میرنشینەکان و چ دوای ئەوساش هەمیشە دژی ئەم یا ئەو حکوومەتی دەسەلاتدار راپەڕین رووی داوە. لەم راپەڕینانەدا سەرکردەکان بۆ هاندانی خەڵکی سەربەخۆیان پەنایان بردۆتە بەر هەستی رەگەزی. هەڵبەست لە داستانی نەتەوایەتیی مەم و زین( رۆمیۆ و جولێتی کورد) ئەحمەدی خانی بۆتان(١٦٥٠ـ١٧٠٦) وەکوو بەڵگە دەهێنرێتەوە کە کوردایەتی رەگ و ریشەی قووڵی لە رابوردوودا هەیە»(٩)

خانی کاراکتەر و سیمای سەرەکیی رەوشی کوردستان لەوەدا دەبینێ کە لە نێوان دەوڵەتەکانی سەفەوی و عوسمانیدا دابەش کراوەو بە هەردووشیانەوە کوردستانیان کردۆتە وێرانە و درێخی لە رووخاندن و تالان کردن و چەوساندنەوە ناکەن. بەشی هەرە گەورەی کوردستان، بە تایبەتی لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێراندا کە عوسمانییەکان تێدا سەرکەوتبوون، وەبەر دەوڵەتی عوسمانی کەوتبوو. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا خانی کوردستان بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی یان سەفەوی ناژمێرێ، بەڵکوو بە وڵاتێکی داگیرکراوی دادەنێ و ئەوانیش بە داگیر کەر.

شەڕی نێوان وەسمانی و سەفەوییەکان لە سەد ساڵان پڕتری درێژەکێشا و بوو بە هۆی وێرانبوونی کوردستان. سەرەڕای ئەوەش، بۆ سەرپێ شۆڕکردنی میر و فەرمانرەوایانی کوردستان، ئەو دوو دەوڵەتە زۆر دڕندانە دەکەوتنە هێرش بردن و خوێن رشتن. سەفەویەکان لە سەردەمی فەرمانداریتیی شا عەباسی دووەمدا (١٥٨٥ ـ ١٦٢٨) هێرشیان کردە سەر ئەمیرخانی یەکدەستی میری برادۆست، کە «قەلای دمدم» ی کردبووە پێتەختی خۆی. شەڕەکە چەند مانگێک درێژەی کێشا، بەڵام لە کۆتاییدا (ساڵی ١٠١٧ی کۆچی)، کوردان نە تەقەمەنی و نە ئاویان

نەمابوو، لەبەر ئەوە شکان، بەڵام خۆیان نەدا بە دەستەوە. کاتێ کە لەشکری داگیر کەر چوونە نێو قەڵاکە، دیتیان پیاوان هەموو کوژرابوون و ژنانیش یا خۆیان بە پەت هەڵواسیبوو، یانیش لە دیوارە بەرزەکانی قەڵاوە خۆیان هەڵدێرابوو، بۆ ئەوەی بە زیندوویەتی نەکەونە بەر دەستی نەیار. ئێستاکە گەلێ گۆرانی و بەیت هەن لەمەڕ کارەساتی جەرگبڕی قەڵا و ئازایەتی و جوامێریی کوردان گوتراون. نووسەری کۆچکردووی کوردی سۆڤییەتی عارەبێ شەمۆ رۆمانی دمدمی لەسەر بناخەی رووداوەکانی قەڵای دمدم دارشتووە(١٠).

عوسمانییەکان نیوانیان لەتەک سەرکردە کوردەکاندا خۆش نەبوو. هەرچەندە لە شەڕی دژی سەفەوییاندا بە کاریان دەبردن، بەڵام، هەر لەو کاتەشدا لە هەل و دەرفەتێک دەگەڕان بۆ ئەوەی یەک لە دوای یەک دایانپلۆسن. ساڵی ١٠٦٦ی کۆچی عوسمانی هەڵیان کوتایە سەر ئەبداڵ خانی میری بدلیس و کۆتاییان بە ژیانی ئەو میرنشینە هێنا، کە یەکێک بوو لە میرنشینە هەرە گرنگ و ناودارەکانی کوردستان. دوژمن هەرچیی کەوتە بەردەست، تالانی کرد. کتێبخانە دەوڵەمەند و گەورەکەی ئەبداڵ خانیش وەبەر ئەو تالانە کەوت و تیاچوو. گەڕۆکی تورک ئەولیا چەلەبی ئەو رووداوەی بە درێژا لە (سیاحەتنامە)کەیدا گێڕاوەتەوە(١١). خانی بیر لەوە دەکاتەوە کە کورد بە هۆی ئەوەوە کە وڵاتی سەربەخۆ و یەکگرتووی خۆی نییە، ئاوا کەوتۆتە بەر دەستی ئەو دوو هێزە، چونکە، خانی دەڵێ، ئەگەر کورد پاشایەکی خۆی هەبوایە:

*غالیب نەدبوو ل سەر مە ئەڤ رووم*
*نە دبوونە خەرابەیێ د دەست بووم ،*
*(مەحکوومو عەلەیهی) وو صەعالیک*
*مەغلووب و موطیعی تورک و تاجیک(١٢)*

ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی بە رواڵەت دوو دەوڵەتی ئیسلامی بوون. جیاوازیی ئایینزا(مذهب) هۆیەکی شەڕ و شۆڕی نێوانیان بوو. سەفەوی (شیعە) یان کردبووە ئایینی رەسمیی دەوڵەتەکەیان و عوسمانیش(سوننی) بوون. هەردوو هەر موسڵمان بوون و هەردووش هەر خۆیان بە خێوی ئایینی راست دادەنا. هەریەکەیان هەوڵی دەدا سنووری دەسەڵات و فەرمانی خۆی فراوانتر بکات و وڵات و خاکی ئەوی دیکە داگیر بکات. کوردستان ناوچەیەک بوو لە نێوان هەردووک ئالیدا کە دەبوو پێشتر داگیری بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پاشان هێرش بیەنە سەر پێتەختی یەکدی. لەم نێوانەدا کوردستان بووبووە شەرگەیەک لەشکری هەردوولا، ساڵەهای ساڵ، لەسەری بەیەکدا دەهاتن و لەیەکیان دەدا. هەریەکەیان کۆمەڵێ میرنشینی کوردیان دروست کردبوو، بەو نیازەی سنووری وڵاتی خۆیانی پێ بپارێزن و بیکەن بە گژ لایەکەی دیکەدا.

حەکیم ئیدریسی بدلیسی (ساڵی ٩٢٦ی کۆچی مردووە)، مێژوونووس و زانا و سیاسەتزانی کورد، رۆڵێکی گرنگی لە یەکخستنی هۆز و تیرەکانی کورددا دیت و کۆمەڵێ میرنشینی بۆ ئالیکاریی سوڵتانی وەسمانی لە شەڕی دژی سەفەویاندا پێک هێنا.

خانی زۆر هۆشیارانە لەوە گەیشتبوو کە ئەو دوو هێزە دەیانویست کورد لە پێناوی تەماح و شەڕخوازیی خۆیاندا بەکاربێنن و بیکەنە مەتاڵێ بۆ گێڕانەوەی شیر و تیری دوژمن:

*ئەڤ رووم و عەجەم ب وان حەسارن*
*کرمانج هەمی ل چار کەنارن*
*هەردوو تەرەفان قەبیلێ کرمانج*
*بۆ تیرێ قەزا کرنە ئامانج*
*گۆیا کو ل سەر حەددان کلیدن*
*هەر تایفە سەددەکن سەدیدن(١٣)*

بەستە (بە عارەبی سدّ ) بۆ راگرتن و گل دانەوەی ئاو دێتە دامەزراندن. رۆڵی کوردانیش لەو دەمەدا هەر ئەوە بوو. خانی لێرەدا وێنەیێکی شیعری و زمانەوانیی

زۆر سەرکەوتوو دروست دەکا. هەردوو زەریای بە خرۆش و شەپۆلدار و هەڵچووی عوسمانی و سەفەوی رووەویەک دێن و شاڵاو دێنن، بەڵام کورد لە نێوانیاندا پارچە وشکانی و بەژێکە لە یەکیان جوێ دەکاتەوە. بۆ وێنە کێشانی ئەو رەوش و هەلو مەرجە، خانی وشەی(بەرزەخ)ی عارەبیی بە کار هێناوە کە هەم لە جوگرافیا و هەم لە قورئانیشدا بایەخی خۆی هەیە:

*ئەڤ قولزومێ رووم و بەحرێ تاجیک*
*هندی کو دکن خورووج و تەحریک*
*کرمانج دبن ب خوین مولەتتەخ*
*وان ژێکڤە دکن میسالێ بەرزەخ*(١٤)

لە هەلومەرجی پەیدابوون و گەشەکردن و بەهێزبوونی هەردوو ئیمپراتۆرییەکەدا، خانی دەبینێ هەبوونی دەوڵەت رۆڵێکی چەند گرنگ دەبینێ و چۆن دەبێتە هۆی پێشکەوتنی نەتەوەیەک. ئەگەرچی سوڵتانی عوسمانی و شای سەفەوی خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاستی ئیسلام دەزانن و بە ناوی ئیسلامەوە فەرمان دەکەن، بەڵام خانی هەرگیز بەم رواڵەتە هەڵناخەڵەتێ، بەڵکوو بە لێکدانەوەی خۆی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەردوولایان هەر داگیرکەرن و کوردەکە، بەهۆی ئەوە کە وڵاتی تایبەتی خۆی نییە، گەلێکی «بێ پەنا»یە (١٥)

کلیلی رزگاربوون لەو هەموو بارە ناهەموارەی کوردستان و رێگەی گەیشتنە دوارۆژێکی باش، بە لای خانییەوە، نە جادووە و نەهێنییەکی گەورەشە. ئەو دەبینێ جیاوازیی نێوان گەلێکی خاوەن دەوڵەت و پاشا و تەخت و تاراج و گەلێکی داگیرکراو و ژێردەستە و بێدەوڵەت و پاشا و تەخت و تاج چۆنە و چییە. تورک و فارس، یا خانی گوتەنی رووم و عەجەم، نموونەی جۆری یەکەمن و کوردیش دووەم. چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی ئەو رەوشەش ئەوەیە کە کورد وڵاتی تایبەتی خۆی هەبێت وخۆی بیبا بەڕێوە، واتە دەستەڵات بە دەست کورد خۆیەوە بێت. پاشایەکی کورد کە تەخت و تاجی خۆی هەبێت، بە باوەڕی خانی ، دەتوانێ کورد لە ژێر دەستی داگیرکەران دەربکات و رزگاری بکات

*گەر دێ هەبوویا مە پادشاهەک*
*لایق بدیا خودێ کولاهەک*
*تەعین ببوویا ژ بۆ وی تەختەک*
*زاهیر ڤە دبوو ژ بۆ مە بەختەک*
*حاسل ببوویا ژ بۆ وی تاجەک*
*ئەلبەتتە دبوو مەژی رەواجەک*
*خەمخواری دکر ل مە یەتیمان*
*تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان*(١٦)



چ لە سەردەمی دەسەڵاتی عارەباندا، کە بە هۆی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامییەوە، زمان و نەریت و رەوشت و خووی خۆیشیان بە وڵاتاندا بڵاودەکردەوە و چ لە سەردەمی خانی خۆیدا، کە فارس و تورک دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیان هەبوو، هەمیشە بە چاوێکی نزمەوە تەماشای زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردان کراوە. ماکی ئەم سووک تێڕوانین و نرخ نەزانینەی بیر و فەرهەنگی کوردیش هەمدیس، بە باوەڕی خانی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد وڵات و پاشای خۆی نییە.

*گەر دێ هەبوویا مە سەرفرازەک*
*ساحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک*

نەقدێ مە دبوو ب سککە مەسکووک

نەدما وەهە بێ رەواج و مەشکووک(١٧)

خانی جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە سەر ئەم بیرە و بە جۆرێکی دیکە دەیڵێتەوە:

نەقدێ مە مەبێژە« کەمبەهایە»

بێ سککەیێ شاه شەهرەوایە(١٨)

ئەم تێڕوانینەی خانی گەلێ لێکدانەوە هەڵدەگرێ، چونکە لەوەیە کە باسی پارە دەکات هەر مەبەستی مانای ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی وشەکە بێت و لەوەشە مەبەستی واتا شاراوەکەی بێت، کە وەکوو نیشانەی نرخ و بایی زمان و فەرهەنگی کوردی(لەوانەشە داستانی مەم و زینەکەی خۆی) بە کاری هێنابێ. (شەهرەوا) نێوی پارەیەکی ناوچەی جەزیرە بوو، کە هەر لەوێ دروست کراوە و لە چوارچێوە و سنووری میرنشینەکەدا بۆ کڕین و فرۆشتن بە کار هێنراوە.(١٩) لەوەیە خانی وشەکەی وەکوو سیمبۆلی دەسەڵات و سنووری دەست ڕۆیشتنی میری جەزیرە بە کار بردبێ.

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ بیروڕای خانییە لەسەر میری جەزیرە. میری بۆتان دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایەکی گەورەی کوردستان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خانی هەر بە دەسەڵاتدارێکی ناوچەیی و بچووکی دەزانێ. خانی بە تەنێ جەزیرەی ناوێ، بەڵکوو دەیەوێ هەموو کوردستان تێکڕا پادشای خۆی هەبێ. هەر بەدوای ئەو بەیتەدا دەچێتەوە سەر باسی ئەوەی کە پادشایەکی کورد دەتوانێ برەو بۆ پارە(یا فەرهەنگ) ی کورد پەیدا بکات و ئەو نزم تێڕوانین و گومان لێکردنەی لەسەر لابەرێ :

گەر دێ ببوویا ب زەرب مەنقووش

نەدما وە هە بێ رەواج و مەغشووش(٢٠)

خانی وەکوو بیەوێ ئەم بیرانەی خۆی، بە شێوەیێکی سایکۆلۆژی، بە هۆی زۆرجار دووبارەکردنەوەوە، لە مێشکی خوێنەردا بچەسپێنێ، زۆر جاران باس دەکاتەوە و هەرجارەش لەگەڵ بەڵگەی تازەو جیاوازدا دەیانهێنێتەوە.

رابت ژ مەژی جیهانپەناهەک

پەیدا ببتن مە پادشاهەک

شیرێ هونەرا مە بێتە دانین

قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین

دەردێ مە ب ببینتن عیلاجێ

عیلمی مە ب بینتن رەواجێ(٢١)

خانی کاتێ بیر لەوە دەکاتەوە کوردیش «خودان»ی خۆی هەبێت، وێنەی پاشایەک لە مێشکی خۆیدا دەکێشێ کە زانست و هونەر و هەڵبەست، بە کورتی ژیانی فەرهەنگی و زانستی، بە لایەوە هێژا و گرنگ بێت و نرخی پێ بدا. پاشایەک بێت، خوێنەوار و ڕووناکبیرێکی گەورەی وەکوو خانی، بتوانێ لە سایەیدا ڕۆڵی خۆی ببینێ و هونەرێ گەلەکەی پێش بخات و کەلەپوور و ڕابوردووی ببووژێنێتەوە. خانی لەم خەیاڵ و وێنەکێشانەی پاشایەکی کورددا، بە باوەڕی د.عیزەددین رەسووڵ، لە لایەن دوو فەیلەسووفەوە کاری تێکراوە.: ئەفلاتوون و فارابی، کە هەردوو بۆ فەرمانڕەوای چاک مەرجی ئەوەیان داناوە فەیلەسووف و ژیر بێت (٢٢)

گەر دێ هەببوویا مەژی خودانەک

عالی کەرەمەک، لەتیفە دانەک

عیلم و هونەر و کەمال و ئیزعان

شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان

ئەڤ جنس ببوویا ل با وی مەعموول،

ئەڤ نەقد ببوویا ل با وی مەقبوول،

من دێ عەلەما کەلامێ مەوزوون

عالی بکرا ل بانێ گەردوون،

بیناڤە روحا مەلێ جەزیری

پێ حەی بکرا عەلی حەریری،

کەیفەک وە بدا فەقیهێ تەیران

هەتتا ب ئەبەد بمایی حەیران(٢٣)

له ساتێکی رامان و بیرکردنەوەی سۆفیانەدا خانی بیر له پاشەڕۆژی گەل و وڵاتەکەی دەکاتەوە و دەیەوێ تێ بگات پاشەڕۆژ چۆن دەبێ. ئەو رەوش و هەلومەرجەی کورد لەو رۆژەدا تیدا دەژیا، زۆر تاڵ و جەرگبڕ و بەدبەختانە بوو. هەموو شتێک هەر گەشە دەکات تا دەگاتە لووتکە، تا دەگاتە ترۆپک و پلەی (تەواوی) بەڵام پاش ئەوە گۆڕانێکی چۆنایەتی دەست پێ دەکات. ئەگەر وابێت، خۆ دەبێ بەدبەختی و چارە رەشی و کۆیرەوەریی کوردیش ببڕێتەوە و هەسارەی بەخت و پاشەڕۆژی رووناک دەرکەوێت.

*ساقی تو ژ بو خودێ کەرەم کە*
*یەک جورعەیی مەی د جامێ جەم کە*
*دا جام ب مەی جیهاننوما بت*
*هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت،*
*دا کەشف بت لبەر مە ئەحوال*
*کانێ دبتن مویەسسەر ئیقبال؟*
*ئیدبارێ مە وا گیها کەمالێ*
*ئایا بوویە قابیلێ زەوالێ؟*
*یا هەروەهە دێ ل ئیستیوا بت*
*هەتتا وەکوو دەور مونتەها بت؟*
*قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب*
*تالیع ببتن ژ بو مە کەوکەب؟*
*بەختێ مە ژ بو مەرا ببت یار*
*جارەک ببتن ژ خواب هشیار* (٢٤)

خانی وەکوو مرۆڤێکی خواپەرست و ئایندار، بۆ ئەوەی وەرامێکی دەستگیر ببێت، زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ لای سەرچاوە فەلسەفەیی و ئایینییەکەی خۆی. بەڵام ئەو خواپەرستێکی چاولێکەرو بێهۆش نییە، هەروا زووش مل بە هەموو شت نادات، بەڵکوو هەموو شتێ دەخاتە بەردەم پرسیار و لێپرسینەوە و دەیەوێ لۆژیک و یاسایەک بۆ رووداوو دیاردەکانی ژیان بە گشتی و ژیانی کۆمەڵەکەی خۆی بدۆزێتەوە و هەروەهاش تێ بگات بۆچی گەلەکەی لەو بارەدا دەژین.

*ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا*
*کرمانج د دەوڵەتا دنێدا*
*ئایا ب چ وەجهی مانە مەحرووم؟*
*بیلوجوملە ژ بو چی بوونە مەحکووم؟* (٢٥)

بیروباوەڕی ئایینی خانی گەلێ جار پاڵی پێوە دەنێ هۆی دواکەوتنی گەلەکەی بخاتە سەر ویستی خودا:

*ئەمما ژ ئەزەل خودێ وساکر*
*ئەڤ رووم و عەجەم ل سەرمە راکر* (٢٦)

ئەو بەیتە بۆ ئەوەمان دەبات، وا بیر بکەینەوە، باوەڕەکانی خانی، هەر نەبێ لەو سەردەمەدا کە پێشگۆتنی مەم و زینی نووسیوە، لە باوەڕی (جەبرییەکان)ەوە، کە باوەڕیان بە (جەبرییەت) یا جەبریسم بوو، نزیک بووە. (٢٧)

نزیکیی بروباوەڕی خانی لە جەبرییەکانەوە، هەرگیز وای لێ ناکات پاشەڕۆژیش ملکەچی بیروباوەڕەکانی ئەوان بکات، بەڵکوو تەماشای کۆمەڵی کوردەواری دەکات و چاوی هیوا دەبڕێتە گەلەکەی. هەرچەندە رەوشی گەلەکەی هەرگیز باش نییە و نموونەی پاشکەوتنە، بەڵام دەزانێ ئەم دواکەوتنە بێتوانایی کورد ناگەیێنێ، بەڵکوو ئەنجامی راستەخۆی ژێردەستی و نەزانی هێشتنەوەیە، ئەنجامی دابەشبوونی وڵاتەکەیانە. بەراستی ئەم بیرە بناخەیەکی گرنگ و ستوونێکی هێژای پەیامی خانییە، کە داستانی مەم و زینی بۆی تەرخان کردووە. « پرسێد بناغە و بنیاتی، ئێد کو ئەحمەدێ خانێ د پۆئیما خوەدا گۆتنە و نەقشاندنە و رازاندنە، ئەو پرسن، کو ئەو دبێژە پاشکەتن و پاشدامانا مەدەنییەتا کوردان ژ پارکرن و بەشکرنا ئاخا وانە، ژ تونەبوونا دەوڵەتا وانە، ژ بێتفاقییا کوردان و قەبیلێد وانە . » (٢٨)

*کرمانج نە پڕ د بێ کەمالن*
*ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن*
*بیلجوملە نە جاهیل و نەزانن*
*بەلکی د سەفیل و بێ خودانن* (٢٩)

ئەگەر ژێردەستەیی تاوانیش بێت، ئەو تاوانە،

بەلای خانییەوە، لە ئەستۆی ناودار و حاکم و ئەمیرەکاندایە، بە کورتی ئەوانەی دەسەلاتیان بە دەستەوەیە، نەک شاعیر و هەژاران.

دیاردەیەکی هەرە ئاشکرای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، لە کۆنەوە و تا ئێستاش، ئەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بە مێژووی دێرینەی گەلی کوردەوە گرێ داوەوە و کردوویەتی بە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ بەرەوپێشەوەچوون و ڕێگەخۆشکردن بۆ درووستکردنی پاشەڕۆژ. ئەم دیاردەیە، بێگومان، هێندێ جار دەبێتە هۆی پەیدا بوونی خەیاڵ و فەنتازی و تێکەڵبوونی دەگەڵ (ئێستا) دا، هەروەک دەشبێتە هۆی فرەڕۆیشتن لە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕابردووەدا. بەداخەوە کەم جار خەباتکارانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان پێ لەم ڕاستییە دەنێن، بەڵام، دیسانیش بە داخەوە، لە لایێکی دیکەوە دۆستەکانی کورد و دۆزی گەلی کوردیش بە هۆی ئەوەوە کە ڕەنگە بە تەواوی لە ڕەوشی پڕ لە تراجیدیای ئێستای کورد ناگەن، تێگەیشتن و وێنەیێکی چەوت وەردەگرن و دەیکەنە بناخە بۆ لێکدانوە و هەڵوێستیش.

هەلومەرج و ڕەوشی چەوساندنەوە و دەمکوتکردن لە کوردستاندا، لە کۆندا و ئێستاش، ڕۆلێکی یەکجار مەزن و کاریگەری لەوەدا هەیە کە کورد پەنا دەبەنە بەر کاردانەوەی سایکۆلۆژیی ئاوەها.

خانیش لە تاو کارەساتی ڕەوشی سەردەمی خۆیدا هێندێ جار پەنجە بۆ ڕابردووی پاڵەوانانەی گەلەکەی درێژ دەکات.

*وان گرت ب شیر شەهرێ شوهرەت*
*تەسخیر کرن بیلادێ هیمەت*
*هەر میرەکی وان ب بەزلێ حاتەم*
*هەر مێرەکی وان ب ڕەزمی ڕوستەم*(٣٠)

من وای بۆ دەچم کە خانی لەو بەیتەدا دەیهەوێ سەردەمێکی مێژووی کورد و ناودارێکی کورد وەبیر بێنێتەوە، کە لە مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەلاتدا بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە، مەبەستمان ڕۆڵی سەرکردەی کوردی موسڵمان (سەلاحەددینی ئەیووبی)یە (١١٣٨/ ٥٣٢ - ١١٩٣/٥٨٩) لە شکاندنی خاچپەرستەکاندا و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیووبی، کە لە میسر و سووریا و یەمەندا فەرمانڕەوا بوون. هەروەها لە مێژووی نێزیکی کوردیشدا، هێزەکانی کورد، کە لە کوڕانی هۆز و تیرەی مێرنشینەکانی کورد پێکهاتبوون، هێزی بنچینەیی بوون کە سەرکەوتنیان بۆ وەسمانییەکان لە شەڕی دژی سەفەویاندا دەستەبەر کرد.

*جوامێری و هیمەت و سەخاوەت،*
*مێرینی و غیرەت و جەلادەت*
*ئەوختەمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد*
*وان دانە ب شیر و هیمەتێ داد*(٣١)



گیانی نەتەوەخوازانەی خانی، هەرگیز ئەوەی لە بیر ناباتەوە کە گەلەکەی بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە هەمیشە جیاوازییان تێدایە و ناکۆک و پارچە پارچەن و بە دەگمەن دەتوانن لە نێو خۆیاندا ڕێک بکەون و یەک بگرن. ئەوی ڕاستی بێت ئەمەش دیاردەیەکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕابردوو و ئێستاشدایە. خانی پاساوی ئەم ڕاستییە تاڵە بەوە دەداتەوە کە کورد هەمیشە ئازاو و سەربەرز بوون و هەر لەبەر ئەوەش نایانەوێ منەتبار و چاو لە دەستی تەنانەت یەکدیش بن و لەگەڵ یەکدی ڕێک

ناکەون.

*هندیٚ ژ شەجاعەتیٚ غەیوورن*
*ئەو چەند ژ مننەتیٚ نەفوورن*
*ئەڤ غیرەت و ئەڤ عولوویٚ هیممەت*
*بوو مانعیٚ حەملیٚ باری مننەت*
*لەو پێکڤە هەمیشە بیٚ تفاقن*
*دائیم ب تەمەرڕود و شیقاقن*(٣٢)

ئەگەرچی پاساودانەکەی خانی ڕاستییەکی زۆری تێدایە و سایکۆلۆژیی کۆمەڵی کوردەواری، بە شێوەیەکی زیرەکانە پیشان دەدات، بەڵام، وێڕای ئەوەش هێزێکی زۆری قابیل کردنی تێدا نییە.

* * *

خانی لە ئەنجامی لێکدانەوە و بیرکردنەوەدا و لە ئەنجامی شیکردنەوەی ڕەوشی وڵاتەکەیدا، بۆ چارەسەرێک دەگەڕا وەدەیویست ڕێگەیەک دەست نیشان بکات، بۆ گەیشتن بەو پاشەڕۆژەی خەونی پێوە دەبینی.

لەسەدەی شازدە و حەڤدەدا، لە کوردستاندا کۆمەڵیٚ میرنشینی نیوچە سەربەخۆ هەبوون. عوسمانییەکان و سەفەوییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە پەیدا کردن و دامەزراندنی ئەو جۆرە میرنشینانەدا. هەر خێڵێک و هۆزێک، یا هەر کۆمەڵە تیرەیەک میرنشینێکی تایبەتی بوون، بۆ خۆیان. میر و دەسەڵاتدارەکان کە هەموو فیودالی گەورە و سەرۆک خێڵ بوون، دژی یەکتری بوون و بۆ لاوازکردنی میرەکانی دیکە وبەهێزکردنی پایەی خۆیان و فراوانکردنی سنووری دەستەڵاتیان هەمیشە دژی یەکدی لە شەڕدا بوون و خۆیان لە سوڵتان و (بابی عالی) نێزیک دەکردەوە بۆ وەرگرتنی پلە و پایەی زۆرتر و لێدانی بەرانبەرەکانیان.

دکتۆر ئەوڕەحمانی قاسملوو لە کتێبی (کوردستان و کورد) ی خۆیدا هەلومەرجی ئەو دەمە بەم شێوەیە شی دەکاتەوە:« لە ماوەی نێوان ساڵی ١٥١٤ و نیوەی دووهەمی چەرخی نۆزدەدا چەند میرنشینێکی کورد دامەزران کە هەر کامێکیان لە چوارچێوەی ئیمپەراتۆری عوسمانی. یان ئێراندا خاوەنی چەشنە سەربەخۆیی‌یەک بوون. تەنانەت هێندێکیان هەم لەگەڵ شای ئێران و هەم لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی پێوەندیان هەبوو.» دکتۆر قاسملوو پاشان لەسەری دەڕوا وەدەڵیٚ:« نەک هەر دەرەبەگەکان، بەڵکوو بنەماڵە پادشایی‌یەکان و میرنشینەکانی کوردیش هەرچەندە چەشنە سەربەخۆیی‌یەکیان هەبوو، بەڵام لەناو خۆیاندا یەک نەبوون، وهەمیشە پێکەوە شەڕ و کێشەیان بوو، زۆرجار وا ڕیٚ دەکەوت کە بۆ شەڕی یەکتر داوای یارمەتی لە شای ئێران یا سوڵتانی عوسمانی بکەن»(٣٣)

ئەم شەڕ و شۆڕ و ناکۆکیەی نێوان میر و سەرەک خێڵەکانی گەورەترین لەمپەر و ڕێگر بوو لە بەردەم یەکگرتنی گەلی کورددا. کەندالیٚ، کە نووسەرێکی کوردی ئەم دەمەیە دەنووسیٚ «میرەکانی کورد، کە گەلیٚ جار ئاسۆی بەرچاویان لە سنووری خۆیان بەولاوە تێپەڕی نەدەکرد، ئەوەیان سەلماند کە ناتوانن گەلەکەیان لە ژێر تاکە دەسەڵاتێکی نێوەندیدا یەک بخەن. شەڕ و شۆڕ لەسەر سەردەستی و خۆ لە پێشگرتن، کە پەتای فیوّدالیزمە، کردبوونی بە گژ یەکدیدا»(٣٤)

لە کاتی فەقێیەتیدا و لەو دەمانەشدا کە مەلا بوو، خانی زۆر ناوچە و دەڤەری کوردستان گەڕابوو، وشارەزایی‌یەکی باشی لەمەڕ دۆخ و هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکەی هەبوو، دەیزانی بەبیٚ یەکگرتن و بەبیٚ خەباتێکی یەکگرتوو، گەلی کورد هەروا بە ژێردەستی دەمێنێتەوە. خانی زۆر چاک هایداری ئەوە بوو کە کورد لە کارەساتێکی زۆر گەورەدا دەژیٚ و وڵاتەکەی بۆتە وێرانە و گەلەکەی ژێر دەستە و بەزیوو سەرشۆڕی دەستی تورک و فارسە، لەبەر ئەوە، لە هەمبەر ئەو ڕەوشە، ئەگەر کورد یەک بگریٚ، لەوەیە هەموو شت بە پێچەوانەوە بێت، ئەودەم

کورد هێندە خورت و بەهێز دەبن کە میللەتانی دیکە دەکەونە ژێر دەستیانەوە:

*گەر دێ هەبوویا مە ئیتتیفاقەک*
*ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک*
*رووم و عەرەب و عەجەم تەمامی*
*هەمیان ژ مەرا دکر خولامی*
*تەکمیل دکر مە دین و دەولەت*
*تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت*(٣٥)

مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، پڕە لە نموونەی گەورە گەورە و زیندوو لە بارەی ئەوەوە کە گیانی خێڵایەتی و دووبەرەکی چ زیانێکی کوشندەی لەو خەباتە داوە و بۆتە هۆی بە ئامانج نەگەیشتن. خانی لە کۆتایی سەرەی حەڤدەدا ئەو ڕاستییەی بە ڕوونی دەبینی. نێزیکەی سەدە و نیوێک پاش ئەوە، کۆمەڵێ ڕاپەڕینی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانە دەستی پێ کرد، بێ ئەوەی ئاواتەکانیان وەدی بێنن. کەندالٚ لەم ڕووەوە دەنووسێ: «وا پێ دەچێ خێڵایەتی کۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگەی پەیدا بوونی هەست و هۆشی نەتەوایەتی بووبێ: تەنانەت ئایینیش کە زۆر بە خورتی ملی گەلی کوردی گرتبوو، تەنێ یەکێ لە ئەنجامەکانی خۆڕسکی بوو. ئێمە باوەڕ دەکەین هەر ئەم سیمایە بە شێوەیەکی سەرەکی هۆی شکانی نێزیکەی هەموو ئەو هەموو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینانە بوو کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ڕوویان داو دەیانویست دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و یەکگرتوو دامەزرێنن و لە ئەنجامیشدا بە هۆی خیانەت و گۆڕینی لایەنگری و دابەشبوونی نێوان کوردان و بیروباوەڕی خێڵایەتییەوە هەرەسیان هێنا»(٣٦).

بێجگە لە یەکگرتن، خانی مەرجی دیکەش بۆ سەرکەوتن و رزگاربوون دادەنێ. لەم بوارەدا تاقیکردنەوەکانی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکاتە بناخەی باوەڕەکانی خۆی. بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، خانی وا بیر دەکاتەوە، دەبێ پیاو دەست بداتە شیر و هێز بە کار بێنێ، بۆ ئەوەی مافی خۆی دەستەبەر بکات. خانی ئەمە بە نیشکی تاقیکردنەوەی دیرۆک دادەنێ. مەرجی سێهەمیشی چاکەیە (ئیحسان)، کە بە لای منەوە تا ڕادەیەک تەماوییە. خانی (هێز) دەخاتە پێش چاکەوە، چونکە ئەو دەزانێ و لەو باوەڕەدایە چاکەیەکی قەڵس و لاواز لە جیهانێکدا کە هێز و خورتی داگیری کردووەو دەیبا بە ڕێوە، ناتوانێ بژێ و خۆی بپارێزێ. خانی دەبێژێ:

*هەرچی برە شیرێ دەستێ هیممەت*
*زەبت کر ژ خوەڕا ب مێری دەولەت*
*لەورا کو جیهان وەکی عەرووسە*
*وێ حوکمێ د دەستێ شیرێ رووسە*
*لێ عەقد و سیداق و مەهر و کابین*
*لوتف و کەرەمن، عەتاوو بەخشین.*
*پرسی ژ دنێ من ئەو ب حیکمەت:*
*«مەهرا تە چی؟» گۆتە من کو: «هیممەت».*
*حاسل کو دنێ ب شیر و ئیحسان*
*تەسخیر دبت ژ بۆیێ ئینسان.*(٣٧)

ئەگەرچی خانی زۆربەی بیروباوەڕەکانی خۆی لەمەڕ کوردایەتی و پرنسیپەکانی و ئاسۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە دیباچەی مەم و زیندا دەربڕیوە، بەڵام ئەو هەر سەرتاپێی داستانەکەی لە پێناوی دەربڕینی ئەو باوەڕانەدا نووسیوە و مەم و زینی کردۆتە بیانوو بۆ وێنە کێشانی خەمی دڵی خۆی. بەشی چلوشەشەمینی داستانی مەم و زین یەکێکە لە بەهێزترین و گرنگترین بەشەکانی داستانەکە. لەو بەشەدا خانی باسی ئەوە دەکات کە پاش ئەوەی میری جەزیرە بەوەی زانی مەم حەزی لە شازادە (زین) ی خوشکێتی، مەم دەخاتە زیندانەوە. تاجدینی دۆستی گیانی بە گیانیی مەم و براکانی دەکەونە پلان دانان بۆ ڕزگارکردن و بەردانی مەم. خانی هەل دەقۆزێتەوە و ئەم باسە دەکاتە ماسکێک بۆ دەربڕینی باوەڕە سیاسییەکانی خۆی

لەمەڕ خەبات کردن لە پێناوی ئازادیدا و بە کارهێنانی هێز. لە نێوان تاجدین و عارفی برایدا گوت و بێژێک روو دەدا لە بارەی ئەوەوە کامە رێگە بگرنە بەر و بۆ بەردانی مەم چی بکەن باشە. تاجدین لایەنگری ئەوەیە بنە لای میر تکای بەردانی مەمی لێ بکەن و داوای لێ بکەن لێی خۆش بێت. بەڵام عارف لەو باوەڕەدایە کە کارێکی ئاوا هەرگیز بەبێ شەڕ و بەیەکداهاتن ناکرێ و سەرناگرێ. ئەو لەم بارەیەوە دیتنێکی زۆر روون و ئاشکرای هەیە و دەڵێ ئەم کارە لە دیوانی میردا نا، بەڵکە لە مەیدانی شەڕدا چارەسەر دەکرێ و بە لایەکدا دەکەوێ. خانی بە زمانی عارفەوە نەخشەی شەڕێ ڕزگاریخوازی دەکێشێ؛ شەڕێ لە پێناوی مەسەلە و دۆزێکی ڕەوادا کە پیاو تێدا یا سەردەکەوێ، یان پاڵەوانانە سەری دادەنێ:

*دەردێ ستێ بێ خەیاڵێ زین بوو*
*تاجدین ژ خەما مەمێ وە دین بوو*
*هەر لەحزە دگەل بران ب شەڕ بوو*
*قەسدا د دلێ وی ئەڤ خەبەر بوو:*
*رابت ب غەزەب بچتە پێش میر*
*داخواز بکەت مەمێ ب تەقسیر*
*جارەک بچتن مەمێ رجا کەت*
*سووچ و گونەهێ مەمێ تکا کەت*
*دا میر ژ ویرا برایێ بەردەت*
*یا ئەڤ سەر و ماڵێ تێ ب دەردەت.*(٣٨)

ئەمە دیتنی تاجدین بوو کە دەیویست بچێتە لای میر و تکا لە میر و بکات بەری بدات. لۆجیکی تاجدین لۆجیکی هێمنی و گفت و گۆیە، بێ ئەوەی هێزێک هەبێت سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر بکات. بەڵام، بە پێچەوانەی ئەوەوە، عارف باوەڕی بە خورتی و هێز هەبوو:

*عارف وەهە گۆتە رۆستەمێ زال:*
*«ئەڤ ئەمر ب من مەحالە بێ ڤال،*
*بێ جەنگ و جیدال و بێ تەهەوور*
*قەت ڤێ شوغلێ مەکە تەسەوور،*
*ئەڤ مەعرەکە نابتن ب دیوان*
*ئەم مانە وو سوبحە سەحنێ مەیدان،*
*یا قەنج ئەوە ئەم سبە سواربین*
*هەرسێ ب سیلاح و کار و باربین،*
*چارانە وو جەوشەنان دبەر کین*
*زەندانە وو مەخفەران ل سەرکین*
*گورزان بهەژین، رمان ببازین*
*ئەڤ رەنگە مەمێ ژ میر بخوازین،*
*یا دێ ب کوتەک مەمێ خوە بەردین*
*یا جوملە ب مەردی سەر ب دەر دین.*(٣٩)

خانی لێرەدا سەرەڕای ئەوەی بە مانای ڕاستەوخۆی وشە وێنەی شەڕگەیەک دەکێشێ؟ سوار و چەک و چەکدار و مەسەلەیەکی ڕەوا کە جەنگاوەرەکان لە پێناویدا ئامادەن خۆیان بەخت بکەن، مۆسیقای وشەش دەخاتە خزمەتی وێنەکەوە، وەکوو بڵێی ئەمە ئەو بووق و کەڕەنایە بێت، کە جاران لە شەڕی کلاسیکدا بە کار دەبرا. کاتێ کە پیاو ئەم بەیتە دەخوێنێتەوە بە ڕاستی وا هەست دەکات گورز ڕادەوەشێنرێن و تیر دەهاوێژرێن:

*گورزان بهەژین، رمان ببازین*
*ئەڤ رەنگە مەمێ ژ میر بخوازین.*

لە پاش ئەمە وێنەیەکی دیکەی کاریگەر و بەهێز دێنێتەوە:

ئاشێ ئەجەلێ وسا بگێڕین
تەشبیهێ حەبان سەران بهێڕین(٤٠)

گوت وبێژی نێوان تاجدین و عارف، بەراوردکردنە لە نێوان دوو جۆری جیاوازی بیرکردنەوە و دوو لۆجیکدا: تکا کردن و پاڕانەوە، یا بەکارهێنانی هێز. لە هەڵبژاردنی نوێنەری ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوەیەدا خانی زیرەکانە تاجدین و عارفی بەکار هێناوە. تاجدین برا گەورەیە و نموونەی نەوەیەک و بیرکردنەوەیەکی کۆنە کە بەزمانی سیاسیی ئەمڕۆ دەشێ نێوی (کۆنسەرڤاتیف) ی لێ بنرێ، بەڵام عارفی برا بچکۆلە

نوێنەری ئەوەیەکی لاوو خۆرت و دڵگەرمە کە بە شێوەیەکی ڕادیکال و شۆڕشگێڕانە بیر دەکاتەوە. خانی خۆی ئەوە نادرکێنێ لایەنی کێ دەگرێ، بەڵام ئەگەر ئەوەمان لە بیر بێت کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا برای بچووک گوێڕایەڵی برا گەورەیە و ڕێزی دەگرێ و برا گەورە لە کاروباری گرنگدا بڕیار دەدات و قسەی دەیخوا، ئەوجا بۆ مان دەردەکەوێ خانی بە ڕاشکاوی و بە دڵ لایەنگری کێیە و کامە هەڵوێستی لا پەسەندە:

*تاجدین خەبەرا برایێ گوهـ کر*

*موحکەم د دلێ خوەدا جهـ کر*(٤١)

ئێمە دەتوانین هەنگاوەکانی خانی بۆ فۆرمووڵە کردن و پێکهێنانی بیروباوەڕەکانی خۆی لەمەڕ کوردایەتی، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بە کورتی نیشان بدەین:

١- ڕەوش و هەل و مەرجی کوردستانی شی کردەوە و ئەوەی پێشان دا کە هۆی هەرە گەورەی کوێرەوەری و پاشکەوتنی کوردان ئەوەیە ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی وڵاتەکەیان داگیر کردووە.

٢- ئەوەی خستە ڕوو کە چارەسەرو ئەلتەرناتیڤی ئەو بارە لەوەدایە کە کورد ببن بە خاوەنی دەوڵەتی تایبەتیی خۆیان، وڵاتێکی وا کە خۆیان( پاشایەکی کورد) بیبەن بە ڕێوە.

٣- بیری لە بار و دۆخی سەردەمەکەی خۆی و لە پاشەڕۆژیش کردەوە. ئەگەرچی خانی پیاوێکی خواپەرست و بە ئایین بوو، بەڵام هەرگیز بەو بەرسیڤانەی باوەڕە ئایینییەکەی دەیداندایە دەستەوە، قایل نەدەبوو، و دڵی ئاوی نەدەخواردەوە.

٤- پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە درێژ کرد کە هۆی پاشکەوتنی گەلی کورد ئەوەیە دەرەتانی پێشکەوتنی لێ براوە و ژێردەستەیە، دەنا کورد گەلێکی ئازا و قارەمان و چاوتێرە. مێژووی گەلەکەی هەمیشە تژی بووە لە نموونەی پاڵەوانی. ئۆباڵی ژێردەستیش لە گەردنی دەسەڵاتدار و فەرمانداراندایە، نەک هەژاران، چونکە میر و دەسەڵاتداران بە دڵسۆزی خەباتیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەدەکرد، بەڵکە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان بەلاوە لە بەرژەوەندیی گەلەکەیان گرنگتر بوو. تەنانەت هێندێکیان ئامادەش بوون، دژی یەکدی، دەگەڵ داگیرکەراندا دەست تێکەڵاو بکەن.

٥- ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆییش، بەو پێیە، بە لای خانییەوە ئاشکرا بوو: یەکگرتن، بەکارهێنانی هێز، چاکە.

ئەو پێنج خاڵە هێڵی بنەڕەتی ئەو باوەڕانە پێک دێنن کە دەتوانین ناوی بنێین: پرۆگرامی خانی لەمەڕ دۆزی نەتەوایەتیی کورد. لێرەدا شایانی بایەخ پێدان و باسکردنە کە بگوترێ خانی لە کات و سەردەمێکی زوودا بیرو باوەڕەکانی خۆی لەبارەی کوردایەتییەوە ڕێک خست (خانی ساڵی ١٦٩٤ یان ١٦٩٥ لە نووسینی مەم و زین بۆتەوە). ئەوساکە هێشتا هەستی نەتەوایەتی، بە گوێرەی واتای سیاسیی زاراوەکە، لای گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی پەیدا نەبووبوو. لەو سەردەمەدا خەڵکی بە گشتی، تەنها گوێڕایەڵ و ملکەچی ئایین بوون بە هەموو دەزگاکانیەوە (ئیسلام بە هەردوو بەشەکانییەوە، شیعە و سوننە) و / یانیش خێڵ و (خێلایەتی) بە داوودەزگا سەرەتاییەکانیەوە. خانی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوایەتیی لە کۆتاییی سەدەی حەڤدەدا، لە مەم و زینی خۆیدا باس کردووە، بەڵام میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نێوەڕاست یان لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا بیروباوەڕی ئاوایان لا پەیدا بوو، ئەویش لەو کاتەدا بوو کە پیاوە نەخۆشەکە( ئیمپراتۆریی عوسمانی) لەسەرەمەرگدا بوو. لەو دەمەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوایەتی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا لە نێو گەلانی ئیمپراتۆریی وەسمانیدا دەستی پێ کرد.

پیاو دەتوانێ بڵێ ئەو بیروباوەڕو دیتنانەی ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زینی خۆیدا پێشکەشی کردن، تێکڕا، ئەو باوەڕە پێک دێنن کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنێ و بڕیاری کاروبار و حکوومەتی

خۆی بدات. ئەم باوەڕە لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا نێو نرا مافی دیارکردنی چارەنووس.

خانی بە شێوەی جۆر بە جۆر بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەی تێکۆشاوە، بۆ ئەوەی مێژووی خۆیان فێر ببن و نرخی زمانە کوردییەکەی خۆیان بزانن و لەوە بگەن کە گەلێکی خاوەن شارستانیتین و خۆ بە کورد زانینیان پێ شوورەیی نەبێت. ئەو، هەموو ئەمانەی بە هەنگاوێ زانیوە بۆ ئەوەی کورد بکەونە بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوانیش گەلێکی سەربەخۆن و لە گەلانی دیکە کەمتر نین و ئیدی بۆچی دەبێ ژێر دەستەی گەلانی دیکە بن و بۆچی خۆیان خاوەنی خۆیان نەبن و کاروباری خۆیان نەبەن بە ڕێوە.

یەکەم پلەی ئەم هەوڵدانەی بەوە دەست پێ کردووە کە چیرۆکی (مەمێ ئالان) ی فۆلکلۆری هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە بناخەی داستانەکەی خۆی. چیرۆکی مەمێ ئالان چیرۆکێکی بە تەواوی کوردییە و لای هیچ گەلێکی دیکە نییە، بە پێچەوانەی چیرۆکی دیکەی وەکوو (شیرین و فەرهاد) یا (لەیل و مەجنوون) ەوە کە لای فارس و تورکیش هەیە و هەر یەکەش بە هی خۆی دەزانێ.

خانی کە چیرۆکی مەمێ ئالانیشی وەرگرتووە، زۆر شتی لێ گۆڕیوە و خستوویەتیە خزمەتی بیروباوەڕەکانی خۆیەوە. چیرۆکە فۆلکلۆرییەکە گەلێ لایەنی ئەفسانەیی تێدایە وەکوو ئەوەی پەری، زینیان بە شەو لە (جەزیرە)وە گواستۆتەوە بۆ (یەمەن)، بەڵام خانی هەموو ئەو لایەنانەی لابردووە و جێگەی ڕووداوی داستانەکەی کردۆتە شاری جەزیرەی پێتەختی میرنشینی (بۆتان) و کاتەکەشی کردۆتە چەند سەدەیەک لەوەو پێش، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میرێکدا نێوی (زەینەدین)ی لێ ناوە.

لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکەدا مەم کوڕی پاشای یەمەنە، بەڵام خانی ئەو ڕەگەزەی لێ سەندووەتەوە و کردوویەتی بە کورد. بێجگە لەوەش ویستوویەتی لە نێو هەموو داستانەکانی فۆلکلۆری کوردیدا یەکێک هەڵبژێرێ کە میر و وەزیر و پایتەخت و سوپا و داو و دەزگەی دەوڵەتی تێدا بێت، بۆ وەبیر هێنانەوەی سەردەمێکی مێژووی کورد کە میرنشینی بۆتان زۆر بەهێزتر بوو، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی بیروباوەڕی سیاسیی خۆی لەمەڕ شێوەی دەوڵەت و چۆنایەتیی پاشایەکی کورد پێشان بدات.

لە داستانی مەم و زیندا، خانی زۆر بە وردی و وردەکاری گەلێ ڕوخسار و لایەنی کۆمەڵی کوردەواریی وێنە کێشاوە: ئاهەنگ گێران لە جەژنی نەورۆزدا، ڕاوکردن، جۆرەکانی چەک، جل و بەرگ و خشڵ، ڕێ و شوێنی خوان و خواردن و خواردنەوەی جۆرا و جۆر، پارە، بژیشکی و داو و دەرمان، جادووگەری، ژن هێنان و نەریتی خوازبێنی و زەماوەند و تەنانەت شەوی یەکەمی بووک و زاوا، خانوو و بەرەو ئامێری بنیاتنان، مۆسیقای کوردی و مردن و شیوەن و ناشتن... هتد.

کارێکی زۆر گرنگ و بایەخدار و هێژای خانی ئەوەیە داستانی مەم و زینی بە زمانی کوردی نووسی، نەک بە عارەبی و فارسی و تورکی کە باشی دەزانین و دەیتوانی بەرهەمەکانی خۆی بە یەکێکیان بنووسێ. خانی کە بەکوردی داستانەکەی نووسیوە، ئامانجی ئەوە بووە فەرهەنگ و زمانی گەلەکەی بیووژێنێتەوە.

*خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی*
*مەیدانێ کەمالێ دیت خالی*
*یەعنی نە ژ قابیل و خەبیری*
*بەلکی ب تەعەسسوب و عەشیری*
*حاصل، ژ عیناد ئەگەر ژ بێداد*
*ئەڤ بیدعەتە کر خیلافی موعتاد.*(٤٢)

هەڵبژاردنی زمانی کوردی بۆ نووسین لە ڕۆژگاری خانیدا کارێکی ئاسایی نەبوو، چونکە زمانی ئایین و خوێندن زمانی عارەبی بوو، زمانی ئەدەبی «چاک و بەرز» یش لای عوسمانییەکان فارسی و تورکی بوو، و لای سەفەوییەکانیش فارسی. زمانی گەلێکی وەکوو کورد، کە نە وڵاتێکی سەربەخۆی هەبوو، نە پاشایەکی هەبوو، و نە لە ئایین و خوێندنیشدا بەکار دەهێنرا، بەلای خەڵکەوە زۆر گرنگ و بایەخدار نەبوو، هەروەک

نەدەبووە ڕێگەیەکیش بۆ نان پەیدا کردن و ناو دەرکردن و پلەی بەرز و خەڵات وەرگرتن لە کۆشکی پادشا و سوڵتانەکاندا.

ئەگەر خانی بیویستایە لە پێناوی مەبەست و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیدا نووسینی بکردایەتە ڕێگەیەک ، بێگومان، دەیتوانی بە زمانی تورکی یا فارسی بنووسێ و بەو جۆرە خۆی بگەیەنێتە دەرباری سوڵتانی عوسمانی یا کۆشکی شاکانی سەفەوی و خەڵات و پایەی بەرز وەربگرێ و بە بەختیاری بژی...بەڵام ئەو نەک هەر خۆی لەوانە نێزیک نەکردەوە، بەڵکە تەنانەت لەگەڵ میری جەزیرەشدا، کە میرێکی کورد بوو، لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کورد و یەکگرتنی وڵاتی کوردستاندا، هێندە ڕەق و قسە لە ڕوو بوو، کە ڕەخنەی لێ دەگرت و بە پێچەوانەی ڕێ و شوێنی داستانی ڕۆژهەڵاتیی ئەو سەردەمەوە بەشێکی تایبەتیی بۆ پەسندانی تەرخان نەکرد:

*قەلبێ مە نەکر قەبوولێ حیلە*

*قەت بۆ غەرەزێ نەبوو وەسیلە*(٤٣)

دڵی خانی قایل نەبوو فێڵ بکات و ڕێگەی لە پێناوی مەبەستی خۆیدا نەگرتە بەر، چونکە دڵسۆزی گەلەکەی بوو، دەیویست بۆ گەلەکەی بنووسێ و زمان و فەرهەنگی گەلەکەی ببوژێنێتەوە و بپارێزێ. بەڵام چ پێش سەردەمی خانی و چ پاش سەردەمی ئەو و تا ئێستاش گەلێ نووسەر و زانا و هونەرمەند و خەڵکی لێهاتووی کورد بە زمانی گەلانی سەردەستیان نووسیوە و بەوەش کار و بەرهەمەکانیان بووەتە بەشێک لە زمان و فەرهەنگ و هونەری ئەو گەلانە:

*بفکر ژ عەرەب هەتا ڤە گورجان*

*کرمانجییە بوویە شوبهێ بورجان.*(٤٤)

لەم بەیتەدا خانی پەنجە بۆ ئەو ناوداره کوردانە درێژ دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا نێویان دەرکردووە و چالاکانە لە ژیانی فەرهەنگی گەلانی ئەو ناوچەیەدا بەشدارییان کردووە.

لیستی ناوی ئەو زاناو شاعیرە کوردانەی لە فەرهەنگی ئیسلامیدا بە گشتی هاوبەشییان کردووە، کە لە ئینسیکلۆپێدیای ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ (سەردێڕی کورد، کوردستان) بەڵگەیەکی ڕوونی ڕاستیی ئەو سرنجەی ئەحمەدی خانییە.

ئەگەر ئەو ڕاستییەی لە سەرەوە باسمان کرد، لەبەرچاو بگرین، ئەوسا دەزانین خانی چەندە بە پەرۆشەوە بووە بە زمانی گەلەکەی بنووسێ. خانی خۆی زۆر بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکات کە مەم و زینی بە کوردی نووسیوە، ئەگەرچی دەشزانێ لە گوێرەی زمانی «گەلانی گەورە» بە چاوێکی سووکەوە تەماشا دەکرێ:

*ئەڤ پوول ئەگەرچی بێ بەهانە*

*یەکرووئە وو ساف و بێبەهانە*

*بێ حیلەوو خوردە وو تەمامن*

*مەقبوولێ موعامەلا عەوامن*

*کرمانجییە، سرفە، بێگومانە،*

*زێر نینە ببێن«سپیدەمانە»*

*سوفرێ مەیێ سورە، ئاشکارە،*

*زێڤ نینە ببێن کو «کەم عەیارە».*(٤٥)

لای خانی خۆی داستانی مەم وزین زۆر خۆشەویست و لەبەردڵانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری ئەوەیە کە ڕەنگە بە لای خەڵکی دیکەوە وا نەبێ. خانی دەزانێ ئەگەر کەم و کووڕییەکیش لە کارەکەیدا هەبێت، هۆیەکی ئەوەیە زمانی کوردی زۆر بەکار نەهێنراوە و نەبۆتە زمانی نووسین، و بە تایبەتی نووسینی داستانێکی وەکوو مەم و زین کە هەموو ڕێ و شوێن و بنکەکانی هونەری داستانی ڕۆژهەڵاتیی تێدا بەکار هێنراوە. هەر لەبەر ئەوە، بێگومان، زمانی کوردی هێندە گوڕ و تین و پۆتێنسیالی نەبوو، هەر کەسیش بیویستایە شاکارێکی ئەدەبیی پێ بنووسێ تووشی دەبوو بە تووشی سەختی و گێرە و کێشەوە:

*ئەڤ میوە ئەگەر نە ئابدارە*
*کرمانجییە ئەو قەدەر ل کارە*
*ئەڤ تیفلە ئەگەر نە نازەنینە*
*نووبارە، قەوی ب من شیرینە*
*ئەڤ میوە ئەگەر نەپڕ لەزیزە*
*ئەڤ تیفلە ب من قەوی عەزیزە.*(٤٦)

مەم و زینی خانی شاکاریکی ئەدەبی بوو، و خانی خۆی، کە دەیزانی چ کاریکی نووسیوە، گەلیکی پێ سەربەرز بوو. بە داهێنانیکی بێ وێنەی دادەنا، کە لە پێناویدا رەنجی زۆری کێشاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر بە خۆ نزمگرتنەوە داوا دەکات لە کەم و کووڕییەکانی چاو بپۆشن و دڵڕەقانە رەفتاری لەگەڵ نەکەن.

*ئومێد ئەوە ژ ئەهلێ عیرفان*
*ئەو دێ نەگرن ل من چو حەرفان*
*تەشنیع نەکن وەکی غەیووران،*
*ئیسلاح بکن ل من قسووران.*(٤٧)

خانی داستانی مەم و زینی بەو هیوایە نووسی، ببێتە هۆی راپەڕاندنی گەلەکەی دژی چەوسانەوە و زۆرداری و لە پێناوی ژیانیکی مرۆڤ ئاسایی و ئازاددا. ئەگەرچی خانی بە بێ ئەوەی چاوی بە وەدی هاتنی هیواکانی بکەوێ، کۆچی کرد، بەلام هیچ سەیر نییە، سەدە و نیوێک دوای خانی، بۆتان بوو بە مەیدانی راپەڕینی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و لانکی بەهێزبوون و تەشەنە کردن و بلاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی و رزگاریخوازانەی کورد. میر جەلادەت بەدرخان، شۆڕەسواری هەڵکەوتووی مەیدانی زمان و فەرهەنگ و رۆژنامەگەریی کوردی و نەوەی میرانی بوتان، سالی ١٩٤١ (٢٣٤ ساڵ لە پاش کۆچی خانی و ٩٤ ساڵ پاش تێکشکانی راپەڕینەکەی بەدرخان پاشای بابە گەورەی) لە بارەی خانییەوە ئاوای نووسی: «مەلا جامی د هەقێ مەولانا جەلالودینێ روومی و کتێباوی «مەسنەوی»دە گۆتییە:

*من چە گویم وصف آن عالیجناب*
*نیست پیغمبر، ولی دارد کتاب*

ئەڤ پەسنەکی بلند و هێژایە و ب هەر ئاوایی ل بەژنا مەولانا تێت. دهەقێ ئەحمەدێ خانی و کتێبا وی «مەم و زین» دە ب من بە مرۆڤ دکارە ژێ بێتر ژی ببێژە. بەلێ خانی ژی خودان کتێبە، لێ خانی پێغەمبەرە ژی...».(٤٨)

راستییەکەی ئێستاکە لای ئەو کەسانەی لە بارەی خانییەوە دەنووسن و لەبەرهەمەکانی دەکۆڵنەوە، وەکوو نەریتێکی لێ هاتووە، کە بۆ بەڵگەی جێگە و پایەی ئەحمەدی خانی لە ئەدەبی کورد و رۆژهەلاتیدا، قسەیەکی زاناو ئەکادێمیی سۆڤییەتی ی. ئا. ئۆربیللی بە نموونە بهێننەوە. رەنگە جێگەی خۆی بێت ئەم بەشەی نووسینەکەمان هەر بەو قسەیە کۆتایی پێ بێنین. ئۆربیللی نووسیبووی: «کاتێ دەڵێین شاعیر و نووسەر لە گەلەکەیەوە نێزیکە و بە گەل و خەڵکەوە پێوەندیدارە، دەبێ یەکسەر ناوی سێ شاعیر بێنین: فیردەوسیی ئێرانی و روستاڤیلیی گورجی و ئەحمەدی خانیی کورد».(٤٩)



## پەراوێزەکان

(١) رودینکۆ، م.ب : مەم و زین، مۆسکۆ ١٩٦٢، ل ٣٥.

(٢) رسول، الدکتو عزالدین مصطفی: احمدي خاني، بغداد ١٩٧٩، ص ٤٢.

(٣) رودینکۆ، هە. سە، ل ٣٥.

(٤) قانوون ئامێرێکی ژێداری مۆسیقایە (٧٢ ژێی هەیە).

(٥) رودینکۆ، هە. سە.، ل ٤٠.

(٦) هە. سە.پ

(٧) زیر و بەم : ژێی هەرە سەروو و ژێی هەرە خوارووی ئامێری عوود..

(٨) رودینکۆ، هە. سە. ،ل ٤١

(٩) Edmonds, C.J : Kurdish National-ism, The Journal of Contemporary History, 6 (1970) : 1, pp. 88- 89

(١٠) Shamo, Arab: Dimdim, Moscow, Sovetski pisatel 1974

ئەم رۆمانە بە شێوەی کرمانجیی خوارووش، بە رێنووسی کوردیی کوردستانی عێراق و ئێران چاپ کراوە، بەغدا، ١٩٧٦.

(١١) رسول، المصدر السابق، ص ١٠٧

(١٢) رودینکۆ، هە. سە، ل ٣٢.

(١٣) هە. سە. پ، ل ٣٣

(١٤) هە. سە.پ.

(١٥) هە. سە.پ، ل ٣٧.

(١٦) هە.سە.پ، لل ٣١-٣٢.

(١٧) هە. سە. پ. ل ٣١.

(١٨) هە. سە. پ . ل ٣٧.

(١٩) رسول،المصدر السابق، ص ٧٥.

(٢٠) رودینکۆ، هە . سە.، ل ٣٧.

(٢١) هە. سە. ل ٣١.

(٢٢) رسول، المصدر السابق، ص ١٥٠.

(٢٣) رودینکۆ، هە. سە.، ل ل ٣٥-٣٦.

(٢٤) هە. سە. پ. ل ل ٣٠-٣١.

(٢٥) هە. سە. پ، ل ٣٣.

(٢٦) هە. سە. پ، ل ٣٢.

(٢٧) جەبرییە، یا موجبیرە، نێوێکە ناحەزانی کەسانێ پێوەیان دەنان کە گوایە پێرەوی باوەڕی جەبرن، کە دەڵێ ئەوی رەفتار و کردار دەکات خودا خۆیەتی نەک مرۆڤ. (E.I.2)

(٢٨) رودینکۆ، هە. سە.، ل ٩. (سەرەتا- لە لای راستی کتێبەکە را).

(٢٩) هە. سە. پ. ل ٣٢.

(٣٠) هە.سە. پ.، ل ٣٣.

(٣١) هە. سە. پ، ل. ل ٣٣-٣٤.

(٣٢) هە. سە. پ. ل ٣٤.

(٣٣) Ghassemlou, A.R.: Kurdistan and the Kurds, Prague 1965, P. 37

(٣٤) Chaliand, Gerard (ed.): People without a country, London, zed press, 1980, P. 23.

(٣٥) رودینکۆ هە. سە.، ل ٣٤.

(٣٦) Chaliand, G. (ed.), OP. cit., PP. 23-24.

(٣٧) رودینکۆ هە. سە. ل. ل ٣٢-٣٣.

(٣٨) هە.سە. پ. ل. ١٤٦.

(٣٩) هە.سە.پ، ل ل ١٤٦-١٤٧.

(٤٠) هە.سە، پ.، ل ١٤٧.

(٤١) هە. سە. پ.

(٤٢) هە.سە. پ.، ل ٣٤.

(٤٣) هە. سە. پ، ل ٣٦.

(٤٤) هە. سە، پ، ل٣٣.

(٤٥) هە. سە، پ. ل ٣٧.

(٤٦) هە. سە. پ، ل ل ٤٢-٤٣.

(٤٧) هە. سە. پ. ل٤٣.

(٤٨) Bedirxan, Celadet (Herekol Azîzan): Klasîkên me, Hawar, 9 (1941),: 33,R. 9.

(٤٩) ئەم قسەیەی ی.ئا. ئۆربیلی، یەکەم جار، لە گوتارێکدا کە بۆ پێشکێش کردنی کتێبێک لەمەڕ

شاعیری گورجی رۆستاڤیللی نووسیبووی، بلاوکراوەتەوە.
من لەو وەرگێڕانە عارەبییەم وەرگرتووە کە دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ لە کتێبەکەی خۆیدا لەمەڕ خانی بلاوی کردۆتەوە : احمدي خاني، بغداد ١٩٧٩، ص ص٨-٩.

## سەرنجێک

ئەم وتارە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی «کوردایەتی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا» کە ساڵی ١٩٨٣ ، وەک کارنامەی پێش قۆناخی خوێندنی دۆکتۆرا، پێشکەش بە بەشی زمانانی ئێرانیی سەر بە ئەنستیتووتی زمانانی ئاسیا- ئەفریقای زانستگەی ئوپسالا(سوێد) کراوە. لێکۆڵینەوەکە لە بنەڕەتدا بە ئینگلیزی نووسراوە و ساڵی ١٩٨٣ لە سەد دانەیەکدا چاپ کراوە و ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن خانمی «بیرگیتتا مێلاندەر» ەوە کراوە بە سوێدی و چاپ کراوە. ساڵی ١٩٩٢ تێکستە ئینگلیزییەکە بە شێوەی کتێب لەلایەن ئەنستیتووتی کوردیی برۆکسلەوە بلاوکرایەوە. لێکۆڵینەوەکە ، بێجگە لە پێشەکی، ئەنجامگیری، سەرنج و ژێدەر، کتێبنامە و هەڵبژاردەیەک لە داستانی مەم و زین، لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە: ژیانی ئەحمەدی خانی، نووسراوەکانی ئەحمەدی خانی و بنەڕەتەکانی کوردایەتی لە مەم و زیندا. ئەم بەشە، کە نووسەر خۆی کردوویەتی بە کوردی ، پێشتر جارێک لە گۆڤاری «هیوا» ی ئەنستیتووتی کوردیی پاریسدا، ژمارە ٤/ ئەیلوولی ١٩٨٥ ، بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەڵەوە بلاوبۆتەوە.

# ته پرسیارەک ژخوە دکر

یاوەر

١

ژ خاموشییا شەڤستانێ،
ژ وەلاتێ تاریکی و بێدەنگی و تاسەڤە،
ژ هەرێما خەم و دەردەداری و دوورییا وەلێت
تە گاڤێن خورت و مەزن دئاڤێت و بەر ب تیرێژ دچوویی..
هێڤی یێن گەش و بریسکەدار د دلێ تەدا
چرا بوون، چرایێن خۆشبەختی‌یێ،
چرایێن رۆناهیدەر.
ئاوازێن گەرم لسەر زارێ تە
سروود بوون، سروودێن ئەڤینداری‌یێ،
سروودێن بێ سەرەتا و بێ دوایی هاتن.

ئاسمان ب ستێرێن رووخوەش و دەڤ ب پێکەنین خەملیبوو،
دلێ تە ژی، دلێ تەیێ مەست و خەمبار،
نڤینا هەزاران خەونێن
کەسک و سۆر بوو.
تە پرسیارەک ژ خوە دکر :
گەلۆ ئەڤ دەستپێکا ژینەکا تازەیە،
یان تەنێ ب دوماهی هاتنا دەمێن بێوەلاتی‌یێیە ؟؟
بەرسیڤ کەڤۆکەکا سپی بوو،
ژ کانییا گومان و دوودلیێ دفڕی و
د دارستانا چاڤنێری و هێڤی‌یێدا
ڤەدنشت.

٢

ئەگەر ژ تە پرسیارا ناڤێ چیایان بکن
تو دبێژی : نیشتمان.
تەماشایا نەخشەیا نیشتمانێژی دکی
پێلێن رۆندک و بریننان دبینی،
یێن کو سنوور چێ دکن، سنوورێن رەش وتاری.

* * *

ئێڤاران،
گاڤا تە بۆ وەلات نڤێژ دکر
دگۆتن : ئێدی دەستێ تە کەزییا مێرگان شەهـ ناکە،
چەم و رووبارێن ئەڤیندار
ژ بۆ شەڤێن تەنهایی‌یێ ستانان نابێژن ...
لێ تە دزانی و تە باش ژی دزانی
د هەموو وەرزێن سالێدا،
ل رۆژهەلات بی یان رۆژئاڤا،
یەک رووگەیا تە هەیە، یەک رووگە
ئەوژی کوردستانە.

٣

رۆژێن سەر ب تەم و مژ هێدی هێدی
ژ باژێرێ تە دەردکەڤتن.
بارانەکا ڕەنگدارەنک و بهارە
مال و دەر و دیوارێن تە شل دکە ...
بارانەکا ڕەنکدار،
بارانەکا غەمبار،
ئاخ و کەڤرێن وەلاتێ تە ڕەنگین دکە،
دلێ دلداران غەمگین دکە.
سترانا با و بارانێ فێر دبی،
سترانا ڕۆژ،
سترانا ستێرێن گەش،
سترانا ڕەنگێ ئاسمانی فێر دبی.

* * *

ژ بۆ ئەڤین و ئازادی‌یێ
ئاوازێن تە، هەمیشە،
ئاوازێن خوین و فیداکاری‌یێ بوون.
ژ بۆ ئەڤین و ئازادی‌یێ
ژینا تە، وەک پێشمەرگەیەک،

هەمیشە ئەڤیندارا مەرگ بوو،
ئەڤیندارا مەرگا سەربەرزیێ
مەرگا بێناڤونیشان.
ترسا تە ژ شەڤ و ژ شەپۆلێن تاریتیێ
تونەبوو،
د باهۆز و زریاناندا
دلێ تە نەدلەرزی،
چونکە
تە چرووسکەکا گەش، ژ دوورڤە، ددیت،
چرووسکەک کو هومێد و باوەڕ
د دلێ تەدا شین دکر ...
ئازادی بووک بوو
توژی ئەڤیندارەکی دلگەرم.
٤
هەزاران سال
تو پاسەڤانێ دیرۆکێ بوویی، هەزاران سال ...
لەشکرێن عەرەب و ڕۆم و عەجەم
وەلاتێ تە کرن قادا شوور و تیران،
قادا تۆپ و تفەنگ و بۆمبایان.
ڕووبارێن تە بریندار کرن.
دارستانێن تە د زیندانانداندا دیل کرن.
دخواستن چیایێن وەلاتێ تە ڤەگوهێزن،
دخواستن ئاگرێ تە یێ پیرۆز ڤەمرێنن،
هەمیشە هەر هەژار و گەدا بی،
هەمیشە بێمال و بێبەش و بێوەلات بی،
بێ زەڤی و بێ ئاسمان بی،
دخواستن نە تو هەبی، نەژی ناڤێ تە ...
لێ
تە ناڤێ خوە د دیوانێن جزیری و خانیدا ،
د شیعرێن نالی و کۆییدا نڤیسیبوو.
تە چیرۆکا ئەڤینا خوە
لسەر بەرد و تاوێرێن بێستوونێ،
لسەر لووتکەیێن هەلگورد و سیپانێ نڤیسیبوو.

خامۆشی : بێدەنگی
تاسە : حەسرەت، شەوق
سروود : جۆرەکا سترانە، ب تایبەتی سترانێن دینی و شۆڕشگێڕی
مەست : سەرخوەش.
بەرسیڤ : وەڵام.
نیشتمان : وەلات.
کەزی : پۆر، پرچ، بسک.
وەرز : یەک ژ چار دەمێن سالێ : بهار، هاڤین، پاییز و زڤستان.
ڕووگە : قیبلە، جهێ کو مرۆڤێ باوەڕدار د وەختا نڤێژدا بەر وێدەرێ ڕادوەستە
تەم : مژ
ئاواز : میلۆدی.
هەمیشە :هەرگاڤ، هەموو وەخت.
هومێد : ئومێد، هێڤی .
دیل : ئەسیر، یەخسیر، گرتی.
پیرۆز : موبارەک.
جزیری : مەلایێ جزیری ( ١٥٧٠-١٦٤٠).
خانی : ئەحمەدێ خانی (١٦٥١-١٧٠٧).
نالی : مەلا خضرێ نالی (١٧٩٧- ١٨٧٣).
کۆیی : حاجی قادری کۆیی(١٨١٥ - ١٨٩٧).
بێستوون، هەلگورد و سیپان : سێ چیایێن بلند و ناڤدار یێن کوردستانێنە.

# زریکەیەک لە قوڕگی شەودا

عەتا نەهایی

**تەنیا** خۆی دەیزانی کە ئەو تەوراس و چڵە دارەی بۆ بە دەستەوە گرتووە...

خۆر، جوانە ماینێکی شەکەت بوو. بە کاوەخۆ بە قەدپاڵی ئاسماندا دادەگەڕا. لە پەڵە هەورەکان سەرسمی دەدا. پێش سەرەنگدان ملی دەکێشا و سیلەی چاوی لە سەر بانیژەکەو هەموو ئاوایی و بەرایی دەشتەکەی بەرماڵان و گشت ڕیزە شاخەکەی دەبڕی . تەنیا حیلەی ئارخەیانی و شادبوونەوەی بە ژووره پڕ نهێنییەکەی ئەو دیوی شاخەکان نەدەهاتە گوێ . گوڵچین لە سەر بانیژەکە چوارمێلکەی دابوو. دەستە لاوازەکانی، دەتگوت کارامەیی‌یان لە باش دارتاشێک خواستووە. تەوراسی لە چڵە دارە باریکەڵەکە دەسوو. کێ ناڵێ سنگەچێوینە ساز دەکات ؟ ... ڕەنگە بۆ ئەوەی بە دیوارە کاگڵییەکەی ژووریدا دایکوتێ و بوخچە تایبەتییەکەی خۆی پێدا هەڵواسێ. کێ چوزانێ؟.... ئەم لێرە و لەسەر بانیژەی تاکە ماڵە تەریکەکەی و گوند بەرانبەری لەوبەر شیوەکە ...

نە گوند ئەوەندە گەورە بوو، نە خانووەکان ئەوەندە زۆر بوون کە نیگای ئەم لە ئان و ساتێکدا نەتوانێ بانەوبان و دەرکاودەرک و ژووراوژوورێکی بەدڵی تێدا بکات. ئاخر نیگای گوڵچین، نیگای گوڵچینە... ڕاسپاردەی ئەو جووتە چاوە ڕەشانەیە کە وەک خەڵک دەیانگوت : مەلایکەتان بۆیان ڕشتووە... کوا لە ژوورەکانی ئاوایی هەست بە نامۆیی دەکات و بەند نابێ ؟ ژوورەکانیش هەر ئەوانەی ١٥-٢٠ ساڵ لەمەوبەرن. کێهەیان قاقاو حیلکەی گوڵچینی تازە بووکیان نەقۆستۆتەوە. خەڵکیش هەر ئەو خەڵکەی جارانن. با ڕیشیش سپی بووبێ و قژەسەریش بە وسمە خورمایی هەڵگەڕابێ. کێ بێ لە سەر بانیژە و نێو دەلاقە پەنجەرەوە چاوی بە تازە بووکێکی دابەزیو « کە لە پەرێوکەی حاسمانان نەدەمایەوە » نەکەوتبێ؟! کێ بێ، لە دوستایەتی یاخود ئێرەیی، بۆ فەتاحی سۆفی ڕەشیدی دانەگرتبێ؟! : « سەگبابە لە هەموو پیاوی ئاوایی سەرە..... » « قورمساغ ئەمەی لە کوێ بینیوەتەوە ؟ ! »

پەنجەرە شینەکەی ژوور مزگەوت بووە داو ونیگای گوڵچینی ڕاپێچ کرد. بە بووکی بۆ ئەوێیان برد ...

– « هەتا هەتایە کابانی ئەم ژوورە نابی گوڵچین. شەرتە لەوبەر شیوەکە خانوویەکت بۆ بکەم، لە قەسری شا نەجمێنێتەوە ... » کە خانۆکەی کرد، چش لە قەسری شا، لە ژوورە کۆنەکەی خۆیشی تێی نەپەڕاندبوو.

: « به بێوەژنێکی جوان و جحێڵ ئەوەندە کراوە، قوڵت و نیوێکیشی زیادە... »

: « هەیەتی . فەتاحی جوانەمەرگ بە قەدەر جوویەکی بۆ بە جێ هێشتووە ...»

: « مامە گیان، بێوەژن پاژنەی پێڵاوەکەشی زێڕ بێ، بە هیچ ناچێ...»

بە ڕقەوە سەیرێکی چڵە دارەکەی کرد. تەزووی ئازارێک لە ناخی گەڕا. کۆنە زامێکی کولایەوە.... کینە وەک بێوڵە ورچێک لە دەروونی زا... گەورە بوو... لە ئان و ساتدا ئامبازی خۆی بوو... کەڵبەی لە گیانی گیر کرد. کەوتە کرۆشتنی ...

: « کوا بێوەژنێکی وەک گوڵچین بە کەشم و نەشم... بە حیلکە و پێکەنین... دڵتەڕ و جوان، بێ مێرد ئیدارە دەکات؟! ئەوە خانووی ساز کردووە، هەر دوو ڕۆژی دیکە باوکیش بۆ هیوا و هێرۆ پەیدا دەکات... بلێ ئەو باوکە بەختەوەرە کێ بێ ؟!...» گوڵچین نیگای لە ئاوایی دزییەوە. چاوی لە دەشتەکەی بەرمالان بڕی. لە سەر کانیی گوڵە زەرد، لەم دیو کێویلەکانەوە کەسی نەدی. ڕقەکەی بوو بە سەرسامی ... دڵە ڕاوکە ... بۆ دەبێ ئەم عەسرە وەک هەموو ڕۆژان نەبێ ؟! عەسرانی پێشوو، هەر ئەم کاتە ، فەتاح لەسەر کانییەکە بوو. تا ئەو دەستنوێژی دەگرت و لە سەر بەردەنوێژەکە چوار ڕکات نوێژی دەخوێند، ئەم خۆی پێ دەگەیاند.

– « ماندوو نەبی فەتاح »

– « بەخێر بێی گوڵچین. هەواڵ و باسی ئاوایی..؟»

– « کەس و کارت تەنگیان پێ هەڵچنیوم. هەر ڕۆژی قسەیەک، بوختانێک، بیانوویەک و پیلە پێ گرتنێک. دەیانهەوێت لە هیوا و هێرۆم بکەن. واز ناهێنن...»

– « هیوا و هێرۆ چۆنن ؟ »

– « چاکن. ئەگەر لێمان گەڕێن چاکین. هێرۆ، وردە وردە هەڵدەکشێ و بە خۆیدا دێ. بەڵام هیوا دەپووکێتەوە.. »

– « پێیان ڕابگە... یادگاری منن.»

– « هەموو ژیانمیان بۆ تەرخان دەکەم. پرچی سپییان بە دیارەوە دەهۆنمەوە. بە هەموو خەڵکی دەسەلمێنم کە بێ فەتاحیمان پێوە دیاری نادات. بێ فەتاح نین...»

– « ڕوو سوور بی گوڵچین. ڕوو سوور بی ...»

هاتنەوەی هیوا خۆشحاڵی نەکرد. تەنانەت بەقەدەر گەڕانەوەی مەڕ و بزنەکانیش. سەیرێکی کرد و یەک دوو ئەمری دەرکرد. درێغی لە دژوێنیش نەکرد. ئەوسا هەڵیکوتایە سەر کارەکەی. چڵە دارەکە بەدەم تەوراسەکەوە خلێفی دەدا. باریک دەبووە. نووکەکەی تیژدەبوو. لە چاوی هەڵدەچەقی. لە ڕۆحی ڕۆدەچوو. برینەکەی ناخی هەڵدەکۆڵی. کیمیاوی لێ دەردێنا. نەفرەت دەبووە هۆقێ تف و لە ژوور بانیژەکەوە بەرەو خوار فڕێ دەدرا. لە نیزیک هیواوە دەکەوتە زەوی. هیوا سەری هەڵدەبڕی. چاوەکانی دوو پشیلەی ترسنۆک بوون. خۆشی وەک پشیلەیەکی پیس... لاواز.. بێڕۆح... ڕەنگ پەڕیو ...

: « ئەم هەتیوە لە کێ دەچێ ؟! »

نەیدەزانی چەندەی خۆش دەوێ و چەندە لێی بێزارە... لە دەمێکەوە ئەو هەستەی بۆ یەک کالا نەدەبووە. لەو کاتەوە کە ژنی بۆ هێنابوو... هەمیشە حەزی دەکرد بزانێ کەی خۆشی دەوێ و کەی لێی بێزارە... بۆ خۆشی دەوێ و بۆ لێی بێزارە ؟... نا ... ئەمەی دەزانی. خۆشی دەویست چنکا کوڕی بوو. کوتێک لە جەرگی بوو. یادگاری فەتاح بوو ... لێی بێزار بوو چنکا ئەوە نەبوو کە سەری بەرز بکاتەوە، ببێتە گورگێک و ئاوقای خەڵکی نەیار ببێ. یاخود لانی کەم دەمەوانەیەک بێت و زاری خەڵکی ببەستێ ... بێدەنگیی لەمەوپێشی ئاوایی قڵپ بووبۆوە. زەنازەنای خەڵکی، هات و هاوار، وەحە و ئێخە ... گەڕانەوەی گاران، مەڕوبزن، بەرغەل... گابۆر، بارەبارو قارەقار... ئەم ئێوارەیە هەمووی دەبیست. هات و چۆی خەڵکی، دەست لە کەلەکە نانی کوڕوکاڵ بە سەر بانانەوە، سەرە دزەی چەتیو وەمەتیو لە دەلاقە پەنجەرەکانەوە. خستنە سەرپشتی دەرکەی ئاغەڵ و کوزەکاران... هەمووی دەدی. بێ فەتاحییە. چاوی بۆ ئاسمان هەڵبڕی ... جوانە مایین ئارام، لە قەراغ ئەو دەشتە مەیلەو شینە دەلەوەڕی. شینایی‌ی ئاسمانی کاوێژ دەکرد. نیگای شۆڕبۆوە. تا سەر کانییەکە. بەردەنوێژەکە چۆڵ بوو. کوا جووتێ دەست کە

بەرەو حەوا بێ ؟

- « نوێژەکەت دەچێ فەتاح، لە کوێیت ؟ مردوو مراو بەم ڕۆژە چۆن پشتم تێ هەلدەکەیت ؟ چۆن بە دەنگمەوە نایەیت ؟!...»

- « هیوا و هێرۆی توند لە باوەش بگرە و حەقت بە سەر قسەی خەڵکییەوە نەبێ... »

- « دەڵێی لەوە زیاتر چییان لێ بکەم ؟! هێرو خانمێکە ... سەیر جوانە فەتاح...»

- « بە شووی بدە گوڵچین ... بە شووی بدە...»

گوڵچین هەڵسەڵمیبۆوە.. داچەڵەکابوو. وەها کە بوومەلەرزە گیانی هێنابێتە ڕاتەکان... گرکان لە دەروونیدا تەقیبۆوە. ترس چاوی پێ لێک نابوو، لە ژوورێکی دیکەدا هەڵیهێنابۆوە... باوکی پێی دەگوت: « کچم، ئیمڕۆ یا سبەی دەبێ شوو بکەیت. ئەمە هەر تەنیا بۆ تۆ نییە. بۆ هەر کچێکە ...» ئەوەندە منداڵ نەبوو کە نەزانێ شوو چییە، بەڵام پێی سەیر بوو. لە ماڵە باوکی بیبێتە غەریبە و نان و چێشت بۆ پیاوێکی بێگانە ساز بکات. جگە لەوەش لە ژوورێکدا لە تەکیدا شەو بەرێتە سەر... چۆن شتی وا دەبێ ؟! تا ئەو کاتە لەشی لە هەناسەی پاش دیوە چۆڵەکەی خۆشیان شاردبۆوە. پرچی بەر شانەی شنەش نەدابوو. زەوییەکی شاردراوە بوو. زەوییەکی گۆم. ئێستا پیاوێک بێ و داگیری بکات ؟! لە گەرمەی قسەکانی باوکیدا دەستێکی نهێنی، وەک کۆترێکی لانەواز، لە سەر لەشی هەڵنیشت. بە دەم چینە کردنەوە گەشتێکی بە هەموو ئەندامیدا لێ دا. تەزوویەکی گەرم لە گیانی گەڕا. ڕەنگی پێستی سوور هەڵگەڕا، سوور وەک کوڵمی .. هەناسەیەکی ئاگرین لە شان و ملی خزا. بۆڵی حەزێکی تورت لە ناوی دەمیدا فلیقایەوە... بووبووە زەریایەک و شەپۆلی دەدا. خۆی لە ڕۆخی ئارەزووە گۆمەکانی نێزیک دەکردەوە. موچڕکی خۆشییەکی پێدا هات، لە هەمان کاتدا پەتی پرسیارەکە دیسان لە گەردنی توند بوو. چۆن شتی وا دەبێ ؟!

- « نا ... چۆن شتی وا دەبێ؟! »

- « بۆ نابێ گوڵچین ؟ ئەی بۆ بۆ تۆ بوو؟ تۆ بۆ شووت کرد ؟ ئەگەرچی لە شووەکەت نەحەسایتەوە... خێر و خۆشیت نەدی ... بەڵام ئینشاڵڵا بەختی دایکی نابێتە جیازی .. هێرۆ بە بەختی چاک دەبێ..

- « ئاخر دڵم نایەت. کێ دڵی دێت بە هەزار کڵۆڵی کچ پێ بگەیەنێت، ئەوسا بیکاتە دیاری و بۆ ماڵە بێگانەیەکی ڕەوانە بکات ؟ گرانە فەتاح...»

- « یاسایە گوڵچین، یاسا. ئەوە هەر بۆ هێرۆ نییە. بۆ گشت کچێکە. لەوەتی دنیا دنیایە وا بووە و وا دەبێ .»

- « ئەی هات و بۆخۆی ...»

- « واز بێنە گوڵچین. کچی دەمەو بەخت وەک پووشی وشک وایە. پزیسکی پێ هەڵپەڕێ، گڕ دەگرێ. تۆش دوژمن خێوی .. کەم نین ئەو کەسانەی کە لە قەلێک دەگەڕێن لێت هەڵفڕێ... »

- « ئەی هیوا ؟ ..»

- « ژنی بۆ بخوازە. ژنێک جێگەی هێرۆت بۆ پڕ بکاتەوە.»

نازێ لە حەساری بوو. کە تێکەڵ مەڕەکان دەبوو وەک ئەوان گێژ و وڕ دەهاتە پێش چاو. کە شاخی بزنەکانی دەگرت و لەیەک هەڵی داواردن، بزنێکی زیتەڵەی وت و وریا بوو. جاروبار سەری بەرز دەکردەوە. بە گوێ بانەکەدا هەڵدەزنا. نیگای لە دەزوولە نیگای گوڵچینی خەسووی هەڵەنگووت. دڕکی بێزاری ناو کونە لووت و مەڵاشووی دەڕنی. ترس لە چاویدا پەنگی دەخواردەوە. لە پاساوی بەردەبارانی چاوی خەسوویدا پێچ و خولێکی منداڵانەی بە لەش و لاری دا. بە پشتە دەست لە لمۆزی بزن و مەڕەکانی ڕادەکێشا. لە وەڵامی پرسیاری هیوای نووزندا لچێکی بێزاریی هەڵدەقرچاند. پشتی تێ هەڵدەکرد و گوێی نەدەدایە... ئەم کردەوە دوو هۆی هەبوو. یەکەمیان خواستی دڵ بوو. قێزی لە هیوا دەشێوایەوە. دووهەمیان وەڵامی بەردەبارانەکە بوو. ئاگری لە گیانی گوڵچین بەردەدا...

- « هیوا ئاوازی ژن هێنانی نییە، فەتاح. دوور لە

گیانی ماره تۆ پاوێکه ... کێ کچی دەداتێ...؟ »
- « گوڵچین، ژن به ژنی بۆ بکه..»

* * *

- « بەماڵ بمدەنێ. هیرۆم به ماڵ بدەنێ. ئەوەندە دەدەم چوار ژنی بۆ هیوا پێ بێت،» مام ڕەحیم که بۆ خوازبێنیی هیرۆ بۆ شەماڵی کوڕی هاتبوو، ئەمەی گوتبوو. بەڵام گوڵچین یەک قسه بوو. ئەمه نه له خەڵکی ئاوایی خۆیان و نه له مام ڕەحیم که خەڵکی گوندێکی دراوسێ بوو، شاردراوه نەبوو. ژنەکەی مام ڕەحیم به مێردەکەی گوتبوو : « ئاخر کابرا نازێ بدەم به کێ ؟ خۆ پیاوی لێ نییە.» مام ڕەحیم گوتبووی : « چار نییە. شەماڵ هەردوو پێی خستۆته کەوشێک و دەڵێ هیرۆی گوڵچین نەبێ نامهەوێ.» ژنەکەی مام ڕەحیم گوتبووی : « نازێ کوا بەو ماره تۆپاوه ڕازی دەبێ ؟!» مام ڕەحیم گوتبووی : « دەبێ ڕازیی بکەین.» نازێ کەوتبووه قژ ڕنینەوەی خۆی. شووخاڵی له ڕوومەتی گرتبوو. جێگەی هەشت نینۆکی بەم بەراوبەرەوه داماڵیبوو. هەڕەشەی کردبوو که خۆی دەرمان خواردوو دەکات. له شاخ خۆی بەردەداتەوه. خۆی دەم ئاوی چۆمی دەدا. گوڵچین بەمانەی نەزانیبوو. چ کاری بەوه دابوو. گرنگ لای ئەو ژن بۆ هیوا هێنان بوو. نازێش کەم بووکێک نابێ. له جوانیدا زۆر له دوای هیرۆ نییە. که واته زوڵمی لێ ناچێ. خەڵکیش ناتوانن هیچ بڵێن. کەس و کاری فەتاحیش کوێرایی‌یان به چاودا دێ .. نازێ نەیدەزانی ئەم ئێوارەیە خەسووی بۆ لەو قونەبانه چەقیوه و وەک منداڵۆچکه دار و هەلووک ساز دەکات. گوڵچین پێی سەیر بوو ئەم ئێوارەیە بۆ فەتاح ئامادەی ژوانی هەمیشەیی نەبووه. نەکا له نەخشەکەی بۆ ئیمشەو دڵخۆش نەبێ. هیوا ئەم ئێوارەیە له گشت ڕۆژێک زیاتر به تاسەی چوار قسه و دوو پێکەنینی نازێوه بوو.

- « کچەکەت سەرجێیی کوڕەکەم ناکا، مام ڕەحیم !.»
- « ناشوکری نەبێ کوڕی لێ نییە، خات گوڵچین.»
- « ئەی چار چییە ؟»
- « یا هیوا نازێ تەڵاق بدات و چەندەی پێ خۆشه پێوەی ببەستێتەوه یان....»
- « یان چی، مام ڕەحیم ؟»
- « ئەگەرچی زوڵم له هیرۆ و شەماڵ دەچێ و ئەوان به ژیانی خۆیان خەنین، بەڵام ناچار تەڵاق به تەڵاق دەکەین.»
- « بەڵام هیرۆی من ژنه و نازێی تۆ هێشتا کچه و بوخچەی نەکراوەیە..»

جوانەمایین پشت به شاخەکەدا شۆڕ دەبۆوه... ئێستا تەنیا یاڵه هاوریشمییه زەردە چێوییەکەی دیار بوو.

- « چۆن شتی وا دەبێ فەتاح ؟ چۆن شتی وا دەبێ ؟!»
- « ئەی چار چییە ؟ »
- « خەڵکی چیم پێ دەڵێن فەتاح ؟ گوڵی من ژاکاوه. بەڵام هی خەڵکی هێشتا خونچەیە... پارچه زەوییەکەی له مەڕ من... ئاخ، فەتاح... بەو حیسابه من دۆڕاوم. چەتیوەیەکی سرکی شێتۆکه ڕێسی ١٥ ساڵەی لێ کردوومەته خوری ... ئەمه له مردن گەلێ گرانترە...»

- « من تەڵاق به تەڵاق ناکەم. مەگەر... مام ڕەحیم سەرم دەدەم بەڵام داینانەوێنم.»
- « خات گوڵچین، ئەو پیلەیە، به منی دەگری و به خۆت..»
- « دەزانم. بەڵام چارم نییە. مام ڕەحیم. چارم نییە. ١٥ ساڵه دانم به جەرگمدا گرتووه. باش نێچیری گشت تیرێکی توانج و تەشەر و سەرکۆنه بووم. له هەمووان گرانتر، دەستم ناوەته بینی تاسه و ئاواتەکانم و قایم .. قایم.. گوشیومه و خنکاندوومه ...»
- « ئێستا چی دەڵێی ؟..»
- « ئێستا دەڵێم دەبێ وەک یەک دەرچین .»
- « ئەگەر پیاویشی لێ نەبێ ؟...»
- « ئەگەر پیاویشی لێ نەبێ.»

پێڵووی چاوی دنیا به ئارامی یەک هاتنەوه. شەو وەک ڕازێکی تاریک، ئەو ناوەشی له باوەش گرت. تەنیا دەنووکی چرا فتیلەکانی ئاوایی بوو که پێستی ئەو ڕازەیان کون کون دەکرد. له تەکیاندا کوانووی دەروونی

کۆنە بووکەکەی فەتاح بوو کە بڵێسەی دەساند.، بڵێسەیەکی برسی.. وەک گورگێکی برسی بەسەر دوندی شاخێکەوە. بە دەروونێکی پڕ لە حەزی بردن و خواردن. گورگ دەیهەوێ بژی.. تێر بژی ... کوا لە حاڵ و ڕۆژی نێچیری دەپرسێ ؟! گوڵچین هەڵیکردە ژوورەکە.. پێشتر ئەمری بە هیوا کردبوو، هەرکە شێوی کرد، بڕوا و لە سەر تەندوورەکە سەرێ نامرادی بنێتە سەر سەرینی خەونەکانی و بخەوێ ... مابوو نازێ. شۆخە کچێکی شووش بە جووتێ چاوی زیت و سرکەوە .. جووتێ کانیی گومان و دڕدۆنگی .. « بنوو جوانەکەم بنوو.. » نەیدەزانی نازێ ئیمشەو بۆ لە گوڵچینی نۆبووک دەچێ ؟!.. « بنوو کچی خۆم بنوو ..» ئیمشەو چەندە تاسەی هێرۆی دەکرد. هێرۆ ... وڵاتێکی داگیرکراو...« بنوو نازێ ...» چۆن دەبێ وابێ ؟! منداڵۆچکەیەک خانووی ١٥ ساڵەی برمێنێ ... هەروا بە سووک و ئاسانی ... لە لووتکەی ئارخەیانی گۆڕی کاتەوە ... سبحەینێ خەڵکی دەڵێن... ئاخ. چش لە قسەی خەڵکی. دەیزانی قسەی خەڵکی تەنیا بیانوویەکە .. ئەوەی گرنگە خۆیەتی ... دڵی خۆی .. ئاواتی خۆی .. مەراقەکانی خۆی ... ئەوەی لە سەر بەردەنوێژی کانیی گوڵەزەرد بە گوێی فەتاحدا دەیچرپێنێ...

- « فەتاح. نەمهێشت بدۆڕێم. هەتیوە بۆ وەڵامم نادەیتەوە ؟ نەمهێشت بدۆڕێم .. لامەسەب، بێدین... بۆ دەنگت دەرنایەت ؟ بۆ چاو لە چاوم نابڕی؟..» دەیزانی ئاسک خەوی سووکە. وا هەردوو دەستی بە کۆڵەکەکەوە بەستەوە کە خەونەکانی نەڕووشێ. پێیەکانیشی یەکەیەکە بە لاشیپانی دەرکەو پەنجەرەکەوە بەستەوە. بەڵام ئاسکۆڵە چاوی هەڵهێنا .. چۆن چاو هەڵناهێنێ ؟! خەیاڵیش بە ڕاگوزاری لە پشتێن بەرەژێری بدرایە چاوی هەڵدەهێنا... گلێنەکانی دەردەتۆقی .. ماوەیەک سەرسام دەبوو. ترس مستی بە قوڕگیدا دەکرد. هەزار ڕەنگی دەگۆڕی. هەر وەک ئێستا... ئەوسا نازێ قیژاندی .. پڕ بە قوڕگی.. پڕ بە دەروونی گوڵچین ... پڕ بە ژوورەکە و هەموو بۆشاییی ئەو شەوە تاریکە ... گوڵچین بەدەم ترس، دڵە کوتە و دەنگدانەوەی زریکەکە لە شاخ و دۆڵی مەراقەکانیدا، هەستایە سەر پێ. پەنجەرەی کردەوە. چڵە دارەکەی وەک چەکی دوا تاوان لە مستدا بوو.

- « ئێستا وەک یەک دەرچووین، مام ڕەحیم.»

شەو، ئەو ڕازە تاریکە، چڵەداری هەڵلووشی....

بانە

١٣٧١/٨/٨

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



16

Winter 1993